

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دووبارە دۆزینەوەی پایەی دووەمی ئیسلام

پوختەی کتێبی (إدارة الصلاة)

ئەحمەد بەسام ساعی
و: حسێن محەمەد ئیبراهیم

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٥٧)

منتدى إقرأ الثقافي

ـەد بەسام ساعی

ووی ١٩٤١ لە سوریا، لازقیە.

لە ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی قاهیرە.

تا بووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد.

ینەری ئەکادیمیای ئۆکسفۆردە بۆ

ی بالا.

لەچەندین دامەزراوە و سەنتەری زانستی.

ی چەندین دانیراوە لە بوارەکانی ئەدەب و

ر شیعر و رۆشنبیری ئیسلامیی.

ازەترین کتێبەکانی (المعجزة؛ إعادة

لإعجاز اللغوي في القرآن الكريم).

ێن محەمەد ئیبراهیم

یکبووی ١٩٧٧.

ورا لە بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی.

ەنی پتر لە دە توێژینەوەی زانستیی.

دامی بۆردی سەنتەری زەهاوی بۆ

ینەوەی فیکریی.

فیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی.



دووبـارە دۆزینەوەی پـایەی دووەمی ئیسلام

پوختەی کتێبی (إدارة الصلاة)

دووبـارە دۆزینەوەی پایەی دووەمی ئیسلام

پوختەی کتێبی (إدارة الصلاة)

نووسینی/ ئەحمەد بەسام ساعی

وەرگێڕان/ حسێن محەمەد ئیبراهیم

٢٠١٧

دووبارە دۆزینەوەی پایەی دووەمی ئیسلام
پوختەی کتێبی (إدارة الصلاة)

.....

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٥٧)

- نووسینی: ئەحمەد بەسام ساعی.
- وەرگێڕانی: حسێن محەمەد ئیبراهیم.
- بابەت: ئایینی.
- دیزاین: رەوشت محەمەد.
- چاپ: یەکەم ٢٠١٧.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٩٢٨)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە.

ناوەڕۆك

نزایەك ٧
وادەیەك لەگەڵ خودا ٩
بۆچی نوێژ قورسە لەسەر شان "وإنها لكبيرة" ١٦
گەشت لە واجبەوە بەرەو حەقیقەت ١٨
سنوورەكانی نێوان (ئەرك ـ الواجب) و (ماف ـ الحق) ٢١
چێژی هەستان بۆ نوێژ ٢٤
چێژی خۆڕاگری (الاصطبار) ٢٨
نوێژ قوتابخانەی ئارامگرتنە ٣٠
بۆچی نوێژ دەكەین؟ ٣٥
نوێژ جارێكی تر بەرنامەمان بۆ دادەبەزێنێتەوە ٣٦
ئاوازی نوێژ و ئاوازی ژیان ٤٧
جۆراوجۆری: قوتابخانەی شارستانی یەكەم ٥٠
گرنگی جۆراوجۆری بۆ ملكەچی و ئاگا لەخۆبوون لە نوێژدا ٥٣
گۆڕانكاری لە شێواز و جوڵەكان.. بۆچی؟ ٥٥
بانگدان و "دە" سەرسوڕهێنەرەكانی ٥٧
هەردوو دەستنوێژەكە ٦٥
نوێژی جەماعەت: نهێنی شارستانی ٧١
وتاری هەینی: خولی گەشەپێدان و پێشكەوتن ٨٢
لێرەوە دەست پێدەكەین ٨٧
پێنج هێڵەكان بۆ نوێژ ٩٢

کلیلی سووری ژمـاره (١): الله أکـبر ١٠٢
له نێوان خوێندنەوه و بەدوادا خوێندنەوەدا (بين القراءة والتلاوة) ١٠٤
زمانه نوێیەکەی قورئان ١٠٦
زمانه کراوەکه و پانتاییه سەوزەکه ١٠٩
پۆڵی سورەتی فاتیحه و خوێندنەوەی قورئان ١١٠
ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم) ١١٣
الرحمن الرحيم ١١٩
کلیلی سووری ژمارە (٢): إياك نعبد و إيـاك نستعـين ١٢١
وێستگەکانی درێژکردنەوە (المدّ) ١٢٩
ناوەندگیری ڕکووع و سوژدەکان ١٣١
کلیلی سووری (٣) التحيات لله – سڵاوی ڕێـزدارانه بۆ خودا ١٣٦
کلیلی سووری ژمارە (٤) السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين ١٤٠
لەگەڵ دانیشتنێك بۆ دوعا و وێردەکان ١٤٢
پەسمەندە – الرصيد ١٤٤
خشتەی ئەوەی دەستتکەوتون له گەوهەرەکانی نوێژ ١٤٨
خـشتەی ئەو گەوهەرانەی لەدەستت داون له گەوهەرەکانی نوێژ ١٥٢
با زیانت هەمووی نوێژ بێت ١٥٤

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

نزایەك[1]

خوایە گیان تۆ دەزانی من مەبەستم لەم لاپەرە نوسینانە و بەدڵداهاتنانەم هیچ شتێك نەبووە تەنها تۆ و رۆژی دوایی نەبێت، کاتێك کە رووم کردۆتە تۆ بە زمانە مرۆڤانەییە لاوازە سنووردارەکەی خۆم، چونکە هەر ئەو وشە سادە و کەمانە شك دەبەم کە وتوویژی پێدەکەم لەگەڵ مرۆڤە ئاساییەکان، کە هەرگیز ناگەنە ئاستی وتوویژکردن لەگەڵ زاتی بەرز و بەڕێزی تۆ، ناتوانن بەتەواویی لە گەورەیی و بەرزیی تۆ تێبگەن و باسی بکەن. ئەگەر ئەم وشانەم بەهەڵەیان بردم لەم کتێبەدا، ئەوا لە ڕێی گەیشتن بە تۆ تووشی هەڵە بووم، ئەگەر لە پێکاندا بەهەڵەدا چووم، یان زمانم لە ڕێگا لایدا، ئەوە تۆ بۆخۆت دەزانی لە سەرەتا و کۆتاییشدا کە من هیچ ئامانجێکم نەبوو تەنها گەیشتن نەبێت بە حەقیقەتی ئەوەی تۆ دەتەوێت، بەڵام ئێمەی مرۆڤ لەکوێ دەتوانین میچی ئامانجی کارە جوانەکانت دەرك پێبکەین، لە نهێنیەکانی ئەو نیگا و سروشانە تێبگەین کە لەگەڵ پێغەمبەری خۆتدا (درووی خودای لەسەر بێت) کردوتن لە میعراجە مەزنەکەیدا کاتێك کە فەرمانە پیرۆزەکانی تۆی وەردەگرت بە واجبکردنی پێنج نوێژە فەرزەکان، ئەویش لەگەڵ خۆیدا بۆمانی

---

[1] ئەم نزایە لە کورتکراوەی نوسخە عەرەبیەکەدا نەهاتووە، بەڵکو لەنوسخە تەواوەکەدایە، وەرگێڕ بەپێویست و شیاوی زانی لەدەقە کوردییەکەدا هەبێت.

هێنایەوە بۆ سەر زەوی بەو هەموو گەوهەرە تاقانانەوە و بەو هەموو وردەکاری و نهێنیانەوە.

خوایە گیان ئەوەی کە پێکام لەم کتێبەدا ئەوە پاداشتم بدەرەوە بە چاکترین ئەو پاداشتانەی کە دەیبەخشیت بە پیاوە صالّحەکانی خۆت، ئەوەی کە هەڵەشم کرد تیایدا لە بیرکردنەوە و پێوانە و ڕاڤەکردن و گوزارشتەکانم کە بەشێوەیەک زمانە لاوازەکەم پەلەی پێکردم لە هەڵە لە دەربڕینی ڕاستگۆییم بۆ بەگەورەزانین و بەرزیی تۆ، قەڵەمەکەم ناشوێنبەجێیی نووسی و نەیتوانی بمگەیەنێتە ئاسمانی کاربەجێیی تۆ، ئەوە تۆ پاداشتم بدەرەوە لەسەر ئەوەش، چونکە بۆخۆت دەزانی کە من تەنها ویستومە سوود لە ڕووناکی ڕێنموویی ڕێگە ڕاستەکەی تۆ وەربگرم، بەشی خۆم بپچڕم لە سەرچاوەی کانیاوەکانی بەزەیی تۆ کە هەتە بەرامبەر بە بوونەوەرەکان، تۆ هەموو کات لێبوردە و لێخۆشبووێت و بەندەکانت زۆر خۆش دەوێت و بەخشندەی لەگەڵیان و لە هەموو بەڕەحمەکان بەڕەحمترێ.

ئەو کەسەی هەمووکات خۆی دەپارێزێت بەڕەحمەتی تۆ

دانیشتووی ئۆکسفۆرد

ئەحمەد بەسام ساعی

وادەیەک لەگەڵ خودا

پێی وتم بەسەرسوڕمانیەوە: بەڕێوەبردنی نوێژ- إدارة الصلاة؟! وتم: ئەگەر مرۆڤەکان ئیدارە و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دنیایان بخوێنن بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە وەبەرهێنان بکەن تیایدا و بۆ چنینەوەی ئەوەی لە توانایاندایە لە قازانج، بۆچی نا کە ئەم کردەوەیە قازانجی نەبڕاوەیە و ئەو خەڵاتەیە کە کەم ناکات؟ ئایا هیچ کردەوەیەکی شایستەتر هەیە کە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و باشتر بەڕێوەببرێت و پاشەکەوتی تێدا بکرێت لە کارێکی ناوازەی وەک نوێژ کە مەبەست لێی چنینەوەی خێرەکانی دنیا و پاشەڕۆژە بەیەکەوە؟

جارێکیان وا ڕێکەوت لە ڕۆژێکی ڕەمەزانیدا یانەی خوێنکارە سعودیەکانی شاری ئوکسفۆرد بانگهێشتیان کردم بۆ پێشکەشکردنی وانەیەک پێش ڕۆژوو شکاندن، منیش بڕیارمدا باسەکەم بۆیان قسەکردن لەبارەی (بەڕێوەبردنی نوێژ – إدارة الصلاة)ەوە بێت. لەکاتی دیاریکراودا چوومە شوێنی پێشکەشکردنی وانەکە و پەڕەیەکم بەدەستەوە بوو، کە دوو ئایەت و دوو فەرموودەم تیایدا تۆمار کردبوو سەبارەت بە نوێژ، سەلامێکی ئاساییم لێکردن و پەڕەکەم کردەوە و بەخێراییەکی زۆرەوە ئەو شتانەی تیایدا نوسیبووم بۆم خوێندنەوە، بەشێوەیەک کە زۆربەی ئەوەی خوێندمەوە تێی نەگەیشتن، لە یەک خولەکدا لە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی پەڕەکە بوومەوە و خێرا پێچامەوە و دەستمکرد بە ڕۆیشتن و وتم: داوای لێبوردن لە خێراییەکەم دەکەم، بەڵام ناچارم هەر ئێستا کە بەجێتان بهێڵم، چونکە من وادەیەکی ترم هەیە لەگەڵ خەڵکانێک کە زۆر لە ئێوە گرنگترن لەلام.. خوداتان لەگەڵ، پاشان جامتاکەم هەڵگرت و بەرەو دەرگا هەنگاوم نا، بە تیلەی چاوم هەستم بە سەرسوڕمانێک دەکرد کە زمانیانی بەستبوو، لە دەموچاویاندا تێکەڵەیەک لە گلەیی و سەرسوڕمان و باوەڕنەکردنم دەخوێندەوە، بەڵکو ناڕەزایی و بەکەم زانینیانم هەست پێکرد.

ئەوە هەڵوێست و پەرچەکرداری راستەوخۆی مرۆڤە لە بەرامبەر هەڵسوکەوتێکی نەشیاو و بێ ئەدەبانە لە رووی ئەوانەی چاوەڕێی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا دەکەن، ئەی باشە تێڕوانینتان چۆنە سەبارەت بە هەڵوێست و وەڵامی خودایی کە ئەم کارە نەشیاوە دەرحەق بە ئەو بکرێت؟

پاش چەند چرکەیەک گەڕامەوە لای خوێندکارەکان بۆ ئەوەی پۆزش بێنمەوە بۆ ئەو هەڵوێستەم و وتم: ئایا ئێوە تووڕەن لە من؟ باشە من یەکجار ئەم هەڵوێستەم نواند لەگەڵ ئێوە، وا ئێستا من هاتمەوە داوای لێبوردن دەکەم لێتان، بەڵام دەزانن ئێمە هەموو رۆژێك پێنج جار ئەم کارە لەگەڵ خوادا دەکەین و داوای لێبوردن ناکەین و پەشیمانیش نابینەوە.

چەند هەڵێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، چ وادەیەکی گەورەیە، چ بۆنەیەکی بەخشندەیە لەدەست خۆتی دەدەیت و بەچروکیی کاتەکانی خۆت بەرامبەر بەخودا دەبەخشیت، نوێژێکی بەم شێوەیە دەکەیت لەبەردەستیدا، ئەگەر بگونجێ پێی بڵێین نوێژ؟ ئایا ئەوەتان رەچاوکرد کە من ئایەت و فەرموودەکانم لەو پەڕەیە خوێندەوە بەسەر خوێندکارە سعودیەکان کە پێم بوو، نەك لەبەرم بێ؟ کامیان کاریگەرترە لەسەر بیسەران: لە پەڕە بیخوینیتەوە، یان لەبەرت بێ؟ ئێمە زۆر جار ئایەتەکانی ناو نوێژ وادەخوێنین وەك ئەوەی لەبەر پەرە بیخوێنین، ئەوە خوێندنەوەیە کە لە زمانمان دەردەچێت نەك لە دڵمان، چەند جیاوازە نوێژەکان بە زمان بخوێنین لەگەڵ ئەوەی کە بەدڵ بیخوێنین.

چ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەورەیە خودای گەورە لەسەر خوانێکی زێڕین پێشکەشی کردووین؟ ئێمەش تۆپی دەدەین و بەگرنگی نازانین تا مایەپووچ دەردەچین لێی و هیچ شتێکمان دەست ناکەوێت؟ ئەگەر ئێمە لۆژیکیانە بین لەگەڵ خۆمان و بڕوانینە ئەم جۆرە سڵاو و نوێژکردنانە لە رەتکردنەوە و بەکەم زانین و پشتهەڵکردن نەبێت هیچی تر ناگەیەنن، بەڵکو لە گاڵتەکردنەوە نزیکترە نەك سڵاو و

نوێژکردن، جا لەگەڵ کێش؟! لەگەڵ ئەو خودا مەزنە.

زۆر پێویستە جارێکی تر خۆمان و پەرستشەکانمان و چواردەورمان بدۆزینەوە، جارێکی تر خوێندنەوەیان بۆ بکەینەوە، کێ و کوڕەکانمان لەسەر پەیڕەوێکی فیکریی بنیات بنێیین کە یارمەتییان بدات لەسەر دۆزینەوەی چواردەوریان، تەنانەت لە داهێنانەکانی چواردەوریشیان، ئەگەر بمانەوێت سنووری ریزەکانی چاولێکەران و سەرکێڵەکان بەجێبێڵن و بڕۆنە ناو ریزی بیرمەندان و نوێگەران.

بیرمدێت لە کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوو کاتێك من لە تەمەنی حەوت یا هەشت سالاندا بووم کاتێك دایکم (ڕەحمەتی خودای لەسەر) لە سەردانی یەکێك لە خێزانە هاوڕێ گاورەکانی گەڕایەوە کە لە شاری لازیقییە دەژیان، هاتبووەوە، باسی "رادیۆیەکی سەیر"ی بۆ دەکردین کە کوڕەکەیان لە فەرەنساوە هێنابوویەوە، لە دوای ئەوەی کە خوێندنی لەوێ تەواو کردبوو، دایکم هەندێ وشەی فەرموو قەت لە بیرم ناچنەوە، دەیوت: ئەم رادیۆیە دەرگایەکی هەیە لەڕووی پێشەوەی دەتوانی ئەو مرۆڤە ببینیت کە قسەت بۆ دەکات!..

نەمتوانی ئەو شەوە بخەوم، چونکە بیرم لەو بێژەرە داماوە دەکردەوە کە خزاندویانەتە ناو ئەو سندوقی رادیۆیە بچوکەوە و دەرگایان لەسەر داخستووە: باشە چۆن توانیویانە بیخەنە ناوی؟ ڕەنگە گەڕابن یەکێکی لاشە بچوکیان هەڵبژاردبێت بۆ ئەم کارە بۆ ئەوەی لە سندوقەکەدا جێگەی ببێتەوە؟ باشە، بەڵام ئەو داماوە چۆن دەتوانێت ئەوە بکات؟ .. ئەوە بکات؟.. هتد داوای لێبوردن دەکەم، من بەم شێوەیە بووم کاتێك کە منداڵێکی بچوك بووم و بەم شێوەیە بیرم دەکردەوە، باشە ئەم بێژەرە داماوە چۆن دەتوانێت بڕوات بۆ دەست بەئاو گەیاندن؟ لە کوێ ئەم کارە دەکات؟ دەیان بەڵکو دەتوانم بڵێم سەدان پرسیاری لەو جۆرە کە بۆم دروست بووبوو نەیهێشت ئەو شەوە بخەوم، پاشانیش تا ماوەیەکی زۆر لە مێشکمدا دەهات و دەچوو، هەر بیرم لێدەکردەوە، تا دوایی بۆم

دەرکەوت کە ئەمە "تەلەفیزیۆنە".

منداڵەکانی ئێمە ئەمڕۆ کە لەدایک دەبن، رادیۆ و تەلەفیزیۆن و تەلەفون و مۆبایل و کۆمپیوتەر و سیدی و مانگی دەستکرد و تەیارە و سەیارە و جۆرەها ئامێری کارەبایی سەیر لە ماڵەوە و دەرەوەیاندا لەبەردەمیاندایە، هەرگیز بیر لە گەورەیی ئەم داهێنان و دۆزراوانە ناکەنەوە، بیر لە گەورەیی ئەو کەسانە ناکەنەوە کە دایانهێناون و دۆزیویانەتەوە، بیر لە گەورەیی ئەو ساتە وەختە ناکەنەوە کە ئەو ئامێرانەی تێدا دۆزراونەتەوە بۆ ئێمە، زۆر پێویستە رایانابهێنین لەسەر دوبارە دەرککردن بە گەورەیی دۆزینەوەی ئەم شتانە، گەورەیی ئەو کەسانەی دۆزیویانەتەوە، بۆ ئەوەی ئەم کارە پێشڕەویان بکات بۆ جارێکی تر دۆزینەوەی گەورەیی بنیاتنەرەکەی خۆیان لە دروستکردنی خۆیان و چواردەوریاندا، بۆ ئەوەی پێشەنگیان بێت بۆ دۆزینەوەی دینەکەیان و پەرستشەکانیان و تەپوتۆزی راهاتن و عادەتکردن و دوبارەبوونەوە بتەکێنن لەو شتانە، بۆ ئەوەی هەموو کات تازەبن لە چاویاندا بە شێوەیەک کە وا هەست بکەن یەکەمجارە ئەنجامی دەدەن یان دەیناسن، بەم شێوەیە قورئان دەیەوێت پەروەردەمان بکات و رامان بهێنێت، ئەگەر ئێمە خۆمان بە ئەهلی قورئان بزانین، رامان دەهێنێت لەسەر دووبارە دۆزینەوە لە زۆرێک لە ئایەتەکان، وەک دەفەرموێ:

- ﴿الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (٣) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾ {الملك: ٣-٤}، واتە: (هەر ئەو قاتە ئاسمانەکانی بە حەوت چین دروستکردووە، لە نێو بەدیهێنراوەکانی ئەو خوای میهرەبانەدا هیچ ناڕێکی و ناتەواوییەک بەدی ناکەیت، ئەی ئینسان: هەر چاو بگێڕە و سەرنج بدە بزانە هیچ درز و کەموکوڕییەک بەدی دەکەیت؟! پاشان سەرنج بدە و چاو بگێڕە و وردبەرەوە جار لەدوای جار و کۆڵ مەدە سەرسام و ملکەچ دەبیت چاوت بە نائومێدی

دەگێڕێتەوە لەکاتێکدا کە چاوت ماندووە و پەکی کەوتووە).

- ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صَافَّاتٍ وَيَقْبِضْنَ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا الرَّحْمَنُ﴾ {الملك: ١٩}. واتە: (ئایا سەرنجی باڵندەتان نەداوە بەسەرتانەوە پۆل پۆل دەفڕن و باڵەکانیان لێکدەنێن، ئەو باڵندانە جگە لە خوای میهرەبان کەس بە ئاسمانەوە ڕاگیریان ناکات).

- ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ غَوْرًا فَمَنْ يَأْتِيكُمْ بِمَاءٍ مَعِينٍ﴾ {الملك: ٣٠}. واتە: (پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ باشە ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو، کێ دەتوانێت ئاوی سازگار و ڕەوانتان بۆ بەدەست بهێنێت؟!).

ئەم پەیڕەوە قورئانییە زۆربەی سورەت و ئایەتەکان ڕێك دەخات، ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر ئەم پەیڕەوە دروست دەبێت هەموو کات خۆی بەشێوەیەك دەبینێ کە خۆی و چواردەورەکەی لە حاڵەتی خۆدۆزینەوەی بەردەوامدایە، کەواتە هەموو دەم لە حاڵەتێکی پێشکەوتوویی ژیاریی و ئیمانی بەردەوامدا دەبێت و نەوە لەدوای نەوە هەروا دەمێنێتەوە، لەڕاستیدا ئێمە بانگهێشت کراوین هەموو بەیانیەك چاویلکەیەکی تازەی بەکارنەهاتوو لەچاو بکەین، بۆ ئەوەی لە ڕێیەوە سەیری خۆمان و جیهانی چواردەورمانی پێبکەین، بەشێوەیەك وەك ئەوەی کە یەکەمجارە دەیبینین، دەزانن بەم شێوە نواڕینە بەم چاویلکە نوێیانە چەند نزیك دەبینەوە لە خودای مەزن؟.

لەڕاستیدا لە ژیانی گشتی ئێمەدا، لە دامەزراوە پەروەردەییەکانماندا کۆمەڵێك بابەت و بەشی جیاجیای پەیوەست بە زانستی کارگێڕی و بەڕێوەبردن هەن و بڵاون کە گرنگی دەدەن بە لێکۆڵینەوە لە باشترین ڕێگا بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژە پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەییەکاندا، بەڵکو گرنگی دەدەن بە سوودوەرگرتن لە هەموو شتێك کە قازانج و سوود بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکات، سوودی تایبەتی بێت یان گشتی، ئایا ئێمە هیچ کات بیرمان لەوە کردۆتەوە

هەوڵ بدەین بابەتێك یان بەشێك یان تایبەتمەندیەك دابمەزرێنین لە قوتابخانە و زانكۆ و پەیمانگاكانماندا كە ببێتە هۆی سوودگەیاندن و وەبەرهێنانێكی وا كە لە هەموو ئەو پرۆژانە باشتر بێت كە باسمانكردن و سوودبەخشتر و بەردەوامتر بێت و قازانج و بەروبومەكەی زامنتر بێت، بۆ دنیا و قیامەت خێردارتر و بەهرەدارتر بێت؟ بەشێوەیەك بێت كە هۆكارێكی سەرەكی بێت لە سەركەوتنمان لە هەموو پرۆژە دنیاییەكانیشماندا؟ ئەویش بەڕێوەبردنی پەرستشەكانمانە بەشێوەیەكی باش، دۆزینەوە و كاراكردنەوەیانە جارێكی تر، لەسەرو هەمووشیانەوە نوێژكردن؟ كە بەڕاستی وادەیە لەگەڵ خوادا، بەڵام چ وادەیەك! بەڕاستی نوێژ، پەرستشێكە لە چڵەپۆپەی پەرستشەكانە، یان بڵێین لە چڵەپۆپەی وەبەرهێنانە دنیاییە— دواڕۆژیەكانمانە، پێت سەیر نەبێت كە جیهاد و تێكۆشان لە پێناوی خوادا، ئەو فەرزە پڕ لە بەخشین و قوربانی و ماندووبوونە ترسناكە لە پلەی یەكەمی پەرستشەكان و لە پلەی دووەمیشدا نەهاتووە لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بەڵكو لە پلەی سێیەمدا هاتووە، لە پێشیەوە چاكە كردن لەگەڵ دایك و باوك هەیە، لەپێش هەردووكیانەوە نوێژكردنە لە كاتە دیارەكانی خۆیاندا:

ـ عن عَبدُ اللهِ بن مسعودٍ (رضيَ اللهُ عَنهُ) قال: سَألتُ رَسولَ اللهِ (صلّى اللهُ عَلَيهِ وَسلّم) أيُّ الأعْمالِ أحَبُّ إلى اللهِ؟ قال: ((الصَّلاةُ عَلى وَقتِها))، قُلتُ: ثم أي؟ قال ((ثمّ برّ الوالدين))، قلت: ثم أي؟ قال: ((ثم الجهاد في سبيل الله)). {رواه مسلم}.

واتە: (لە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعودەوە (رەزای خودای لەسەر) گێڕدراوەتەوە دەفەرموێ: پرسیارم كرد لە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر): چ كردەوەیەك لە هەموو كردەوەیەك باشترە؟ فەرمووی: "نوێژكردن لە كاتەكانی خۆیدا"، وتم ئەی دوا ئەو؟ فەرمووی: "چاكەكردن لەگەڵ دایك و باوك"، وتم ئەی دوا ئەو؟ فەرمووی: "تێكۆشان لەپێناوی خوادا).

بەڕاستی فەرمودەیەكی سەرسوڕهێنەرە، ئەگەرچی زۆربەمان واڕاهاتووین

بەخێرایی تێپەڕین بەسەریدا، نوێژکردن لە جیهاد و تێکۆشان گەورەتر و گرنگتر بێت لە ڕووی ئارامیی و فەزل و پاداشتەوە بەچەند قاتیش گەورەتر و خێردارتر، بەڕاستی ئەمە بابەتێکە پێویستە ئێمە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، بەتایبەت کاتێک خوای گەورە ناوزەدی دەکات بەوەی کە (إنها لكبيرةٌ) واتە بەڕاستی نوێژکردن قورس و گەورەیە لە سەرشانتان، بەڵام (خاشعين – ملکەچان)ی جیاکردۆتەوە، واتە ئەوان بە قورس و گەورە نایبینن لە سەرشانی خۆیان، چونکە ئەوان بە ملکەچییان لە نوێژەکانیاندا تام و لەزەت و ئارامیی و ئیسراحەت دەنۆشن و هەستی پێدەکەن، ئەو دیوارە پۆڵاییەیان بۆ دروست دەبێت کە پشتی پێدەبەستن لە ژیانیاندا، بەڵکو لەگەڵ ئەو پەیوەستبوونە بە ملکەچی و ئارامیی و لەسەرخۆییە لە خوێندن و هەستان و دانیشتن و جوڵە و بیرکرنەوە و ئاویتەبوونە خەیاڵییەدا دەتوانین بڵێین نوێژ قوتابخانەیەکی ڕۆحییە بۆ خۆڕاهێنان لەسەر ئارامگرتن و تەرکیزکردنی دەروونی و بێدەنگی و ملکەچی و قەبوڵکردنی بەرامبەر بەشێوەیەکی جوان و جوان گوێگرتن لێی و ئارامی جەستە و پەلەنەکردن و هەڵوێستەکردن لەسەر بڕیاردان و میانڕەویی لە بیروبۆچوون و هەڵوێستەکاندا و نەڕۆیشتن بەرەو پەڕگیری (التطرف) لە ئەحکامەکاندا و ژیرانە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک و ژیاندا، جێگەی سەرسوڕمان نییە کە خودای گەورە لە چەندین ئایەتدا نوێژی پەیوەست کردووە بە ئارامی (صبر)وە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ﴾ {البقرة: ٤٥} واتە: (ئێوە پشت ببەستن بە ئارامگرتن و نوێژکردن، بەڕاستی نوێژ ئەرکێکی گەورە و گرانە، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بەخۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن).

- ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾ {طه: ١٣٢}. واتە: (فەرمانبدە بە هەموو تاکەکانی خێزانەکەت تا نوێژەکەیان بەچاکیی ئەنجام بدەن، بەردەوام و کۆڵنەدەر و خۆڕاگر ببە لەسەری).

بۆچی نوێژ قورسە لەسەر شان "وإنها لكبيرة"

نوێژ بۆچی؟

بۆچی (وادە – موعد)ەکانمان هەڵدەوەشێنینەوە؟ بۆ واز لە سەرقاڵیەکانمان دەهێنین؟ واز لە بازرگانیکردنەکانمان دەهێنین، هەموو کارە دنیاییە رۆژانەکانمان پلەی گرنگیەکەی هەرچەند بێت هەڵیدەپەسێرین بۆ ئەوەی بچین بۆ نوێژ؟

بۆچی پێغەمبەری خودا نوێژکردنی کردووە بە جیاکەرەوەی نێوان ئیمان و کوفر؟ بۆچی ئاگادارکردنەوە و جەخت کردنەوە لەسەر نوێژ لە کۆتا فەرمایشتەکانی پێغەمبەر بوو لە سەرەمەرگدا و دەیفەرموو (الله الله في الصلاة، الله الله في الصلاة)؟

ئایا نوێژکردن لە بنەڕەتدا سزایە، یان پاداشت؟ لە چ رووبەکەوە قورسە؟ ئەگەر قورسی تێدایە، ئەی تام و چێژەکەی لە کوێدایە؟ ئەگەر تام و چێژی تێدایە، بۆ لەو کاتانەدان؟ بۆچی بەم شێوازی هەستان و جوڵان و ژمارەی رکاتانەن؟ بۆ بەم دەق و خوێندنەوانەن؟ بۆچی نوێژ لە هەموو ئاینەکاندا هەیە؟ بۆچی گەورەترە لە جیهاد و تێکۆشان و فیداکاری بە ڕۆح و گیان لە مەیدانەکانی شەڕدا، بەشێوەیەک لەلای خودا و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ئەو پێگە گەورەیە ترسناکەی هەیە؟!

پێویستە من دان بەوەدا بنێم کە من پەنجا ساڵ بەبەردەوامی نوێژم کرد پێش ئەوەی بۆم دەرکەوێت کە من بەهۆی نوێژەوە خاوەنی گەورەترین پڕۆژەی بازرگانیم کە خودای گەورە پەسمەندەی خۆی لە حیسابە بانکیەکەی منداناوە بۆ ئەوەی بتوانم وەبەرهێنانی پێبکەم، پێویستە لەسەرم کۆشش بکەم بۆ هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا بۆ بەڕێوەبردن و بەکارخستنی بەشێوەیەک بتوانم بە زۆرترین و گەورەترین قازانج و بەروبووم و مەزنترین تام و چێژەوە دەربچم، کە مرۆڤەکان ئاواتی پێبخوازن لەسەر ئەم زەویيە.

ئەگەر بەختت بووبێت جارێك هەڵكەوتبێت ئامادەی شەڕێك بووبیت لە نێوان دوو کۆمەڵە مێرووڵە لەسەر پارچە شیرینیەك، هەر لایەکیان دەیەوێت بۆخۆی ببات، ئەویان دەچێتە سەر پشتی ئەویتر و ئەوی تر چرنوکە بچوکەکانی دەخاتە ناو پێیەکانی ئەوی ترەوە دەیەوێت ببپچڕپنێت و نەهێڵێت بگاتە پارچە شیرینیەکە، یەکێکی تر دەیەوێت زاڵ بێت بەسەر ئەوی تردا.. هتد، لەو کاتەدا بێگومان بەپێکەنینەوە رادەوەستیت بەدیاریانەوە و حەز بە ئەنجامی ئەو شەڕە سەیرە دەکەیت لە نێوان ئەو دوو سوپا بچووکەدا، لەسەر چی؟ لەسەر پارچە شیرینیەکی بێ نرخ، کە هیچ ناکات..

ئەگەر نوێژێکی راست و تەواوت کرد، نوێژێك هەستت کرد لەگەڵیدا بەرزدەبیتەوە لە دنیادا و دەگەیت بە خودای مەزن، پاشان لەو بەرزیە بڵندەوە سەیری خوار خۆت دەکەیت، کە بە نوێژکردنەوە بەجێتهێشت.. ئەو کات هەموو خوار خۆت دەبینی چی تێدایە، چەندە گەورە بێت لەو بەرزیەوە بچووکە و کەم و بێنرخە و خەریکە بە چاوی ئاسایی نەبینرێت، ئەو کات بۆت دەردەکەوێت کە ئەو پارچە شیرینییەی کە مێرووڵەکان شەڕیان بوو لەسەری هیچ نییە تەنها ئەو دنیا بێنرخە نەبێت کە تۆ لە ئاسمانەوە ئاوا بەبچووکی دەتبینی، ئەو مێرووڵە گەمژە بچووکانەی کە شەڕیان بوو خۆیان دەفەوتاند لەپێناو ئەو پارچە شیرینییە، ئەوانە هاوشێوەی تۆ و کۆمەڵێك مرۆڤن کە دژایەتیان دەکەیت و دژایەتیت دەکەن و شەڕدەکەن بەیەکەوە و تۆ زاڵدەبیت بەسەریاندا و پارچە شیرینیەکە بەدەست دێنیت یان ئەوان زاڵدەبن و پارچە شیرینیەکە وەدەست دێنن..

گەشت لە واجبەوە بەرەو حەقیقەت

بەڵێ سەرەتا نوێژکردن لە شەریعەتی ئێمەدا بە واجببوون دەستپێدەکات، وەک لە فەرمودەی پێغەمبەردا (درووەدی خودای لەسەر) هاتووە: ((مُرُوا أولادَكُم بِالصّلاةِ إذا بَلَغوا سَبعًا واضرِبوهُم عَليها إذا بَلَغوا عَشرًا)) {رواه أحمد عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده}.

واتە: (هانی منداڵەکانتان بدەن لەسەر نوێژکردن ئەگەر بوون بە حەوت ساڵ، لە کەمتەرخەمیکردن تیابیدا لێیان بدەن ئەگەر بوون بە دە ساڵان)، هەر لەبەرئەوەشە دەفەرموێ: ((بَينَ الرّجُلِ وبَينَ الكُفرِ تَركُ الصّلاةِ)) {رواه مسلم عن جابر بن عبد الله}.

واتە: (لە نێوان مرۆڤ و کوفردا وازهێنانە لە نوێژ).

بەڵام ئەم واجبە لە قۆناغەکانی دوایی لە تەمەنی مرۆڤدا وەک خۆی نامێنێتەوە، کاتێک کە منداڵ گەورە دەبێت و لە گاڵتە و بەرگی منداڵی دەردەچێت و هەست بە سروشتی نوێژکردن دەکات، هەست بە گرنگی کردنەوەی ئەو دەروازە گەرم و گوڕە دەکات کە دەیکاتەوە لەگەڵ خودای خۆی، ئەو کات وردە وردە تێگەیشتنی بۆ چەمکی (واجب)ی نوێژ بەرەو دوواوە دێت، لە جێگەیدا وردە وردە چەمکی حەقیقەت جێگەی دەگرێتەوە.

ئایا بینیوتە چۆن ئێمە زۆر لە منداڵ دەکەین بۆ خواردنی دەرمانەکانی کاتێک نایەوێت بیخوات؟ بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا لەگەڵ گەورەبوونی منداڵ وردە وردە و بوونی بە پیاو، یان بە ژن، دەبینین دەستەواژەی "دەرمان" لە پێویستبوون و واجبەوە دەگۆڕدرێ لە لای بۆ قۆناغی واقیعی بوون و حەقیقەت، ئیتر وای لێدێت بەتەواوی هەست دەکات کە لەو دەرمانەدا پزگاربوونی رۆح و گێڕانەوەی لەشساغی هەیە.

بیر بکەرەوە، ئەگەر تۆ بتەوێت خانوویەکی گەورە بەکرێ بگریت کە زۆر دڵت پێوەیەتی، جوانیەکەی سەرسامی کردووبت و فراوانی و خۆشی شوێنەکەی و

عەجایبی ئەساس و کەلوپەلەکانی ناوی زۆر کاریگەری لەسەرت داناوە، کاتێك خۆت پەکلا دەکەیتەوە بۆ بەکرێگرتنی و بڕیار دەدەیت و لەگەڵ خاوەنەکەی دەست دەکەیت بە دانوستان و وتوێژ لەسەر نرخی بەکرێگرتنەکەی، ئەوەی کە چاوەڕواننەکراوە بۆ تۆ ئەوەیە خاوەنەکەی بڵێت: کرێکەی لە لای من ئەوەیە جەنابت پێنج ژەم لەسەر حیسابی من پێنج بەشەخۆراکی خۆش و بەتام بخۆیت، من هیچ شتێك زیاتر یان کەمترم لە تۆ ناوێت بۆ کرێی ئەم خانووە!

ئەمە چ دەرخستەیەکی بەخشندانەیە؟! پێتان وایە شتی وا ڕووبدات؟ بەڵێ ئەوە ئەو دەرخستە خوداییەیە کە بۆ ئێمەی داناوە بۆ ئەوەی لەسەر زەویەکەی ئەو جێنشین بین، لە خێروبێرەکەی بەهرەمەند ببین و لینگمانی لێ دڕێژ بکەین بەتێروتەسەلی بژین تیایدا و بەشداری بکەین لە ئاوەدانکردنەوەیدا.

ئایا ستەم ناکەین لە خۆمان کە بەشێك لە کاتەکانمان نەدەین بەو پێنج نوێژە ڕۆژانەیە، بەقەدەر ئەوەی دەیدەین بە ژەمە خۆراکەکانمان؟ ئایا ستەم ناکەین لەخۆمان کە چێژ وەرنەگرین لە ژەمە نوێژەکانمان وەك چۆن چێژ وەردەگرین لە ژەمە خواردنەکانمان؟ بۆچی کات بەپاراوی دەدەین بە ژەمە خواردنەکانی جەستەمان، بەڵام ڕەزیلی دەکەین لە پێدانی کاتی پێویست بۆ ژەمەکانی ڕۆحمان؟ باشە کامیان گرنگترە؟

باشە ئیوە بیستوتانە بەمەرج بگیرێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتێك کە دەبێ خاوەنەکەی خەڵاتێکی گەورەتر وەربگرێت ئینجا ئەو خەڵاتەی پێدەدرێت؟ ئەمە چ جۆرە خەڵاتێکە؟! ئەوە نوێژە، تۆ پاداشتە گەورەکەی وەرناگری لە لای خودا تا پاداشتە ڕۆحیەکەی وەرنەگریت بەچێژوەرگرتنت لێی بەشێوەیەك کە دەڕوونت ئەم چێژە بە مافێکی خۆی دەزانێت، نەك بە ئەرك و واجب و قورسایی سەر شان.

چ جۆرە چێژێکە هەستی پێدەکەیت کاتێك نوێژەکەت دەستپێدەکەیت بە وتنەوەی وتەی: الله أكبر، کاتێك وا دێنیتە بەرچاوت کە فریشتە دێت و گوناهەکان

هەڵدەگرێت، هەموو گوناهەکانت کە وەک دوو تاوەری بەرز لە ناو شانەکانتدا دایاندەنێت و کاتێک دەچیتە رکوع و سوژدە ئەم دوو تاوەرە گوناهە دادەرمێن قات بەقات، کەواتە رکوع و سوژدەکانت درێژ دەکەیتەوە یان کوورتی دەکەیتەوە؟

ـ پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) دەفەرموێ: ((إنَّ العَبدَ إذا قامَ لِلصَّلاةِ أُتيَ بِذنوبِهِ كُلِّها فَوضِعتْ بَينَ عاتِقَيْهِ، فكُلَّما ركَعَ أو سَجَدَ تَساقَطتْ عَنْهُ)) {صححه الألباني في سلسلة صحيحه عن ابن عمر}.

واتە: (بەندە کاتێک هەڵدەستێت بۆ نوێژکردن هەموو گوناهەکانی دەهێنرێن لەسەر شانی دادەنرێن چەندجار بچێتە رکوع و سوجدە لێی هەڵدەوەرن).

ـ یان دەفەرموێ: ((ما مِنْ مُسلِمٍ يَتَوَضّأُ فَيَسْبِغُ الوُضُوءَ، ثمَّ يَقومُ فِي صَلاتِهِ فَيعلَمُ ما يَقولُ، إلا انتَفَلَ وهوَ كَيَومِ ولَدَتْهُ أمُّه)) {صححه الألباني في صحيح الترغيب عن عقبة بن عامر}.

واتە: (هەر موسوڵمانێک کاتێک دەستنوێژ دەگرێت، بەجوانی دەستنوێژەکەی بگرێت و پاشان هەڵبستێت نوێژەکەی بکات و بزانێت چی دەڵێت لە نوێژەکەیدا، ئەوە گوناهەکانی لێهەڵدەوەرن تا لە بێ گوناهیدا وەک ئەو رۆژەی لێدێت کە لە دایک بووە).

چەند ئاسانە حەقیقەت لەبەردەستماندا ببێت بە واجب، بەڵکو بۆ واجبێکی قورس کە هەوڵ بدەین لە کۆڵمان ببێتەوە و ڕزگارمان بێت لێی بەخێراترین شێوە، ئا ئەمە حاڵی ئەو کەسەیە کە وا هەستبکات کە کاتە بەنرخەکانی بەفیڕۆ دەدات، یان لەدەستی دەدات بەوەی کە چەند رکاتێکی تێدا ئەنجام دەدات.

"واجب" لە زیهنماندا هەموو کاتێک پەیوەستە بە "قورسایی سەرشان"، ئەمەش زۆر قورسە لەسەر دڵەکانمان، لە ئەنجامدانیدا هەست بە لایەنێکی وەرگرتن دەکەیت، نەک پێدان و بەخشین، چونکە بەشێک لە ئیسراحەت و پشووەکانت دەبات، بۆیە لێرەدا هەستکردن بە خاوبوونەوە و لەشگرانی دەستپێدەکات و

نوێژکردن لەلای بەشێکمان دەبێتە بارگرانی، دەمانەوێ خێرا نەجاتمان بێت لێی و لەسەر شانمانی لابەرین.

- پێغەمبەری خودا کە کاتی نوێژەکان دەهات دەیفەرموو ((أَرِحْنا بِها یا بِلالُ)).

{رواه العراقي عن بلال بن رباح}.

واتە: (بە بانگدان بۆ نوێژ بمانخەرە ئیسراحەتەوە ئەی بیلال).

کەواتە پرسیارەکە ئەوەنیە: نوێژت کردووە یان نا؟ لەگەڵ گرنگی ئەم پرسیارە و ترسناکیەکەی، بەڵکو ئەو پرسیارە گرنگە کە لەخۆمانی بکەین لەدوای هەموو نوێژەکان: ئایا ئەو خەڵاتەم وەرگرت کە بۆم دیاری کرابوو لەسەر کردنی ئەم نوێژە یان نا؟ ئایا چێژم لێوەرگرت یان نا؟ لەکاتێکدا من بێاقەت دەبووم لە کاتی کردنیدا، یان لە دوای کردنیدا؟ بەقەدەر ئەوەندە چێژم لێوەرگرت کە بەروبومە دنیاییەکانی کۆبکەمەوە؟ ئەوەندەم لێهەڵکراند کە پاشەکەوتی بکەم بۆ رۆژی دوایم؟

وا لە نوێژەکانت بکە کە ببنە بلیتێکی خۆڕایی بۆ گەشتێکی بەچێژ، نالێم گەشتێك بە هەموو جیهاندا، بەڵکو گەشتێك بە هەموو بوونەوەردا بۆ لای پاشای گەردوون و دەسەڵاتدارە رەهاکەی.

سنوورەکانی نێوان (ئەرك ـ الواجب) و (ماف ـ الحق)

زۆر کات لەژیانماندا ئەرکەکان لەگەڵ مافەکان تێکەڵ دەبن، سنوورە جیاکەرەوەکانیان نازانین، نازانین ئەرك لەکوێ کۆتایی دێت تاوەکو ماف دەستپێبکات، لەکوێدا ماف کۆتایی دێت تا ئەرك دەستپێبکات؟

حەجکردن ئەرك و واجب و هیممەت و سەفەرکردن و مەسرەف کردنە، رەنگە مەترسیشی تێدا بێت، بەڵام کاتێك کە بیردەکەینەوە ئەم سەفەرە هەموو هەنگاوێکی خێرێکی لە خۆگرتووە، ئەوکات ئەو هەستکردنە بە ئەرکبوونە، دەبێت

بە هەڵم و لە سەرمان دەچێتە دەرەوە و ڕوانین لێی وەک مافێک جێگەی دەگرێتەوە، تا هیچ هەستکردن بە ئەرکی تیایدا نامێنێت.

خێر و خێراتکردن، ئەرک و بەدواداچوون و مەسرەفکردنە، هەرکاتێک کە ئەنجاماندا بە ڕەزامەندی خۆمان و بەو هەستەوە کە پاداشتمان پێدەگەیەنێت و خۆشبەختی دەگەیەنێت بەو کەسەی خێرەکەی پێدەکەین، ئەو کات هەست دەکەین بە بارینی چەندەها ڕێژنە لە پارێزراوی و ئارامی دڵ، بەوەی کە بەو بەخشینە خودامان پێ ڕازی کردووە لە خۆمان و پێداویستی کەم دەرامەت و خاوەن پێداویستیەکانمان پێ جێبەجێ کردووە و پاراستومانن لە برسێتی و ئارامی و ئەمینیمان پێبەخشیون لە بەرامبەر ناڕەحەتیەکانی ژیان.

ڕۆژوو بریتییە لە ئەرک و فەرز و برسێتی و تینوییەتی و ناڕەحەتی، بەڵام کاتێک دەڕوانین لەگەڵ هەموو خولەکێکیدا هەست بە چێژی نزیکبوون لە خوداوە دەکەین، لەکاتێکدا فەرمانەکانیمان جێبەجێکردووە و دوورکەوتوینەتەوە لەو شتانەی ڕێگری لێکردووین و کاتی پاداشت وەرگرتنەوەکەمان نزیک بۆتەوە، تەنها بە نزیکبوونەوەی بەربانگکردنەوە نا، لە دوای ڕۆژێکی درێژ لە برسێتی و تینوێتی، بەڵکو لەسەروو ئەوەوە هەستکردنمان بە سەرکەوتن لە شەڕی بێبەشکردنی نەفسمان لە شەهوەت و حەزەکانی، چێژی زیادکردنی خێری زیاتر بۆ ناو حیسابە بانکیەکەمان کە حسابێکی خودایی نەبڕاوەیە.

ئەوە ئەو جیاوازییەیە لە نێوان حەرام و حەڵاڵ، خودای گەورە هیچ شتێکی لەسەر حەرام نەکردووین تەنها لەبەر ئەوە نەبێ کە دەیەوێت بمانپارێزێت لە زیانەکانی، جا جۆری ئەو زیانە هەست پێبکەین یان نا، هەروەها هیچ شتێکیشی بۆ حەڵاڵ نەکردووین و فەرمانی پێنەکردووین تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە سوودمەند بین لە سوود و قازانجەکانی، جا جۆری ئەو سوودە هەست پێبکەین یان نا، دەتوانین بڵێین ئەگەر خاوەنی کەمێک زیرەکی بین و بگەڕێین بەدوای

دەستەواژەیەکی واقیعی ئابووریانە و نەفسیانە و پزیشکیانە بۆ حەڵاڵکراوەکان و حەرامکراوەکان، ئەوا لەبری وشەکانی حەرام و حەڵاڵ، ئەم وشەیەمان بە وشەکانی: "سودبەخشەکان و زیانبەخشەکان" دەردەبڕی.

چەند ئاسانە هەموو مافەکان لەبن چنگماندا هەڵگەڕێنەوە بۆ ئەرکەکان، بەڵام هەروا ئاسان و چێژدارتر و جوانتریشە کە هەموو ئەرکەکانی بەردەستمان بکەین بە ماف. ئەگەر وا رێکبکەوێت خەڵاتێکی پارەی زۆر ببەیتەوە لە یەکێك لە دامەزراوەکان و داوات لێبکرێت کە سەفەر بکەیت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، ئایا پەلە ناکەیت بەدڵخۆشیەوە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە و هەرگیز کات و ماندووبوونت بۆ وەرگرتنی لەبەرچاو ناگریت و هەموو رێگریەکانی بەردەم ئەو سەفەرەت لا نابەیت؟ کەواتە خەڵاتی نوێژ شایستەی ئەو کۆششە بەڵکو زیاتریش نییە؟ خەڵاتی نوێژکردن لە کوێی خەڵاتەکانی دنیادایە؟! خەڵاتە دنیاییەکان چەند جیاواز بن چەندە گەورە بن، خەڵاتی خودایی بۆ نوێژ گەورەترە.

چۆن دەتوانی تامی بەروبوومی دارێك بکەی کاتێك دەست رانەکێشی بۆ لێکردنەوەی؟ چۆن دەتوانی خەوێکی ئاسودە و خۆش بەسەربەری کاتێك کە جێگەی خەوتنەکەت رێك نەخستووە و ئامادەت نەکردووە و پێخەف و سەرچەفی پێویست و کەشێکی هێمن و ژوورێکی نیمچە تاریك و بیدەنگت فەراهەم نەهێناوە؟ راستیان وتووە: "ڕاستە خودا رزق و خۆراکی باڵندەکان فەراهەم دێنێ، بەڵام پێویستە بفڕن و بگەن بە ڕۆزیەکانیان بۆ ئەوەی چێژ ببینن لە بەدەستهێنان و خواردنی".

چیژی هەستان بۆ نوێژ

کاتێك منداڵ بووم، دەبوو هەستم بۆ نوێژی بەیانی لە "نیوەی شەودا"! – وام بە خەیاڵدا دەهات ئەو کاتە کە نیوە شەوە–، پرسیارم لە خۆم دەکرد: باشە بۆ دەبێت نوێژی بەیانی لەو کاتەی شەودا بێت؟! باشە خودا نایەوێت ئێمە پێنج نوێژی بۆ ئەنجام بدەین، بۆ لەو کاتە قورسەدا ئەم نوێژەی داناوە و دەیەوێت هەستینەوە لەکاتێکدا کە لە خۆشترین کاتەکانی خەودا‌ین بۆ ئەوەی نوێژی بۆ بکەین؟! چ نەنگیەکی تێدایە کە کازێر حەوت یان هەشت، یان تەنانەت کازێر دەی بەیانی؟ ئایا نوێژ هەر نوێژ نییە لە هەر کاتێکدا بکرێت؟ ئەوەی دەیخوێنین لەو کاتە درەنگەدا هەر ئەو خوێندنانە نییە لە کاتەکانی تردا دەیخوێنین؟ باشە ئەگەر نوێژ بۆ پەیوەستبوونە بە خوداوەوە و دوورکەوتنەوەی شەیتانە لێمان، شەیتان چ کاریگەریەکی هەیە لە سەرمان لەو کاتەدا کە ئێمە لە قوڵایی خەودا‌ین؟ بۆ دەترسین پەیوەستبوونمان بە خوداوە لەدەستبدەین و پێمان هەڵخلیسکێت بۆ پەیوەستبوون بە گوریسەکانی شەیتانەوە، مادام ئێمە خەووتووین و ناتوانین لە بنەڕەتدا هەر بیربکەینەوە بەهیچ شێوەیەك، یان پلان دابنێین بۆ خێر یان بۆ شەڕ؟

ئەم پرسیارانە رەنگە بە گوێی گەورەکانیشدا بێن نەك هەر منداڵاندا بەتەنها، بەڵام گەورەکان لە کۆتاییدا هەست دەکەن کە نوێژکردن تەنها پەیوەندیەکی خولی (دوری) نییە لەگەڵ خودای گەورە و بەس، بەڵکو بەرنامەی ژیانە وەك لەمەودوا تێی دەگەین..

کەسێك شیرینی هەستان بۆ نوێژی بەیانی بچێژێت، پاشان تامی رۆیشتن بۆ مزگەوت بکات لەگەڵ بانگدا، پێش رۆژهەڵاتن لە مزگەوت دەربچێت بۆ سەر کاری رۆژانەی خۆی، هەر کارێك بێت، ئەو مرۆڤە قەدری زوو هەستان هەست پێدەکات، هەر خۆی نرخی هەڵمژینی سروەی پاکی بەیانیان دەزانێت و چێژ لە ئارامی بەیانیان و نزیکی رێگا لە نێوان خۆی و خودای گەورەدا دەکات، هەر لە کاتی

نوێژی بەیانیدا نا، بەڵکو لە ناو نوێژەکە و لە دوای نوێژەکەش.

بەڕاستی ئەو کەسەی ئامادەی نوێژی بەیانی دەبێت، ئامادەی زیندووێتی ژیان لەدوای خامۆشبوونی دەبێت، شەو کاتێك رۆژی لێدادەڕنێت و هێڵە سەرەتاییەکانی بەیانی لە زایەنگای شەو بە بەرچاوەکانەوە لەدایك دەبن، ئەرز و ئاسمان و داروەدەوەن و گژوگیا و گوڵەکان پەردەکانیان لەسەر خۆیان لادەبەن و بەشەرمەوە پەچەی رووبان هەڵدەماڵن و ژیانێکی نوێیان بەبەردا دەکرێت، بەڕاستی مرۆڤ لە بەیانیانی زووداً لەبەردەم نمایشێکی بچوککراوەی رۆژی یەکەمی دروستکردنی خودایی سەرسوڕهێنەردایە بۆ بوونەوەر، کە چۆن دروست دەبێت، لەبەردەم موعجیزەی تێکەڵبوون و چوونە ناوبەکدی رۆژ و شەودایە کە چۆن رووەدات، لەبەردەم نموونەی زیندووبوونەوەی یەکەمدایە بۆ ژیان کە چۆن وردە وردە بە ڕەگ و ریشاڵی بوونەوەردا بڵاودەبێتەوە، بەشێوەیەك هەرکەسێك بەو چاوەوە دیمەنی کارێرە تایبەتەکانی بەیانیان ببینێت، عەقڵ و مەلەکە و بیری بەشێوەیەك دەکرێتەوە بەرەو لەدایکبوون و بەخشین، کە وزە و پاراوی و چالاکی و بەرهەم و داهێنانی زیاتری پێدەبەخشێت، وەك ئەوە وایە کە ژیانێکی نوێی بەکارنەهاتووی پێبەخشرابێت.

ئەوە بەیانییە، چاوێکی تایبەتت پێدەبەخشێت کە نهێنیەکانی بوونەوەری پێ ببینیت، ئیعجازی دروستکراوەکانی چواردەورت بۆ ئاشکرا دەکات، کە لە کاتەکانی تری رۆژدا بێجگە لە بەیانیان بۆت ئاشکرا نەدەبوون و نەتدەتوانی ئاشکرایان بکەیت.

کەسێك کە زوو هەستانی بەیانیان و کارکردن لە کارێرەکانی سەرەتایدا تاقیکردبێتەوە، بەتەواوی هەست دەکات بەوەی کە کارکردن لەو دوو یان سێ کارێرەی یەکەمدا بەروبوومەکەی چەند قات بەرامبەرە لەگەڵ چەندین کارێری دورودرێژی تری رۆژدا، بەڕاستی ئەوەی لەنێوان تۆ و ئەو کارێرە پڕ فەڕ و

تایبەتانەدان شەیتانی نوستنەکەتن، بۆیە ئەگەر رۆژی یەکەم سەرکەوتوو بوویت لە بەرەنگاربوونەوەی، پاشان رۆژی دووەمیش بەهەمانشێوە توانیت و پاشان چەند رۆژێکی لەسەر یەک ئەم کارەت کرد، ئەوە رادێیت لەسەر ئەوەی کە زوو هەستان دەکەیتە بەڵێن و پەیوەستبوون بۆ خۆت وەک چۆن رۆژووەوان پەیوەستە بە رۆژووەکەیەوە لە رۆژە قورسەکانی یەکەمی رەمەزاندا، ئەگەر ئەم کارەت کرد ئەوە ئەم بابەتە دەبێتە خوویەکی چەسپاو لە پێکهاتەی فیزیایی تۆ و بەشێکی چێژدار لە بەرنامەی رۆژانەت و ناتوانیت دەستبەرداری بیت و وازی لێبێنیت.

ئەوەتا تۆ چاوەکانت هەڵدێنیت و تا ئێستاش هەر لەناو جێگەکەتدایت، ئەوەش شەیتانە سەرت بە پشتییەکەتەوە گرێدەدات و پێتدەڵێت: چاوەکانت بنوقێنە ئازیزەکەم خۆت تەسلیم بە خەو بکە، ئەم بێئاگاییە خۆشە لە قیس خۆت مەدە لەم کاژێرە زووانەی بەیانیدا، چونکە ئەم کاتە خۆشترین کاتەکانی ئیسراحەت خاوبوونەوە و تەمبەڵی خەوی قوولّن، پەلەت چییە؟

ئەوە ئەو گفتوگۆیەیە کە هەموو بەیانییەک بەئیلحاحەوە دووبارە دەبێتەوە، باشە ئەی چۆن رووبەڕووی هەڵخەڵەتاندن و وەسوەسەکانی ببینەوە؟ ئەمە ئەو بابەتەیە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بۆمان شیدەکاتەوە، هەوڵدەدات یارمەتیمان بدات لەسەر تێپەڕاندن و زاڵبوون بە سەریدا، وەک دەفەرموێ:

- ((يَعقِدُ الشَّيطانُ عَلى قافيةِ رَأسِ أحدِكُم إذا هوَ نائِم ثَلاثَ عُقَدٍ يَضرِبُ كُلَّ عُقدَةٍ مَكانَها – أيْ يَخْتِمُ عليها بِخَتمةٍ–: عَلَيكَ لَيْلٌ طَويلٌ فَارقد، فَإنْ استَيقَظ فَذَكَرَ اللهَ انحَلَّتْ عُقدَةٌ، فَإنْ تَوَضَأَ انحَلَّت عُقْدةٌ، فإنْ صلّى انحَلَّت عُقَدُه كُلُّها فَأصْبَحَ نَشيطًا طَيِّبَ النفس، وإلاّ – أي إن لم ينهض للصلاة– أصْبَحَ خَبيثَ النَّفسِ كَسلانَ)){*رواه البخاري عن ابي مريرة*}. واتە: (شەیتان سێ گرێ لە پشتەملی هەریەکەتان دەدات کاتێک کە خەوتوون، هەر گرێیەکیان لە شوێنێک مۆری لێدەدات، دەڵێت: شەوێکی

درێژت لەسەر بێت بخەوە، ئەگەر هەستا و زیکری خودای کرد ئەوە گرێیەك دەبێتەوە، ئەگەر هەستا و دەستنوێژی گرت گرێیەکی تریش دەکرێتەوە، ئەگەر نوێژی کرد ئەوە هەموو گرێیەکانی دەکرێنەوە و ئەو بەیانیە چالاك و دڵ ئاسودە دەبێت، ئەگەر نا – واتە ئەگەر هەڵنەستا بۆ نوێژ– ئەوە بەیانی دەکاتەوە بەدڵێکی توند و پیس و تەمبەڵەوە).

ئایا هیچ جارێك هەوڵتانداوە بەمرەمەند بن لە سەیرکردنی دەموچاوی ئەو کەسانەی کە لە سەرەتای شەودا دەخەون بۆ ئەوەی زوو هەستن بۆ نوێژی بەیانی، بەراوردی بکەن بە دەموچاوی ئەو کەسانەی کە تا کۆتایی شەو ناخەون و پاشان کە هەڵدەستن کاتی نوێژ بەسەرچووە؟ ئەگەر ئەم کارە بکەن ئەوە هەندێك لە نهێنیەکانی ئەم ئامێرە سەیرەتان بۆ روون دەبێتەوە کە ناوی "مرۆڤە"، کە دروستکەرەکەی یاسایەکی فیزیایی سەیری وای تێدا داناوە کە دەڵێت: "چاکترین کات بۆ وەگەڕخستنەوەی ئەم ئامێرە – مرۆڤ – پێش رۆژهەڵاتنە، نەك دوای رۆژهەڵاتن، ئاوا ئەم مرۆڤە نەخشەکێشراوە لەلایەن دروستکەرەکەیەوە لەبەر هەر دانایی و حیکمەتێك کە دەکرێ یان ناکرێ تێی بگەین، جا کێ هەیە زیاتر لە دروستکەرەکەی هەموو نهێنیەکانی ئەم ئامێرە مرۆڤیە تێبگات لەو نهێنیانەی کە تا ئێستا ئاشکرا بوون بۆمان، یان ئەوانەی ئاشکراش نەبوون بۆمان؟ ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ {الملك: ١٤}. واتە: (مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردووە و چۆنی دروست کردووە، لەکاتێکدا ئەو زاتە وردەکار و بەسۆز و بەئاگایە).

سروشت فەرشی خۆی راخستووە بۆ مرۆڤەکان، وەکو بەرنامەڕێژی بۆ کراوە لەلایەن بەدیهێنەرەکەی، بۆ ئەوەی لە هێڵی یەکەمی بەیانیەوە هەموو شتە جوانەکانی ژیان بۆ تۆی مرۆڤ روناك بکاتەوە لە چواردەورت، نەك بۆ ئەوەی بخەویت، بەڵکو بۆ ئەوەی هەستیت و شت بەرهەم بێنیت و زەوی ئاوەدان بکەیتەوە، بۆیە ئەم نیعمەتە خوداییە بێڕەواج مەکە و ئەم وزە زۆرەی بەیانیان

بەزایە مەدە کە خودای گەورە بۆ تۆ و بوونەوەرەکانی چواردەورتی خولقاندووە بۆ ئەوەی دەست بە رۆژێکی تازە بکەن، ئایا سەیری ئەو گولانەت نەکردووە کە پێڵوەکانیان داخستووە لەگەڵ رۆژ ئاوابووندا، کەچی لەگەڵ یەکەم هێڵی بەیانیدا چاوەکانیان هەڵدێننەوە و پێڵووەکانیان دەکەنەوە؟ سەیری ئەو باڵندانەت نەکردووە بەو بەیانیە زووە دەست دەکەن بە خوێندن و دەفڕن بۆ گەڕان بەدوای رزق و رۆزیەکەیاندا؟ سەیرت نەکردووە مانگا و مەڕ و بزن و مریشک و هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە خودا لەسەر زەوی دروستی کردوون، کاتێک کە بەچوست و چالاکییەوە هەڵدەستن لەگەڵ یەکەم هێڵی بەیانیاندا بۆ ئەوەی خولێکی تری ژیان دەست پێبکەنەوە هەموو رۆژێک؟

بۆیە فریای ژیان بکەوە و بەروبوومەکەی بچنەوە، پێش ئەوەی شەمەندەفەرەکەی بەجێت بێڵێت بەبێ گەڕانەوە.

چێژی خۆڕاگری (الاصطبار)

کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلێک لێدەخورین و دەڕۆین بۆ کارێک یان شوێنێک، هەموو مەبەستێکمان ئەوەیە بگەینە ئەو شوێنە و دڵمان بەلای هیچ کارێکی تردا نەڕوات و خۆمان خەریک نەکەین بە هیچی تر‌ەوە، بە کۆتا خێرایی رێپێدراوەوە، رەنگە رێپێنەدراوەوە، کار لەسەر گەیشتن دەکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو شوێنە، بەڕاستی ئەمە رێگەیەکی ناوازەیە بۆ بەملدایەکدانی واجباتەکان بە سەرسەری خۆماندا و بەتەلەفدانی دەمارگەل (أعصاب)مان.

باشە چی دەبێت ئەگەر ئۆتۆمبیل لێخورینەکەمان وا لێبکەین کە چێژی لێوەربگرین، بەشێوەیەک کە لەگەڵ کاتی لێخورینەکەدا بژین و خوڕاگر و بەئارامبین لە لێخورپیندا؟ تۆزێک زوو بچینە دەرەوە بەشێوەیەک کاتێ پێویستمان ببێت بۆ لێخورینی ئۆتۆمبیل بەهێدی و نەرمی، بەم شێوەیە مۆڵەتی چاوگێڕانمان بۆ

دیمەنەکانی ڕێگە دەبێت و دەتوانین چێژیان لێوەربگرین؟

ئایا کاتی زیاد بۆ گەشتەکانت تەرخان دەکەیت بۆ ئەوەی بیکەیتە مایەی چێژبینین بۆ خۆت و بۆ ئەوانەش کە لەگەڵتدان؟ ئایا بەڕاستی بەچێژەوە ئەنجامیان دەدەیت، نەک بەشێوەیەک کە بارگرانی بێت بۆ خۆت و بۆ ئەوانەش کە لەگەڵتدان؟ دە ئاواش بکە لەگەڵ نوێژەکانت.

بەڕاستی ئەم مەسەلەیە تەنها پێویستی بە گرێدانی ڕێکەوتنێکە، تەنها ئاگربەستێکی کورت لەگەڵ کاتدا هاوکاریت دەکات لەسەر خۆڕاگری، بەشێوەیەک کە هەر ئارامگری بۆخۆی دەکاتە بابەتێکی بەچێژ، باشە تۆ تام و چێژی ئارامگرتنت لەسەر بەڕۆژووبوون تاقینەکردۆتەوە تا کاتی ڕۆژوو شکاندن؟ یان ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتیەکان تا لاچوونی ناڕەحەتیەکە؟ یان ئارامگرتن لەسەر نەخۆشی تا چاکبوویتەتەوە؟ یا ئارامگرتن لەسەر ڕیزبەستن بۆ چوونە ناوەوەی هۆڵی ئاهەنگ تا ڕێگەت دراوە بۆ چوونە ژوورەوە؟ یان ئارامگرتن لە سەر خوێندن و سەعیکردن تا دەربچیت؟

ئایا هیچ کاتێك چێژی خۆڕاگریت کردووە بەوەی خۆت مەحروم کردبێت لە شتێك کە لە تواناتدا هەبووبێت بیکەیت یان بیخۆیت؟ ئایا تاقیت کردۆتەوە کاتێك تۆ توانیبێتت پارچە شیرینییەك یان کراسێکی تازە، یان سەیارەیەکی نوێ بکڕیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتکڕیبێت، چونکە ویستووتە پابەند بیت بە سەرگە – مبدأ– یان بەڵێنێك، یان وەفاکردن بە پەیمانێك یاخود لەبەر تەوازوع بێلاق یان لەبەر ڕێز بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵتدان و پارەی کڕینی ئەو شتەیان نییە؟ ئەوەیە چێژی خۆڕاگری – الاصطبار–، خۆڕاگری لەسەر نوێژیش بەم شێوەیەیە:

– ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾ {طه: ١٣٢}. واتە: (فەرمانبدە بە هەموو تاکەکانی خێزانەکەت تا نوێژەکەیان بەچاکی ئەنجام بدەن بەردەوام و کۆڵنەدەر و خۆڕاگربە لەسەری).

خۆڕاگریت لەسەر نوێژ مانای تەنگاوبوون و تاقیکرنەوە و سزا نییە لە لایەن خودای گەورەوە، بەڵکو خۆڕاگری کردنەکەت پەیوەستە بە جۆر و چەندێتی ئەو چێژەی کە دەیچنیتەوە لەسەری، چەندە بتەوێ پاداشتت گەورەتر بێت دەبێت خۆڕاگریەکەت زیاتر بێت لەگەڵ زیادبوون و گەورەبوونی چێژوەرگرتنت لە نوێژەکان، ئایا هیچ چێژێك هەیە بەقەدەر ڕاوەستان لە بەردەم خوڵقێنەرەکەتدا گەورەتر و خۆشتر بێت، بۆ ئەوەی چپەکانی دڵتی تێدا دەربڕیت، لەبەر پێی دەرگاکەیدا خەفەت و ئازارەکانت لەسەر شانت هەڵبڕێژیت، بۆ ئەوەی لە دوای ئەو چاوپێکەوتنە دۆستانە پڕ خۆشەویستیەدا بەشێوەیەك دەربچی کە پاك بووبێتەوە لە هەموو گوناهەکانت و سەرلەنوێ لەدایك بیتەوە؟

نوێژ قوتابخانەی ئارامگرتنە

سەرەم سوڕماوە لە ونیی قسە و باس سەبارەت بە فەزیلەتی ئارامگرتن لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا، ونیەکی نزیك لە نەبوون و باسکردن، بەشێوەیەك کە لەلای ئەوان لەنێو فەزیلەتە سەرەکیەکانی مرۆڤایەتیدا هیچ جێگایەك نابینیت بۆ ئەم فەزیلەتە، خوێنەرانی نوسراو و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی ئەوانەی کە لە من زیاتر خوێندنەوایان هەیە بۆ ئەدەبیاتیان گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن، ئەوان زۆر باسی ئازایەتی و ڕاستگۆیی و بڕیاردان و کارکردن و سەخێتی و پیاوەتی و فریاکەوتن و بەردەوامی و دڵسۆزی و خۆشەویستی و دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دیموکراتی و بێفیزی و یارمەتیدانی کەم دەرامەت و هەژاران و خاوەن پێداویستییەکان..و زۆر ڕەوشتی تر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کەچی جێگەی سەرسوڕمانە کە بیریان نەکردۆتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان باس لە خەسڵەتی ئارامگرتن بکەنەوە، لە بەرامبەریشدا دەبینین کاتێك کە سەیری وشەی ئارامگرتن (الصبر) و وشە لێوەرگیراو (مشتقات)ەکانی دەکەین لە قورئانی پیرۆزدا دەبینین کە لە (١٠٣)

جار کەمتر دووبارە نەبۆتەوە، بێجگە لەوەی کە سەدان جار لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودادا باسی لێوە کراوە.

بۆیە من بەسەرسوڕمانەوە دەڵێم کاتێك سەیری شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەکەم بەو شێوەیە خۆی سەپاندووە بەسەر جیهاندا بە دۆزینەوە و داهێنانەکانی، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە ئارامگرتن یەکەم چەکە کە دۆزینەر و داهێنەر خۆیانی پێ پڕ چەك بکەن لە بەسەربردنی ژۆربەی شەو و ڕۆژەکانیاندا لە تاقیگەکاندا، شان دابدەن بە ئارامی لەسەر تاقیکردنەوەکانیان، بەنەرم و هێدی گەڕان بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ هەنگاو بنێن، کۆڵنەدەرانە کاربکەن لەسەر ئەو شتانەی کە خەڵکی تر نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن، باشە داهێنەران چۆن دەتوانن دۆزینەوە و داهێنان بکەن بەبێ کۆڵنەدان و بەردەوامبوون و زۆر لە خۆنەکردن و ئارام نەگرتن؟ ڕەنگە ئەوەی کە ئەمانە بەدەستیان هێناوە لە بواری دۆزینەوە و داهێنانە زانستیە ناوازەکاندا، لە دەستگرتنیان بەسەر جیهاندا لە ڕووی فیکر و زمان و خاکەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئارامگرتن و زۆرلەخۆکردن و دەستبەرنەدان لە شتەکان پایەی چەسپیو بن لەناو سروشتی مرۆڤایەتیاندا، ڕەنگە پێویستیان بە باسکردنی ئارامگرتن و چەکەکانی نەبێت لە ئەدەبیاتیاندا.

ئەگەر بەوردی سەیری گرنگترین سێ عیبادەتەکەی ئیسلام – نوێژ و ڕۆژوو و حەج – بکەیت، دەبینیت هەر یەکێکیان وەك قوتابخانەیەك دەبینرێت کە دانراوە بەتایبەت بۆ ڕاهێنان لەسەر ئارامگرتن، بۆ پێگەیاندنی ئارامگران تیایدا، ڕەنگە بڵێیت ئەوە ڕۆژوو و حەج ئارامگرتن تیایاندا دیار و ئاشکرایە، بەڵام پەیوەندی نوێژ بەئارامگرتنەوە چییە؟

بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر بەشداری بکەیت لە خولێکی پێگەیاندن سەبارەت بە ئارامگرتن و ڕاهێنان لەو بارەیەوە، ئایا بیر دەکەیتەوە چ جۆرە بەرنامەیەك و وانەیەکت پێبڵێن لەم خولەدا؟

ئەگەر نوێژکردن بەبێ خشوع و ملکەچی بە نوێژێکی تەواو دانەنرێت، بەشێوەیەک کە نوێژخوێن "بزانێت چی دەڵێت" وەک لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خودادا ئاماژەی پێدراوە، ئایا ئەم ملکەچی و خشوعە بەبێ ئارامگرتن دێتە دی؟

چەند ئاسانە و چەند بازرگانیەکی سووکە، بەڵام چەند بێ قازانجە کە بەخێرایی نوێژەکەت تێپەڕێنیت و ئایەت و زیکرەکانی بەخێرایی و بێئاگایی بخوێنیت، بەو شێوەیەی کە بۆخۆشت نەزانی چی دەڵێیت، چەند قورس و بازرگانیەکی پڕ فەڕ و خێرە و چەندەها خێر و چاکە چاوەڕوانت دەکات کە وشە بە وشە زیکر و ئایەتەکانی نوێژەکەت بخوێنیت و هەڵوێستە بکەی لەسەر ئەو شوێنانەی کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێن، بەشێوەیەک کە بزانیت چی دەڵێیت.

وتنەوەی دەستەواژەی دەسپێکی نوێژ (الله أكبر) لە ناو قەڵەبالّخی ئیش و کارەکاندا پاشان راوەستان بەشێوەیەک کە ناخ و دەروونت پڕ بکەیت لە یادی خودا، بپرسی: الله أكبر لە چی؟ و بۆچی؟ ئەمە کارێکە پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، بەڵکو ئارامگرتنێکی زۆری دەوێت.

دووبارە وتنەوەت لەنێو ئەو جەنجاڵیەی کارەکانتدا بۆ ئەو زیکر و تەسبیحاتانەی ناو نوێژ (سبحان ربي العظيم، سبحان ربي الأعلى) پاشان هەڵوێستەکردنت و لەخۆپرسینت: بە پاک و بێگەردگرتنی خودای گەورە لە چی و بۆچی؟ بە گەورەزانینی خودای گەورە بۆچی؟ ئەمە پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، بەڵکو ئارامگرتنێکی زۆری دەوێت.

درێژکردنەوەت لە ناو قەڵەبالّخی ئیش و کارەکانتدا بۆ هەریەکە لە وشەکانی: (بسم الله) و (الرحمن) و (الرحيم) وەک چۆن پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) فەرموویەتی و وتوویەتی، بەشێوەیەک بەتەواوی مانای هەریەکەیان تێبگەیت و کەسایەتی و تایبەتمەندی و جیاوازی هەریەکەیان جیابکەیتەوە لەوی تر – وەک باسی دەکەین– ئەمە پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، بەڵکو پێویستی بە

ئارامگرتنی زۆریش هەیە.

هەڵوێستەکردنت لەناو قەڵەبالّخی ئیش و کارەکاندا، لە دوای وتنی هەریەکە لە وشەکانی (التحیات لله) و (الصلوات) و (الطیبات) بەشێوەیەك لەسەر هەموو راوەستانێکت چێژی وەڵامدانەوەی خودایی هەست پێدەکەیت، پاشان سەلامکردنت لە پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) چاوەڕوانی چێژی بیستنی وەڵامدانەوەکەی و.. هەروەها چێژی سەلامکردن لە بەندە چاکەکان (عباد الله الصالحین) و چێژوەرگرتن لە وەرگرتنی پاداشتی سەلامکردنەکەت لە هەموویان – وەك بە درێژیی باسی ئەم بابەتە دەکەین لەمەودوا – هەموو ئەمانە پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، بەڵکو ئارامگرتنێکی زۆر.

هەڵویستەکردنت لەناو قەڵەبالّخی ئیش و کارەکاندا، لە نێوان جولّە بۆ جولّە و بۆ هەستان و دانیشتنەکان و خوێندنی زیکرەکان و ئایەت بۆ ئایەتەکان بەشێوەیەك هەریەکەیان بە تەواوەتی مانی خۆی پێبدەی لە رووی جدیەت و راستگۆیی و رێژەوە بۆ ئەوەی جێگەی قەبوڵ بێت لەلای خودای گەورە – وەك لە لاپەڕەکانی داهاتوو باسی دەکەین– ئەمانە هەمووی پێویستیان بە ئارامگرتن هەیە، بەڵکو ئارامگرتنێکی زۆر. ئەگەر وردبیتەوە لە هەموو سەرکەوتنەکانت، هەموو دەستکەوتنەکانت، دەبینیت لە پشتیەوە ئارامگرتنێکی زۆر هەیە، ئەگەر سەیری هەموو سەرنەکەوتنێك و دۆڕانێك و هەموو تاوانەکان و هەڵەکانت بکەیت، دەبینی لە پشتییەوە کەمیی ئارامگرتن و بێ سەبری هەیە.

ئەم ئارامگرتنە چ قوتابخانەیەکی سەرسوڕهێنەرە لە تاقیکردنەوە دنیاییەکاندا بۆ سەرکەوتن، چ قوتابخانەیەکی سەرسوڕهێنەرە تاقیکردنەوەی ئارامگرتن بۆ نوێژکردن؟!

ئەگەر خودای گەورە تووشی خێر و چاکەی کردیت و ئارامت گرت تووشی لە خۆبایی بوون و لوتبەرزی نەبوویت، ئەوە دەبێتە هۆی خێری زیاتر بۆ دین و دنیات.

ئەگەر تووشی زیان و زەرەر بووبیت لە دنیادا و ئارامت گرت لەسەر ناپەحەتیەکانی و تووشی بێهیوابوون و لاوازی نەبووبیت، ئەوە دەبێتە هۆی خێری زیاتر بۆ دین و دنیات.

ئەگەر ویستت خێرێك بکەیت و ئارامت گرت لەسەر ئەزیەت و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی، تووشی دوودڵی و لاوازیی نەبووبیت، ئەوە دەبێتە هۆی خێری زیاتر بۆ دین و دنیات. ئەگەر شەیتان ویستی خراپەیەکت پێبکات و تۆش ئارامت گرت لەسەر وەسوەسەکانی و تەسلیمی هاندان و هەڵخەڵەتاندنەکانی نەبووبیت، ئەوە دەبێتە هۆی خێری زیاتر بۆ دین و دنیات. ئەگەر خراپەیەکت بەرامبەر کرا و تۆش ئارامت گرت و تورەیی و رقەکەت خواردەوە و لەو کەسە خۆش بووبیت کە خراپەکەی کردووە بەرامبەرت، ئەوە دەبێتە هۆی خێری زیاتر بۆ دین و دنیات.

لە کۆتاییدا مافی خۆمانە بپرسین ئایا هیچ کردەوەیەکی سوودبەخش هەیە لەم دنیایەدا کە پێویستیمان بە ئارامگرتن نەبێت لە کردنیدا؟ چ قوتابخانەیەك هەیە کە ئێمە رابهێنێت لەسەر ئارامگرتن لە قوتابخانەی بەندایەتیی و پەرستشەکان (العبادات) چاکتر بێت، لەسەروو هەموشیانەوە قوتابخانەی نوێژ؟

پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێ: "أَوَّلُ شَيءٍ يُرفَعُ مِنْ هذهِ الأُمَّةِ الخُشُوعُ" *{رواه الطبراني بإسناد حسن، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب}*. واتە: (یەکەم شت کە هەڵدەگیرێتەوە لەناو ئەم ئوممەتەدا خشوع و ملکەچیە لە نوێژدا)، وەك بڵێی کە خشوع هەڵگیرا لە نوێژەکانماندا ئارامگرتنیش هەڵدەگیرێت، کاتێك ئارامگرتنیش هەڵگیرا ئەوە شارستانیەتی ئەم ئوممەتەش هەڵدەگیرێت.

ئەوە نییە خودای گەورە ئەم راستییە زیندووەی بۆ پشتراستکردوینەتەوە کاتێك سەرکەوتنمانی لە زەویدا گرێداوە بە خشوع و پەیوەستبوونمان لە نوێژدا بە ئاسمانەوە، کاتێك دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ

خَاشِعُونَ﴾ {المؤمنون:١-٢}. واتە: (بەڕاستی بڕواداران سەرکەوتوو و سەرفراز بوون، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچ و دڵنارام و دڵ دامەزراون و دڵیان لەلای خودایە). لەدوای هەموو نوێژێك لە خۆت بپرسە: ڕێژەی پاشەکەوتی ئارامگرتنت چەندە کە لەم نوێژە دەستت کەوتووە؟

بۆچی نوێژ دەکەین؟

نوێژکردن بۆچی؟ لەبەر ئارامگرتن و بەس؟

بۆچی هەموو ڕۆژێ کارێرێك یان دووان لە کاتی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین لە ئەنجامدانی هەندێك جوڵە و هەستان و دانیشتنی تایبەتدا؟ لە وتنەوەی چەند دەستەواژە و وتەیەك کە سەدان جار دووبارەمانکردۆتەوە؟ باشە باشتر نەبوو ئێمە ئەو کاتە لە یارمەتیدانی خەڵکدا بەخەرج بدەین، یان هەر کارێکی خێری، یان مرۆڤایەتی تر؟ باشە چی دەبوو ئەگەر نوێژ نەبوایە؟

بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەگەر ئێستا لە پڕ هەموو هێڵە تەلەفۆنیەکانی جیهان هێڵی زەمینی و ئاسمانی و هەموو هێڵە تەلدار و بێتەلەکان لە کار بکەون و ببچڕێن، ئینتەرنێت و هەموو وێستگە ئاسمانی و زەمینیەکان رابوەستن، هەموو ڕێگە ئاسمانی و زەمینی و دەریاییەکان لەکار بکەون، و.. و.. دەبینیت لە جیهان چی ڕوودەدات؟ چ فەوزایەك، چ مایەپوچییەك، چ فەوتانێك، چ داڕمانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و شارستانی؟

ئەوە ئەو ڕۆڵەیە کە نوێژ دەیبینێت لە نێوان ئێمە و دروستکەرەکەماندا، ئایا دەکرێت ڕۆژێك لە ڕۆژان لێی بێنیاز ببین؟ چی ڕوودەدات کە هێڵی گەرمی پەیوەندی نێوان ئێمە و خوڵقێنەرەکەمان بپچڕێت؟ ئەگەر ئەوە ڕووبدات، دەبێت بۆخۆمان دەست بکەین بە داهێنان و چاککردنەوەی ئەو ئامێرە پەیوەندییە سەرسوڕهێنەرەی کە خودا پێی داوین.

باشە هیچ شێوازێکی چاکتر دەدۆزینەوە لەو "پێکهاتە" یان "شێوازە" سەکەوتووە بۆ پەیوەندی لە نێوان ئێمە و خولقێنەرەکەماندا لە نوێژ و پێکهاتەکانی باشتر بێت؟ ئەمە چ جۆرە ڕێکارێکی نائاسایی، یان چ پێکهاتەیەکی ناوازە و چ کۆمەڵە وشەیەکی وردی هەڵبژێردراوە، چ هەڵسان و دانیشتن و جوڵەیەکی تایبەتی ئامانجدارە لەناو نوێژدا، کە ئەم عیبادەتەی لەسەر بنیاتنراوە؟

نوێژ جارێکی تر بەرنامەمان بۆ دادەبەزێنێتەوە

هەروەکو چۆن شەپۆلەکانی دەریا بە تێپەڕینی ڕۆژگار و ساڵەکان، بەردی کەنارەکانی دەڕێت و تووشی خۆرکەیان دەکات، ژیانیش ئاوا بە ئێمە دەکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە کات و ئولفەت و دووبارەبوونەوەی شتەکان و ڕاهاتن لەگەڵ دەوروبەردا.. نوێژیش ئاوەها کاریگەری لەسەر دەروونمان دروست دەکات لە ڕووی بەهێزکردن و هاوسەنگی و پاککردنەوە لە پیسی و پۆخڵیەکانی ژیانی ڕۆژانە، بۆیە ئەو پێکهاتە دنیاییانەی چواردەورمان هەوڵدەدەن بە شەپۆلە بەهێز و یەک لە دوای یەکەکانی بە ویست و ئارەزووی خۆیان بەرنامەمان بۆ دابنێنەوە، کاژێر لە دوا کاژێر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ساڵ لە دوای ساڵ، بەشێوەیەک هەست ناکەین کە لەگەڵ زەمانەدا گۆڕاوین بەشێوەیەک نازانین کە چەندە دووریان خستوینەتەوە لەو شێوە ڕەسەنە سروشتییەی کە خودای گەورە لە سەری دروستی کردووین و بۆی داناوین، ئەو "سیدیە نورانیە"ی هیچ "ڤایرۆسیک"ی لەخۆنەگرتووە، جاری وا هەیە ڕێڕەوی بەرنامە ڕەسەنەکە لاڕێ دەکات و دووری دەخاتەوە لە ئەصڵە ئاسمانیەکەی.

- ((إنَّ الإيمانَ لَيَخلَقُ – أي يَهتَريءُ– في جَوفِ أحَدِكُم كَما يَخلَقُ الثَّوبُ، فاسألوا اللهَ تَعالى أن يُجدِّدَ الإيمانَ في قُلوبِكُم)) {صححه الألباني في صحيح الجامع، عن عبد الله بن عمر}.

واتە: (بیروباوەڕ کۆن دەبێت لە دەروونی هەریەک لە ئێوە وەک چۆن جل و بەرگ کۆن دەبێت، بۆیە داوا لە خوای گەورە بکەن خودای گەورە ئیمانەکانتان نوێ

بکاتەوە).

لە فەزڵ و چاکەی خودایی بەسەر ئێمەوە ئەوەیە کە بەدەر لە هەموو ئوممەتان و ئاینەکانی تر تا ئێستا ئێمە نوسخەی رەسەنی ئەو "سیدیە نورانی"ەمان لەلا پارێزراوە کە بۆ بەرنامەکانی بیروباوەڕمان هاتووە، بەشێوەیەك دەتوانین بگەڕێینەوە بۆی و دووبارە بەرنامەکان لە سەری دابەزێنینەوە بۆ دەروونمان، هەستین بە چاککردنەوەی و هەموو ئەو بەشە خراپبوو و "ڤایرۆس"، یان "لادان"، یان نەخۆشییانەی تووشی بووین.

ئەوە ئەو نوسخەیەیە کە هەتا ئێستا بەرنامەی قورئانی پیرۆزی بۆ پاراستوین وەك ئەوەی کە هاتۆتە خوارەوە بەتەواوی، بەبێ گۆڕین و لاڕێبردن و زیادکردن و کەمکردن، ئەو نوسخەیەی کە بەرنامەکانی نوێژی پێغەمبەری خودای لە ڕووی گوفتار و هەڵسوکەوتەوە بۆ پاراستوین لە ڕێی ریوایەتی حەرفی چەسپاوەوە و لە چەند رێگایەك یەقینی باوەڕپێکراو و چەندین "راوی" گێڕەرەوەی عادل و راستەوە، کە لەم نوسخەیەدا پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) راستی نوێژ و بەرنامەکەیمان بۆ کورت هەڵدێنێت لەسەر چوار وشە، کە بریتییە لە ((صلُّوا كَما رَأيتُمُوني أُصَلّي)) {صححه الألباني في صحيح الجامع، عن مالك بن حويرث الليثي}.

واتە: (نوێژ بکەن بەو شێوەیەی کە دەمبینن نوێژ دەکەم).

باشە ئەگەر نوێژ نەبوایە، دەمانتوانی لە ژیانماندا نوێژێك دابهێنین کە بمانگەیەنێتە ئەو خودا گەورە رێکخەرە مەزنە بۆ ژیانمان، ئەو دامەزرێنە بەتوانایە بۆ جیهانەکەمان و بوونەوەرەکەمان؟ لە چ شکڵێکدا دەبوو ئەو داهێنانە مرۆڤیە گرنگە بۆ پەیوەندی لەگەڵ خوادا لە ڕووی هۆکارەکانی پەیوەندییەوە؟ زۆر خۆتان بە بیرکردنەوە بەم بابەتەوە ماندوو مەکەن، خەڵکی تر ئەم هەوڵەیان داوە.

ئەگەر لە تەورات و ئینجیلدا بگەڕێیت بەو شێوەیەی کە ئێستا لەبەردەستماندان بەدرێژی بە هیچ شێوەیەك شێوازی نوێژی پێغەمبەر موسا و پێغەمبەر عیسا

(سەلامی خودا لەسەر هەردووکیان بێت) نابینیت، بەوشێوەیەی کە شوێنکەوتووانی بتوانن وەك ئەوان نوێژ ئەنجام بدەن، بۆیە شتێکی بەدیهیە کە شوێنکەوتووانیان بەناچاری شێوازیکی خۆیان داهێناوە بۆ نوێژکردن بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن و لە باووباپیرییانەوە بۆیان ماوەتەوە.

بەڵام بابزانین نوێژخوێنانیان چییان لە دەستچووە، کە بەم شێوەیە نوێژ دەکەن؟ بێگومان ئەوەیان لە قیس چووە لە کاتی نوێژکردندا هەرگیز هەست بەو تام و چێژە خۆش و ناوازەیە ناکەن کە نوێژخوێنی موسڵمان هەستی پێدەکات، لەڕاستیدا ئەم تام و چێژە هیچ شتێك پێی ناگاتەوە، ئەویش تام و چێژی هەستکردنە بەوەی کە موسوڵمان نوێژێك ئەنجام دەدات کە پێغەمبەرەکەی راستەوخۆ لە خودای گەورەوە وەری گرتووە.

نە لە تەورات و نە لە ئینجیلدا وەصفی ئەو نوێژە نەهاتووە کە ئەم دوو پێغەمبەرە ئەنجامیان داوە، بەشێوەیەك کە شوێنکەوتووانیان بتوانن وەك ئەوان بکەن و پشتی پێببەستن لە نوێژەکانیاندا، بۆ نموونە هەموو ئەوەی کە هاتووە لە ئینجیلدا سەبارەت بە چۆنیەتی نوێژ ئەوەیە کە یەکێك لە قوتابیەکانی مەسیح (سەلامی خودای لەسەر) بە مەسیحی وت: فێرمان بکە نوێژ بکەین وەك چۆن (یوحەننا– المعمدان–) خوێنکارەکانی خۆی فێری نوێژکردن دەکرد، یەسوع پێی وتن: "هەرکاتێك نوێژتان کرد بڵێن... ".. دوعایەکی پێوتن کە لە نزیکەی (٣٥) وشە پێکهاتووە (بەپێی ئینجیلی لۆقا و بەپێی ئینجیلی مەتتا، دوعاکە لە (٤٢) وشە پێکهاتووە). {ئینجیلی مەتتا: ٦: ٩–١٣، ئینجیلی لۆقا: ١١: ٢–٤}.

هەروەها رۆژووەکانیشیان بەم شێوەیەیە، بۆیە هەر تاقمەی چەند مەرج و یاسا و رێسا و ئەو شتانەی کە دروستن بۆ رۆژووەوان ئەوانەی دروست نین و کاتی رۆژوو و رێژەکەی.. پێشنیاز دەکات کە بەردەوام ئەمانە لە گۆڕاندان لە نێوان وڵات بۆ وڵات و زەمان بۆ زەمان.

زۆر جار هەندێك موسوڵمان دەبینین كە تووڕە دەبن و قسەی تووند دەكەن لە بەرامبەر یەكتر لەسەر راجیاییان سەبارەت بە درێژەی وردەكاریەكان لە نوێژدا، بۆ نموونە: ئایا دەست بەرز بكەینەوە لە نوێژدا لەگەڵ هەموو "الله أكبر"ێكدا، یان لەگەڵ هەندێكیاندا، یان تەنها لەگەڵ "الله أكبر"ی دەسپێكی نوێژدا؟ دەستمان لەسەر كوێ بگرین لە كاتی راوەستاندا؟ راستەوخۆ لەسەر ناوك؟ یان لە سەروو ناوك؟ یان تۆزێك سەرووتر؟.. هتد. بەم شێوەیە لەسەر درێژەی وردەكاریەكانی نوێژ كە زۆر جار تووشی دەدەمێ و لێكزویر بوون و ناخۆشیان دەكات، بەڵام من بڕوام پێبكەن هەست بە دڵخۆشی دەكەم كە شێوازی نوێژكردن بەم شێوە دوورودرێژە و تەواویەوە بۆمان هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە (درووەی خودای لەسەر) باسەكەی چەند جار لە چەندین ریوایەتی دوورودرێژی جیاجیاوە لە هاوەڵانەوە بۆمان گێردراوەتەوە لە پێغەمبەری خوداوە تا دەگاتە سنووری جیاوازی لە نێوان ریوایەتەكان سەبارەت بە درێژەی ئەم بابەتە بچووك و زۆر و وردانە، بەڕاستی دەبێ بزانین كە ئەحكامەكانی تر جگە لە نوێژ لە ئاسمانەوە دابەزیوەتە سەر زەوی، بەڵام نوێژ خودای گەورە وای بۆ هەڵبژاردووە كە پێغەمبەرەكەی بەرز بكاتەوە بۆ ئاسمان و لەوێ ئەم حوكمە واجبە وەربگرێت بە نوسخە رەسەنە ئەصلییەكەی خۆیەوە و بیگێڕێتەوە بۆ سەر زەوی وەك دیارییەك بۆ موسوڵمانان.

الله.. چ دیارییەكی ناوازە و جوانە لە ئاسمانەوە وامان لێدەكات چێژ وەربگرین لەو گەنجینەیەی كە سەرچاوە و ریوایەتەكانمانی لیواولێو كردووە، هەتا ئەو سنووردی سەری كێشاوە بۆ راجیایی لێرە و لەوێ لەسەر هەندێك لە وردەكاریەكانی؟! چ پێغەمبەرێكی دەستپاكە ئەو پێغەمبەرەی ئەم گەنجینە گەوهەردارەی بۆ گواستوینەتەوە بەتەواوی وەك چۆن وەریگرتووە لە خوداكەیەوە، بەڵێ لە خودایەكەیەوە راستەوخۆ لەوێش لە ئاسمانەوە، بەڵێ بە گرنگیەكی زۆرەوە

ویستویەتی کە ئەم وردەکاریانەی نوێژ بگوازیتەوە لە ئاسمانەوە بە هۆکارێکی گواستنەوەی سەرسوڕهێنەر و ئاسانترین هۆکار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەناو چینە یەکلەدوای یەکەکانی ئاسماندا لای ئەو شوێنەوە کە خودای گەورەی لێیە ! !

ئایا هەست دەکەن بە بەهای ئەوەی کە وێنەیەکی دوورودرێژی تەواوی نوێژمان لە بەردەستدا بێت بەتەواوی و بەو شێوەیەی کە پێغەمبەری خودا (درووەی خودای لەسەر) وەریگرتووە لە خواکەی خۆی شەوی میعراجکردنی بۆ ئاسمان، کە تەواوی ئاینزای موسوڵمانان لەسەر هەنگاوە پانەکانی و بەڵکو لەسەر درێژەی وردەکاریەکانیشی هەندێکجار یەک ران؟

ئایا هەست بەو جیاوازیە دەکەن لە نێوان ئەو هەستەی نوێژخوێنێک کاتێک دەرک بەوە دەکات ئەوەی کە دەیڵێتەوە لە ناو نوێژەکەیدا و پەیوەست دەبێ پێوەی لە کاتە دیاریکراوەکاندا و لە خۆئامادەکردن و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی پێش نوێژ و ناو نوێژ و دوای نوێژ.. هەر هەمووی بە شێوەیەکی حەرفی و راستەوخۆ لە خودای گەورەوە هاتووە و گوازراوەتەوە بۆمان، بەوپەڕی وردی و ئەمانەتەوە لە لایەن پێغەمبەری دەستپاک و ئەمینەوە (درووەی خودای لەسەر)، لەگەڵ نوێژخوێنێکی تر هەر نوێژخوێنێک بێت لە جیهاندا کە هەست بکات لە کاتی نوێژکردندا تەنها پیادەی ئیجتهادی هەندێک لە مرۆڤەکان دەکات کە بۆی دانراوە، یان بۆی داهێنراوە لە لایەن چەند مرۆڤێکی وەک خۆی کە خۆیان ماندوو کردووە و ئیجتیهادیان کردووە لە دۆزینەوەی دەزگایەک، یان شێوازێکی مرۆڤانە کە بیانگەینێت بە پەرستراوەکەیان؟

ئایا هەست بە گەورەیی ئەو تام و چێژە دەکەن لەلای مرۆڤی موسوڵمان و ئەو هەست بەئارامی و ئەمینی و بڕوابەخۆبوونەی کە بۆی دروست دەبێت کاتێک هەست دەکات دەنگی دەگات بە کەسێکی تر کە لەسەر هێڵە، کاتێک هەست دەکات پەیوەندی بەستووە لەگەڵ خوادا لە ڕێی ئەو دەزگا خوداییەی کە هەڵە ناکات و

خودای گەورە دروستی کردووە و دایهێناوە و پێشکەشی کردووە کە رێنماییمان دەکات بەوەی پێمان دەڵێت: ئاوا دەستنوێژ بگرە، ئاوا روو بکەرە قیبلە و ئاوا ئامادەبە بۆ نوێژ و ئاوا دەست پێبکە و ئاوا بیڵێرەوە و ئاوا بجوڵێ و ئاوا سەلام بدەرەوە و تەواو بە..؟ زیاتر لەمانە، ئایا هەست بە گرنگی بوونی "فەرموودەکان" دەکەن لە ئیسلامدا کە بەتەواوی باسی هەموو ژیانمانی داگرتووە لە رێی باسکردنی هەموو شتێکی پەیوەست بە ژیانی پێغەمبەرەوە؟ بەهای "فەرموودەکان" نازانن تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە هەست بە مەحرومبوونی ئوممەتانی تر بێجگە لە موسوڵمانان دەکەن لە وتە و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرەکانیان بەو شێوە رێك و راست و رەوانەی کە لە ئاینی ئیسلامدا هەیە، بەڕاستی من زۆر سەرم سوڕماوە، زۆر بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کە باس لە پێویست نەبوونی فەرموودە دەکەن و کاریگەر بوون بەو ئاینانەی تردە بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن و دەڵێن موسوڵمان بێنیازە لە فەرموودەکان و تەنها قورئانی بەسە!

چ گەنجینە و تایبەتمەندییەکە، چ چەترێکی ئارام و رێگەیەکی رەوان و ئەمین و روونە دەیانەوی ئیسلامی لێدابڕنن؟! وەك ئەوە بڵێی خودای گەورە هیچ باسی فەرموودەی نەکردووە، چەندین ئایەتی لەسەر نەناردۆتە خوارەوە لە کتێبە پیرۆزەکەیدا، هانی نەداوین و زۆری لێنەکردووین کە شوێنی بکەوین و دەستی پێوە بگرین و شوێنی خاوەنەکەی بکەوین (درووی خودای لەسەر).

ئەوەتا خودای گەورە پێمان دەفەرموێ: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ {الحشر: ٧}. واتە: (ئەوەی پێغەمبەری خودا پێی بەخشیون و بۆی هێناون وەری بگرن، وە هەر فەرمانێکی پێدان بەگوێی بکەن، قەدەغەی هەر شتێکی لێکردن مەیکەن).

- ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ {المائدة: ٩٢}. واتە: (گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەری خودا بکەن).

- ﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ {النساء: ٨٠}. واتە: (ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات ئەوە گوێڕایەڵی خودای کردووە).

هەروەها پەیوەستبوونمان بە فەرموودەوە پشتڕاست دەکاتەوە و بە "پێشەنگی جوان – أسوة حسنة" ناوی دەبات:

- ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ {الأحزاب: ٢١}. واتە: (بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواو و ڕێکتان هەیە تا شوێنی بکەون).

لێرەوە گرنگیی ڕۆڵی فەرموودە دێتە مەیدان، لێرەوە گرنگیی نوێژەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، گرنگیی ئەنجامدانیان بەتەواوی وردەکاری و دەق و ناوەڕۆکەکەیەوە، بەڕاستی ئەو نوێژە نوسخەی ڕەسەن– أصلی بەرنامەی خودایی تەواو و چڕوپڕە، خاوەن کاریگەری خێرایە لە ماوەیەکی کورت و کەمدا، بۆ ئەوەی ڕۆژانە پێنج جار بەرنامەکانمان دووبارە دابەزێنینەوە بۆ دەڕوونمان، بەڕاستی ئەم دووبارەبوونەوەیە بەسە بۆ سڕینەوەی هەر ڤایرۆسێك کە بدات لە کۆمپیوتەری ژیانمان لە کاتژمێرەکانی شەو یان ڕۆژدا، ئەم پێنج نوێژە دیوارێکی پارێزەرمان بۆ بنیات دەنێ ڕێگری دەکات لە ڤایرۆسی لاڕێبون کە بەردەوام کار دەکات بۆ لادانمان لەسەر ڕێگەی فیترەتی خودایی، لەهەمانکاتدا هەڵدەستێت بە کوژاندنەوەی ئاگری دارستانی تاوانەکان و خەم و خەفەتەکانمان کە گڕی تێبەربووە لە هەموو لایەکی ژیانی دنیاییمانەوە. لەلایەکی ترەوە وەك پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ:

((تَحتَرِقون تَحتَرِقون، فَإذا صَلَّيتُم الصُّبحَ غَسلَتها، ثُمَّ تَحتَرِقون تَحتَرِقون، فإذا صَلَّيتُم الظُهرَ غَسَلَتْها، ثُمَّ تَحتَرِقون تَحْتَرِقون، فإذا صَلَّيتُم العَصرَ غَسَلَتْها، ثُمَّ تَحتَرِقون تَحْتَرِقون فإذا صَلَّيتُم المَغْرِبَ غَسَلَتْها، ثُمَّ تَحتَرِقون تَحْتَرِقون، فإذا صَلَّيتُم العِشاءَ غَسَلَتْها، ثُمَّ تَنامُونَ فَلا يُكتَبُ عَلَيْكُم حَتى تَستَيقِضوا)) *{صححه الألباني في صحيح الترغيب عن عبد الله بن مسعود}*.

واتە: (ئێوە – بەهۆی تاوانەکانتانەوە – دەسووتێن دەسووتێن کاتێک کە نوێژی بەیانیتان ئەنجامدا نوێژەکەتان دەتانشواتەوە، پاشان دەسووتێن دەسووتێن ئەگەر نوێژی نیوەڕۆتان کرد، ئەوە نوێژەکەتان دەتانشواتەوە، پاشان دەسووتێن دەسووتێن کە نوێژی عەسرتان ئەنجامدا، ئەوە نوێژەکەتان دەتانشواتەوە، پاشان دەسووتێن دەسووتێن ئەگەر نوێژی مەغریبتان ئەنجامدا، ئەوە نوێژەکەتان دەتانشواتەوە، پاشان دەسووتێن دەسووتێن تا نوێژی خەوتنان ئەنجام دەدەن، کە ئەنجامتاندا ئەوە نوێژەکەتان دەتانشواتەوە، پاشان دەخەون و هیچ گوناهێکتان لەسەر ناونووسرێت).

خانمە دکتۆرێکی یابانی گەنج لێی پرسیم: راستە دەڵێن موسوڵمانان هەموو ڕۆژێ پێنج جار نوێژ دەکەن؟ وەڵامم دایەوە: بەڵێ. بەسەرسوڕمانییەکی ڕەخنە ئامێزەوە وتی: چۆن دەتوانن ئەمە بکەن، زۆر نییە؟!، پێموت تۆ دکتۆری، ڕۆژانە کاتێک نەخۆشەکان دەبینی ڕۆژی چەند جار دەستت دەشۆی؟ وتی: سی.. تا پەنجا جار..، سەیری کردم و لە چاوەکانیدا وام خوێندەوە کە لە پرسیارەکەی منەوە جوابی دەست کەوت پێش ئەوەی بۆی ڕوون بکەمەوە.

ئەوەتا پێغەمبەر دەفەرموێ: ((قُمْ فَصلِّ فإنّ الصَّلاةَ شفاءٌ)) *{رواه ابن ماجة عن أبي مريرة}*. واتە: (هەستە نوێژەکەت بکە، چونکە نوێژ شیفایە).

ژیان لە چواردەورمان پڕبەتی لە ڤایرۆس، پڕبەتی لە هەڵخەڵەتێنەرەکان، لە هاندان لەسەر خراپە و لە خشتەبردن، پڕبەتی لە لادان و لاوازی مرۆڤ و پاڵنەرە شەیتانیەکان، پاککەرەوەی هەموو ئەمانەش بە ئاو نیە، بەڵکو بە نوێژە، ئاوەکە دیوی دەرەوەمان پاک دەکاتەوە، نوێژیش هۆکارێکە بۆ پاککردنەوەی دیوی ناوەوەمان.

کاتێک نوێژکەر هەستی کرد لە دوای نوێژکردن هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر دڵ و دەروونیدا نەهاتووە، چۆن چۆتە ناو نوێژەکەوە ئاوا هاتۆتە دەر، هەستی نەکرد

بەوەی کە شتێك لە دڵ و دەروونیدا گۆڕاوە، یان نەجاتی بووە لەو گوناە و خاشاکەی پێوەی نوساوە، یان هەستی نەکرد بەوەی کە وەك ئەوە وایە کە تازە لەدایك بووبێت، ئەمە مانای وایە لەو نوێژەیدا بەڕێکوپێکی ئەو سیدیەی بەکارنەهێناوە کە بەرنامەکانی بۆ دادەبەزێنێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ڤایرۆسەکان تا ئێستاش قوڵایی دەروونی فایرۆساوی دەکەن، ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سەری بووە لە لاوازی و لادان و پاڵنەرە شەیتانیەکان.

ئەگەر بەراورد لە نێوان مرۆڤی نوێژکەر و مرۆڤی نوێژنەکەر بکەین، ئەوە بەزەییمان بە مرۆڤی دووەمدا دێتەوە، بەوەی کە ئەم چەکە گرنگەی نییە کە پشتی پێببەستێت لە هەموو کارێکی گرنگ، یان رووداوێك، یان موسیبەتێك، کە تووشی دەبێت، کە چەند زۆریش بن ئەو بەڵاو موصیبەتانە، سەرمان سوڕدەمێنێت لە نوێژکەر، نوێژکەری راستەقینە، لە حاڵەتی دەموچاوی، کە هەردەم پرشنگدارە، چەندە رێگەکانی لێ تاریك بن، سەرسام دەبین لە چاوە لێبوردەکانی، کە هەردەم راهاتوون لەسەر میهرەبانی و ملکەچی و نەرمونیانی، هەرچەندە ناڕەحەتی و ناسۆرەکانی تووند و زۆر بن، تەنانەت کە دەڕوانیتە دەموچاوەکانی چواردەور، زۆر جار نوێژکەر و نوێژنەکەر لێك جیا دەکەیتەوە، وەك بڵێی ئەو میهرەبانییەی کە چاوەکانی نوێژخوێنان پڕ دەکات بە بەردەوامی ئەوە بێت کە ئایەتە پیرۆزەکەی سورەتی {الفتح} ئاماژەی پێداوە کاتێك باسی سیما و دەموچاوی نوێژخوێنان دەکات و دەفەرموێ: ﴿تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ﴾ {الفتح: ٢٩}. واتە: (دەیانبینیت سەرگەرمی نوێژ و خواپەرستین کڕنووش و سوژدە دەبەن، هەردەم ئاواتیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پایە بەرزییە لەلای خودا نیشانەی چاکی و پاکیان لەناوچاوانیاندا دەدرەوشێتەوە لە ئەنجامی سوژدەبردن و خواپەرستنیان).

سوێند بەخوا ئەوەیە کە دەناسرێتەوە، نەك ئەو پەڵە ڕەشەی کە لە ناوچەوانی

هەندێك خەڵکدا دەبینرێت، کە هەندێك وا حەزدەکات وا بخوێنرێتەوە کە ئەو پەڵەیەی دەموچاوی سیمای نوێژ و سوژدەیە، ئەگەر ئەوە مەبەست بوایە ئەوە ئایەتەکە دەیفەرموو (سیماهم في جباههم)، نەخێر ئەو ئاکار و نیشانەی دەموچاوانەن کە پرشنگدارن، ئەو دەموچاو و ئاکارە بەخشندە و میهرەبانەن کە تەنها نوێژخوێنان پێی بەهرەمەند دەبن، فیراسەتی مرۆڤی موسوڵمان هەڵە ناکات لە خوێندنەوەیدا، لە دەموچاوی نوێژخوێناندا.

هەموو پەرستشەکانی کە فەرمانمان پێکراوە تەنها ئامانج لێی دووبارە دابەزاندنەوەی بەرنامەکانە، چەندە جیاوازی ببێ لەنێوان کات و شوێنەکانی.

بە نموونە رۆژوو بەرنامەیەکی کاریگەر و دوورودرێژە، کە لە کۆمپیوتەری ناخ و دڵ و دەروونماندا دادەبەزێت، پێویستی بە یەك مانگ هەیە تا بەتەواوی دادەبەزێت، بەڵام کاریگەریەکەی تا ساڵێك دەمێنێت، ئێمە بە دابەزاندنی بەرنامەی رۆژوو، بەرنامەکانی شەهوەت و ئارەزووەکانمان جارێکی تر رێك دەخەینەوە، کە باریان قورس بوو بە ڤایرۆسی زۆر بەدرێژایی یەك ساڵی پێشوو، بەرنامەی چاوەکانمان دادەنێینەوە کە گومان نییە لاوازی مرۆڤ لەبەرامبەر هەڵخەڵەتێنەرە شەیتانییەکان بەدرێژایی کات لاوازی کردووە، جارێکی تر بەرنامەی زمانمان دادەڕێژینەوە کە بەهۆی تێپەڕبوونی کات و مانگەکانەوە راست و هەڵە و حەرام و حەڵاڵ و پیس و پاك و حەق و بەتاڵی لێتێکەڵ بووە، هەروەها جارێکی تر بەرنامەی ناخ و دەروونمان دادەنێینەوە کە لەماوەی ئەم ساڵەدا چەندەها چڵك و پۆخڵیی شەیتانی پێوە نووساوە، کە خەریکە تۆوی رەحمەت و بەزەیی و حەق و دادپەروەری و گومانی باش و رازیبوون و قەناعەت و ملکەچی و ئارامگرتن و چاکە و سوپاسگوزاری و چێژی ئیمان و گوفتاری جوانمان تێدا بکوژێت.

هەروەك رۆژوو فەریزەتی "حەج"، بەڵام بەرنامەیەك بۆ ماوەیەکی درێژتر و کاریگەری قوڵتر، چونکە حەجی خێر ئامێز و قەبوولکراو وەك پێغەمبەر (دروودی

خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((لَيسَ لَهُ جَزاءٌ إلاّ الجَنَّة)). واتە: (هیچ پاداشتێکی نییە تەنها بەهەشت نەبێت)، هەرکەسێك کە خودای گەورە حەجەکەی لێ قەبوڵ بکات وەك ئەو ڕۆژەی لێدێتەوە کە لە دایکی بووە وەك پێغەمبەری خودا (درووەی خودای لەسەر) بەڵێنی پێداوین.

بڕوانە کاتەکانی نوێژ، وردە وردە لەیەکتر نزیك دەبنەوە لەگەڵ هێرشە شەیتانیەکان بۆ سەرت، سەرەتا نوێژی بەیانی ئەنجام دەدەیت، پاشان نزیکەی نیوەی ڕۆژەکە دەوەستی تا نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام دەدەیت، بەڵام مۆڵەتی نوێژی دوایی کەم دەبێتەوە، چونکە نوێژی دوایی لە ڕۆژدا لە ناوەڕاستەکەیدا نوێژی عەسر هەیە، پێش ئەوەی کۆتایی بە ڕۆژ بێنین، پاش ڕۆژ ئاوابوون نوێژی شێوان هەیە، پاشان کاتێکی کەم دەوەستین نوێژی خەوتنان دێت و پاشان بەرەو خەوتن دەڕۆین.

ئا ئەمەیە تایبەتمەندی نوێژ، ئەمە هەندێکە لە نهێنیەکانی لێکنزیکبوونەوەی کاتەکانی لەیەکتر و دووبارەبوونەوەی ڕۆژانە پێنج جار، لە ڕ جۆرە تاقیگەیەکی چەك دروستکردنی پێشکەوتوو و وردەکاردا چەکێکی ئاوا دەبینین کە کاریگەرتر و وردەکارتر بێت لە پێکانی ئامانجدا و بەدڵنیاییەوە ئامانجەکانی بپێکێت و سەرکەوتن بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر بکات و ئامانجە چاوەڕوانکراوەکانی بهێنێتە دی، لە چەکی نوێژکردن باشتر بێت.

ریتمی نوێژ و ریتمی ژیان

لە زستاندا مرۆڤ بەدوای گەرمکەرەوەدا دەگەڕێت، لە هاوینیشدا بەدوا فێنککەرەوەدا، لە نەخۆشییدا بەدوا دەرمان و لە برسێتیدا بەدوای خۆراك و لە تینوویێتیدا بەدوای ئاو و لە قەڵەباڵخی و دەنگەدەنگدا بەدوای شوێنێکی بێدەنگ و لە کاتی ترسدا بەدوای شوێنی ئەمین و بێ ترسدا دەگەڕێت.

ئەگەر رەوڕەوەی ژیان بەخێرایی بڕوات، کە لەم چەرخەدا لە هەموو کاتێك خێراترە کە چەرخی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژی گەیەنەرە بۆ هەموو کایەکانی ژیان، کەواتە دەبێت نوێژەکانمان ئارامگایەك بێت بۆمان و بمانپارێزێت لە رەوڕەوەکەی کە بە دانە ئاسنینە رەقەکانی تێکمان بشکێنێت، کارێکی ئاساییە کە رەوڕەوە پێچەوانەییەکەی نوێژ کە پێمان دەبەخشێت لەو بەهێزتر بێت لە رووی ئارامی و ئیسراحەت و تەسلیمبوونەوە.

هیچ کات بیرتان لەوە کردۆتە کە ریتمی نوێژ هاوشانبێت لەگەڵ ریتمی ژیاندا بە شێوە خێراکەی، یاخود رەنگە بڵێم شێتەکەی؟ وەك هەموو کارێکی تری ژیان مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەگەر وابێت ئەوە نوێژ دەبێتە بارێکی قورسی تر لەبارە قورسەکانی ژیان وەك لای هەندێك کەس بەم شێوەیەیە، باری سەرشانمان قورس دەکات بەهۆی ئەوەی کە کۆشش و کات و هەست و بیرکردنەوەی زیاتر بەکار دەبەین وەك ئەنجامدانی هەرکارێکی میکانیکی رۆژانەی تر، بۆیە هەوڵ دەدەین وەك کاروبارەکانی ژیان خێرا لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە، بەتەواوی وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ بابەتە میکانیکیەکانی ژیان دەکەین کە هیچ لایەنێکی رۆحی تێدا بەکارناهێنین، بەڵکو رەنگە لە روانگەی ئەم دەرەنجامە نادڵخۆشکەر و ناهاندەرەوە هەوڵ بدەین ئەم ئەرکە میکانیکیە لە ژیانماندا بسڕینەوە بەتەواوی، چونکە جێگە نیە لە ژیانی رۆژانەماندا لەوە زیاتر بۆ ئەم جۆرە ئەرکە میکانیکیە قەڵەباڵخ و مادییانە.

بزانە زیادکردنی ئەم ئەرکە – نوێژکردن– ئاسان نییە لە سەرەتاوە، چۆن دەتوانین پەلە نەکەین و کارێك زیاد بکەین کە هەزار کار و ئەرك و بەرپرسیارێتی و وادە و بەرنامە و کۆبوونەوە و سەردان و پێشوازی و خوێندن و بڕیار چاوەڕێمان دەکات لەبەر دەرگا؟!

ئەگەر بیرکرنەوەمان سەبارەت بە نوێژ بەم شێوەیە بێت لەکاتێکدا کە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ فڕین بۆ بۆشایی نوێژ، ئەوە هەرگیز ناتوانین بە کەشتیی نوێژەکانمان لە تۆێکڵی بۆشایی ئاسمان دەربچین، کەشتیەکەمان دەسووتێت پێش ئەوەی بفڕین:

- پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) فەرمووی بەو کەسەی کە نوێژەکەی بەپەلە و بێئاگایی ئەنجامدا: ((ارجِعْ فَصَلِّ فإنَّكَ لَمْ تُصَلِّ)) {رواه البخاري عن أبي مريرة}. واتە: (بڕۆ جارێکی تر نوێژەکەت بکەرەوە، چونکە تۆ نوێژت نەکردووە).

هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە نوێژەکانی رۆژ بە دەنگی نزم ئەنجام دەدرێن کە گونجاوە لەگەڵ نەغمە و بەرزیی ریتمەکانی ژیان کە لەو کاتەدا پڕە لە دەنگەدەنگ و قەڵەبالّخی، بەرزبوونەوەی دەنگی مرۆڤەکان، بەرزیی پلەی گەرما و تیشکەکەی، بەرزیی ترپەی جموجۆڵی چواردەورمان، زیادبوونی کارکردن و چالاکی و رۆیشتن بەرەو کاسبی و لایەنی ماددیی زۆر و خێرا و ئالۆز.

بەڵام نوێژی ئێوارە ئاساییە بەپێچەوانە کە گونجاو بێت لەگەڵ بێدەنگیی شەو و ئارامیی و پەنهانیی و تاریکییەکەی، لەگەڵ کەمبوونەوەی جووڵەی کارکردن بۆ پەیداکردنی رۆزیی و راوەستانی ئاشی ژیان لە دەنگەدەنگ و جوڵانەوە، بۆیە خوێندنی نوێژەکانمان بەدەنگی بەرز کەمێك لەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، بۆئەوەی هاوسەنگیی بۆ دەفری دەروونمان بگێڕێتەوە، لەناخماندا پارێزگاری لە هاوکێشەی ریتم و ترپەی ژیان بکات، پاشان شێوەی دەنگ و رەنگ و جوڵەکانمان بۆ رێکبخات و هاوسەنگیی دەروونیمان بۆ بێنێتە کایەوە کە خەریك دەبێ لەدەستی بدەین.

رۆژەکانمان کۆتایی پێدەهێنین بە نوێژی خەوتنان، لێرەدا دووردرێژیی و جیاوانی جۆریی بەدی دەکەین، ئێستا چوار رکاتی درێژمان لەبەردەمدایە، دوانیان بە دەنگی بەرز دەخوێنین بەپێچەوانەی بێدەنگی شەو و ئارامیەکەی، وەک ئەوەی رۆژ گەڕابێتەوە بۆ ئەوەی بۆشاییەکی پێویستت بخاتە بەردەم کە دەتوانی بە دەنگت پڕی بکەیت و هاوار بەریت پێی بۆ لای خودا، پاشان دوو رکات نوێژی سوننەتی دوای عیشا ئەنجام بدەیت و پاشان رکاتێک یان چەند رکاتێکی وتر بکەیت، دەتوانی ئەم رکاتە وترانە یەک یان سیان یان پێنج یان زیاتر بەتاکی ئەنجام بدەی، ئەو فراوانی و دەستکراوەییە لە زۆریک لە پەرستشەکانی تردا هەن وەک لەمەودوا ئاماژەی پێدەکەین، ئەمەش رێگەپێدانێکی نەرم و فراوانە بۆ درێژکردنەوەی نوێژ، درێژکردنەوەیەک کە هەست بکەی بە قەبارەی ئەو هەموو چڵکە کەڵەکەبووەی رۆژ کە کۆبۆتەوە بەسەرتدا، بە هۆیەوە کە ناترسیت زیاد بکات و هێرشت بکاتە سەر و هەڵتبخەڵەتێنێت لە ڕێی پاڵنەرە شەیتانیەکانی شەوەوە.

تێبینی بکە و ببینە سوننەتەکان لە پێش و دوای نوێژەکانماندا زۆر دەبن کاتێک کە رکاتی فەرزەکان زۆر بوون، هەروەها کەم دەبنەوە کاتێک کە ئەوان کەم دەبنەوە، ئەمە هەندێک لەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە پێویستە ژمارەی رکات و نوێژەکانمان بگونجێت لەگەڵ حاڵەتەکانی ژیانمان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پێویستیمان بە پەیوەندییەستن هەیە بە خودای گەورەوە لە رۆژدا یان لە شەودا یان لە کاتی کێشەکاندا.

بزانە زیادکردنی ئەم ئەرکە – نوێژکردن– ئاسان نییە لە سەرەتاوە، چۆن دەتوانین پەلە نەکەین و کاتێك زیاد بکەین کە هەزار کار و ئەرك و بەرپرسیارێتی و وادە و بەرنامە و کۆبوونەوە و سەردان و پێشوازی و خوێندن و بڕیار چاوەڕێمان دەکات لەبەر دەرگا؟!

ئەگەر بیرکرنەوەمان سەبارەت بە نوێژ بەم شێوەیە بێت لەکاتێکدا کە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ فڕین بۆ بۆشایی نوێژ، ئەوە هەرگیز ناتوانین بە کەشتیی نوێژەکانمان لە تۆپکلّی بۆشایی ئاسمان دەربچین، کەشتیەکەمان دەسووتێت پێش ئەوەی بفڕین:

- پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) فەرمووی بەو کەسەی کە نوێژەکەی بەپەلە و بێئاگایی ئەنجامدا: ((ارجِعْ فَصَلِّ فإنَّكَ لَمْ تُصَلِّ)) {رواه البخاري عن أبي مريرة}. واتە: (بڕۆ جارێکی تر نوێژەکەت بکەرەوە، چونکە تۆ نوێژت نەکردووە).

هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە نوێژەکانی رۆژ بە دەنگی نزم ئەنجام دەدرێن کە گونجاوە لەگەڵ نەغمە و بەرزیی ریتمەکانی ژیان کە لەو کاتەدا پڕە لە دەنگەدەنگ و قەڵەبالّخی، بەرزبوونەوەی دەنگی مرۆڤەکان، بەرزیی پلەی گەرما و تیشکەکەی، بەرزیی ترپەی جموجۆڵی چواردەورمان، زیادبوونی کارکردن و چالاکی و رۆیشتن بەرەو کاسبی و لایەنی ماددیی ژۆر و خێرا و ئالۆز.

بەڵام نوێژی ئێوارە ئاساییە بەپێچەوانە کە گونجاو بێت لەگەڵ بێدەنگیی شەو و ئارامیی و پەنهانیی و تاریکییەکەی، لەگەڵ کەمبوونەوەی جوولّەی کارکردن بۆ پەیداکردنی رۆزیی و راوەستانی ئاشی ژیان لە دەنگەدەنگ و جوڵانەوە، بۆیە خوێندنی نوێژەکانمان بەدەنگی بەرز کەمێك لەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، بۆئەوەی هاوسەنگیی بۆ دەفری دەروونمان بگێڕێتەوە، لەناخماندا پارێزگاری لە هاوکێشەی ریتم و ترپەی ژیان بکات، پاشان شێوەی دەنگ و رەنگ و جوڵەکانمان بۆ رێکبخات و هاوسەنگیی دەروونیمان بۆ بێنێتە کایەوە کە خەریك دەبێ لەدەستی بدەین.

رۆژەکانمان کۆتایی پێدەهێنین بە نوێژی خەوتنان، لێرەدا دوورودرێژیی و جیاوانی جۆریی بەدی دەکەین، ئێستا چوار رکاتی درێژمان لەبەردەمدایە، دوانیان بە دەنگی بەرز دەخوێنین بەپێچەوانەی بێدەنگی شەو و ئارامیەکەی، وەک ئەوەی رۆژ گەڕابێتەوە بۆ ئەوەی بۆشاییەکی پێویستت بخاتە بەردەم کە دەتوانی بە دەنگت پڕی بکەیت و هاوار بەریت پێی بۆ لای خودا، پاشان دوو رکات نوێژی سوننەتی دوای عیشا ئەنجام بدەیت و پاشان رکاتێک یان چەند رکاتێکی وتر بکەیت، دەتوانی ئەم رکاتە وترانە یەک یان سیان یان پێنج یان زیاتر بەتاکی ئەنجام بدەی، ئەو فراوانی و دەستکراوەییە لە رۆژیک لە پەرستشەکانی تردا هەن وەک لەمەودوا ئاماژەی پێدەکەین، ئەمەش رێگەپێدانێکی نەرم و فراوانە بۆ درێژکردنەوەی نوێژ، درێژکردنەوەیەک کە هەست بکەی بە قەبارەی ئەو هەموو چڵکە کەڵەکەبووەی رۆژ کە کۆبۆتەوە بەسەرتدا، بە هۆیەوە کە ناترسیت زیاد بکات و هێرشت بکاتە سەر و هەڵتبخەڵەتێنێت لە رێی پاڵنەرە شەیتانیەکانی شەوەوە.

تێبینی بکە و ببینە سوننەتەکان لە پێش و دوای نوێژەکانماندا زۆر دەبن کاتێک کە رکاتی فەرزەکان زۆر بوون، هەروەها کەم دەبنەوە کاتێک کە ئەوان کەم دەبنەوە، ئەمە هەندێک لەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە پێویستە ژمارەی رکات و نوێژەکانمان بگونجێت لەگەڵ حاڵەتەکانی ژیانمان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پێویستیمان بە پەیوەندییەستن هەیە بە خودای گەورەوە لە رۆژدا یان لە شەودا یان لە کاتی کێشەکاندا.

جۆراوجۆری: قوتابخانەی شارستانی یەکەم

هیچ کاتێك بووە پرسیارتان کردبێت وەك من پرسیارم کرد جارێکیان: بۆچی نوێژەکانی ئێمە بەم شێوە جیاواز و جۆراوجۆرەیە لە رووی ژمارەی رکات و هەستان و دانیشتن و جولّەکان و خوێندنەوەکان و کاتەکان و ناوەکان و جۆرەکان؟ بۆ لەسەر یەك شێوە و یەك رەنگ نەبوون وەك نوێژی هەندێك لە ئاینەکانی تر؟ بۆ ئەم جۆراوجۆری و " ئالۆزی" و "قورسی" و "شلّەژان"ە، بۆچی ئەم هەموو جۆراوجۆریە لەنێوان نوێژەکانی بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و شێوان و خەوتنان؟ بۆچی ئەم هەموو جیاوازیە لەنێوان فەرزەکان و سوننەتەکان و نوێژی ویتر؟ لەنێوان سوننەتەکانی پێش نوێژ و دوای نوێژ؟ سوننەتە جەخت لەسەرکراوەکان و جەخت لەسەرنەکراوەکان؟ شەوانەییەکان و رۆژانەییەکان؟ ئەوانەی بە بێدەنگی دەیانکەین و ئەوانەی بەدەنگی بەرز دەیانکەین؟ ئەوانەی بەتەنها دەیانکەین و ئەوانەی کە بە جەماعەت ئەنجامیان دەدەین؟ بەڕاستی بەم شێوەیە وا دەردەکەوێت کە نوێژ وانەیەکی خوێندنی قورسە، لە ئاستێکی بەرزدایە، نوێژخوێن دەبێت فێری ببێت و ئەنجامی بدات بەتەواوی هەتا بزانێت چۆن نوێژەکانی ئەنجام دەدات، باشە بەم شێوەیە کارگرانی نییە لەسەر منداڵ و ناکامەکان و نەخوێندەوارەکان و جاهیلەکان؟ ئەی باشە چۆن ئاوایە و کەچی ئیسلام لە ناو گەلێکدا هاتووە کە نەخوێندەوار بوون و نەیانتوانیوە بنووسن و بخوێننەوە.

بەڕاستی عەقڵە کورتبینەکانی ئێمە دەرك ناکات بە کاربەجێییە خودایە گەورەکان، لەکاتێکدا هەوڵ دەدات بگەڕێت بەدوای وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە، بەڵام ئێمە کە وەصفدارکراوین بەوەی کە موسوڵمانین فەرمانمان پێکراوە کە بیربکەینەوە و عەقڵمان بخەینەگەڕ و وردببینەوە لە کارە بەجێیەکان و ئامانجەکانی خودای گەورە و ئەوەی کە بۆ ئێمەی ویستووە و فەراهەمی هێناوە، تا هەوڵ بدەین بگەین بە هەندێکیان ئەگەر هەمووشیان دەرك نەکەین.

خۆمان و جیهانیش چەندە پرسیارمان بۆ دروست بووە کە ئایا ئیسلام چۆن توانی عەرەب بەو خێرایییە قیاسیە کە خێرایی شۆڕشی کۆمپیتەری ئەمڕۆی تێپەڕاندووە، لە گەلێکەوە کە پێویستیان بەوە بوو خەڵکانێك نامەیان بۆ بخوێنێتەوە، ئەو کات ئەگەر نامەیەکیان بۆ نووسرابا پێویستبوو یەکێك سەفەر بکات بۆ شوێنێکی وا کە خوێندەوارێکی تێدا بێت تا نامەکەیان بۆ بخوێنێتەوە و لە ناوەڕۆکەکەی بگەن، تا وایان لێهات لە ماوەی دوو دەیە، یان سێ دەیەدا بناغەی هەندێ زانست دانێن وەك زانستەکانی زمانەوانی و نەحوو و صەرف و فەرهەنگ و بەلاغە و نەقد و تەفسیر و قیرائات و زانستەکانی فەرمودە و فیقە و سیرە و زانستی رجال و زانستەکانی زەویناسی و مێژوو و جوگرافیا و فەلسەفە و مەنتیق و پزیشکی و فەلەکناسی و بیرکاری و ماتمایك و .. چەند دەڕمێری بژمێرە.

نوێژ رۆڵێکی دیاری هەبوو لەم خێراییە سەرسامە لە لەدایکبوونی ئەو شارستانیەتە ئیسلامیەی کە مێژووی شارستانیەتەکان هاوشێوەی نەبینیوە و ناشیبینێت.

بەڕاستی ئەم جۆراوجۆریە لە هەڵسوکەوتەکانی نوێژ ئەو شتانەی کە تیایدا دەخوێنرێت و شێوازی خوێندنەکانی و کاتەکانی و شێوەکانی و ژمارەی رکاتەکانی و جۆری ئەو رکاتانە قوتابخانەی یەکەم بوون کە مێشکی مندالّی موسوڵمانی لەسەر گۆش دەبوو و پیادەی راهێنانە فیزیاییەکانی لەسەر دەکرد بۆ فراوانبونی خانەکانی مێشك و ئامادەکردنی بۆ بیرکردنەوە و لەبەرکردن و شیکاری و داهێنان، بەڕاستی نوێژ قوتابخانەیەکە کە مێشکی منداڵەکانمان فێر دەکات کە چۆن فکر و بیر و هۆشەکانیان ڕێك بخەن، بابەتەکانیان بڵاوبکەنەوە و ڕێکیان بخەن، دەرهاویشتەکانیان شیبکەنەوە و زانستەکانیان دابمەزرێنن و ئاستۆ شارستانیەکانیان دیاری بکەن.

ئایا ئیسلام بەم جۆرە فێرکردنە ڕێك و میکانیکیە نەیتوانی ئەم نەخوێندەوارانە

بکات به خاوەنی شارستانیەتێکی تێر و تەواو لە رووی فیکر و رۆشنبیری و زانستەکان و خوڕەوشتەوە؟ نالێم کردنی بە خاوەنی ئیمپراتۆریەت، چونکە زۆرێك لە ئیمپراتۆریەتەکان تەنها شەڕ و خوێنڕشتن و کوشتن و کاولکاریان دەزانی، وەك مەغۆل و تەتار.

قوتابی لە وڵاتە رۆژئاواییەکان لە پێنج ساڵیی دەچێتە بەر خوێندن، لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانیش لە شەش ساڵیەوە دەچێتە بەرخوێندن، بەڵام لە قوتابخانەی ئیسلامدا لە حەوت ساڵیی دەچێت و ئەوە ئەو ساڵەیە کە فەرمانمان پێکراوە منداڵەکانمان فێری نوێژ بکەین.

نوێژ بەو جۆراوجۆریە مانای ئەوەیە کە دەبێت هەموو موسوڵمانێك بچێتە قوتابخانەی زانست و بیرکردنەوە و شارستانیەت و بنیاتنان لەو تەمەنە زووەوە کە تەمەنی منداڵییە، بەتەواوی ئەو مانایەی کە قوتابخانە دەیگرێتەخۆ لە بەرپرسیارێتی و تێگەیشتن لە لەبەرکردن و خۆئامادەکردن و پلاندانان بۆ دەرچوون و سەرکەوتن و داهێنان، لەمەودوا نەخوێندەواری نیە، نەزانین نییە، لەمەودوا تەمبەڵی و لەش خاوی و پاڵدانەوە و تەسلیمبوون بە نەزانیی بۆماوە نیە، تەواو تۆ موسوڵمانیت، کەواتە تۆ فێرخوازیت، تۆ موسڵمانیت، کەواتە تۆ شارستانییت.

یەکەم وانە کە دەیخوێنیت و وەریدەگریت لە قوتابخانەی ئیسلام و بەتەواوی فێری دەبیت و دەردەچیت تیایدا، پاشان پیادەی دەکەیت، بریتیە لە وانەی نوێژ، پێویستە ژمارەکانی و کاتەکانی و ناوەکانی و جۆرەکانی و جوڵە و دەق و پابەندبوونەکانی و ئەو شتانەی دروستن و ئەوانەی قەدەغەن تیایدا.. فێر ببین، پاشان پێویستە بۆ ئەوەی موسوڵمانێکی راستەقینە بیت ناوەڕۆکی بابەتەکانی بە تەواوی فێربیت و ئینجا پیادەی بکەیت، بەپێچەوانەی خوێندن لە هەندێك لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئەمڕۆ کە خوێندکار خەریکە زانست و فێربوون لە زیهنیدا دەکوژێنرێتەوە و شەهادەوەرگرتن و ماندووبوونەکەی تەنها هۆکارێکە بۆ گەڕان

بەدوا کارێك یان رزقێکدا.

ئەم وانەی یەکەمە لە قوتابخانەی ئیسلام، لە تەنیشت وانەی قورئانی پیرۆز و فێربوونی خوێندنەوەی و تەجویدەکەی و دەربڕینەکەی، پاشان لەبەرکردنی هەندێك لە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (درووی خودای لەسەر)، ئەمانە موسوڵمانی بچووك و منداڵ بەشێوەیەکی راستەوخۆ والێدەکات کە وانەکانی تری زانستەکانی ئیسلام فێر ببێت و هەوڵی فێربوونیان بدات، تێبگات لەو بابەتانەی کە پێویستە تێیان بگات، ئەو بابەتانە لەبەریکات کە پێویستە لەبەریان بکات، ئەمە دەبێتە دەروازەیەك بۆ فێربوونی زانستەکانی تری ژیان و قوڵبوونەوە تیایدا و دۆزینەوەی نهێنیەکانی.

نوێژ بۆ موسوڵمان مانای رۆشنبیری و زانست، پاشان شارستانییە، ئەگەر وانیە باشە چۆن سەرکەوتوویی زۆربەی ئەو خوێندکارانەی کە لە ماڵێکی ئەهلی نوێژ پەروەردە دەبن بەسەر ئەو خوێندکارانەی کە نوێژکەر نین و لە ماڵێکدا پەروەردە بوون کە نوێژخوێن نین لێکدەدریتەوە. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم جۆراوجۆرییەی نوێژ ئەرکێکی تری هەیە بێجگە لە ئەرکە شارستانیەکەی ئەویش بریتییە لە "ملکەچی- خشوع".

گرنگی جۆراوجۆری بۆ ملکەچی و ئاگا لەخۆبوون لە نوێژدا

هەر شتێك دووبارەبوونەوە و پەیوەستبوون لەسەر یەك حاڵەت و رۆیشتنی هەنگاوەکانی بەشێوەیەکی میکانیکی بوون، ئەوە بێئاگایی زیهنیمان بۆ دروست دەکات و وامان لێدێت بەبێ ئاگا لەخۆبوون کارەکە ئەنجام بدەین، بەڵکو رەنگە بمانگەیەنێتە وەنسك و خەویش.

ئایا تێبینیت کردووە کاتێك کە سەیارە لێدەخوریت لە سەر ڕێگە بەرز و دوور درێژو پان و ڕێکەکان، چۆن تووشی وەنسك و خەوالوویی و بێتاقەتی دەبیت، رەنگە

تووشی پەرتەوازەیی مێشك و بیركردنەوەش ببیت؟ رێگەیەكی لێكچوو كە ناگۆڕێت، خێراییەك كە بە دەگمەن زیاد و كەم دەكات؟ بەڕاستی دوژمنی یەكەم بۆ ملكەچی و قوڵبوونەوە لەناو نوێژدا و بیركردنەوە لە ماناكان تیایدا بۆ گەیشتن لە رێگایانەوە بە خودای گەورە بریتیە لە تەسلیمبوون بە ئولفەت و راهاتن و عادەتیبوون و سوود وەرنەگرتن بەشێوەیەكی باش لە جۆراوجۆری لەو شتانەی كە ئەم پەرستشە رێگەمان دەدات كە بەشێوەیەكی جۆراو جۆر ئەنجامی بدەین.

بەڕاستی ئەم جۆراوجۆریە لە ژمارەی ركاتەكانی نوێژ و جیاوازی كاتەكانی ئەم نوێژانە و جیاوازی سروشتی خوێندنەوەكان تیایاندا و جیاوازی شێوازی لەش و دانیشتنەكان، هەروەها جیاوازی ویرد و زیكرەكان بەپێی هەستان و جوڵەكان.. جگە لەمانەش زۆر جیاوازی تر كە هەندێكیانمان باس كردوون لەمەوپێش، كە دەكرێت بمانپارێزن لە گریمانەی پەرتبوون و لادانی زیهنمان لەوەی ئەنجامی دەدەین و دەیڵێین لە نوێژدا، بەهۆیەوە چەقبەستویی و عادەتیبوونمان لێ دوور بكەوێتەوە، وامان لێبكات بە ئاگاتر بین لەو شتانەی كە دەیڵێین، زیاتر هەست بە خشوع و ملكەچیی بكەین لەگەڵ خوادا لە كاتی ئەنجامدانی ئەم روكنە سەرەكیە لە ناو عیبادەتە رۆژانەییەكانماندا، لەگەڵ ئەوەیشدا كە راهێنانێكی كرداریی زۆر باشە بۆ مێشكمان و ئامادەی دەكات بۆ وانەی زیاتری تر كە بەبەردەوامی و دەبێ لەمەودواش هەر وابمێنێت ئەو زەویە بێت كە لێیەوە دەردەچین بۆ بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

وانەی نوێژ بەو جۆراوجۆریەی وانەیەكی سووك نییە، باشە چ كاتێك هەبووە دروستكردنی مرۆڤ كارێكی ئاسان بووبێت یان بنیاتنانی شارستانییەت كارێكی سادە و ئاسان بووبێت، چ كاتێك دروستكردنی دەوڵەت و بنیاتنانی بەبێ ئەم رۆحییەتە دێتەكایەوە، بەبێ ئەو هیممەتە بەرزانە جێبەجێ دەكرێت؟

باشە دەبێ بۆ ئەم جۆراوجۆریە لەم وانە گەورە سەرسوڕهێنەرەدا لە روكنی

دووەمی ئیسلامدا خودای گەورە پێغەمبەری خودای (دروودی خودای لەسەر) بانگ کردبێت بۆ (سدرة المنتهى) بۆ ئەوەی ئەم وانە قورس و درێژەی لە وانەکانی ئیسلامی پێ بڵێت، جیاواز لە وانەکانی تری جیبریل کە بەشێوەیەکی جیاواز بە پێغەمبەری خودا وتراون.

بەڕاستی جۆراوجۆریی قوتابخانەیەکە بۆ نەرمی و قبوڵکردنی بەرامبەر، بەڕاستی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) چەند وانەیەکی وای پێ وتووین لە نەرمونیانی و جۆراوجۆریدا کە لەبیر ناکرێن جا لە نوێژەکاندا بێت یان لە پەرستشەکانی تردا، بەتایبەت لە سوننەتەکاندا، ئەم نەرمونیانیە لەڕاستیدا نوێنەرایەتی ڕۆحی ئیسلام دەکات، ئیسلامێکی لێبوردە و میانڕەو و گونجاو لەگەڵ زەمانە و کەشەکان و زروفەکاندا، کە دەکرێت جۆراوجۆر و جیاواز بێت لە لای هەریەکەمان.

گۆڕانکاری لە شێواز و جوڵەکان.. بۆچی؟

گۆڕانکاری لە شێوەی لاشە لە نوێژدا و جۆراوجۆریەکانی بە ئەنقەست بێ هۆ ئاوا دانەنراوە، ئەگەر وابوایە ئەوە دەمانتوانی هەرشتێك حەزمان لێبێبوایە بمانوتایە و بمانخوێندایە، بەدانیشتنەوە یان بەپێوە، یان بەڕاکشانەوە، لەسەر لا یان لەسەر پشت، یان بەبێ هیچ جوڵەیەك وەك نوێژی نەخۆش.

جگە لە ڕۆڵی جموجوڵەکانی نوێژ کە جۆراوجۆریمان بۆ فەراهەم دێنێن و بەدورمان دەگرن لە ترسی دوبارەبوونەوە و ڕاهاتن و خەیاڵڕۆشتن و پەرتبوون، هۆمان هەیە پرسیار بکەین: بۆچی خوێندنەوەکان لەناو نوێژدا پەیوەستکراون بە گۆڕانکارییەکانی لاشەوە، هەر جوولەیەك و گۆڕانێکی لاشە جۆرە خوێندنەوە و زیکرێکی بۆ دانراوە؟ بۆ نموونە بۆچی زیکری (سبحان ربي العظيم) لە چوونە ڕکوعدایە و لە سوجدەکاندا نییە و لەوێدا (سبحان ربي الأعلى) دەخوێنرێت؟ بۆچی

خوێندنەوەی دەقە قورئانیەکان تایبەت کراوە بە کاتی راوەستانەکان بەپێوە، لەکاتی دانیشتندا دەقی فەرموودەیی (التحیات والصلوات ..) دەخوێنرێت؟ بۆچی..؟ بۆچی..؟ چەندین پرسیاری لەو جۆرەی تر.

بەڕاستی گۆڕانکاری لە حاڵەتەکانی نوێژدا دەکرێت یارمەتیدەربێت لەسەر زیندووی و تووندوتۆڵی بەئاگا لەخۆبونێکی تەواوەوە بەرامبەر ئەو کەسەی کە رووماننێکردووە و دەبسمانکردووە بە قسەکردن لەگەڵیدا، وەک بڵێی بەم جموجۆڵ و گۆڕانکارییانە لەگەڵ خوێندنەوەی زیکرەکاندا راهێنان بێت لەسەر تێگەیشتن و حاڵیبوون لەسەر ئەوەی کە دەیخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی راستەوخۆ لاشەمان جموجوڵەکانمان و ئەو بابەتانە جێبەجێ بکات کە بە دەم و زمانماندا دێت، ئەوە وەک ئەوەیە کە جەختکردنەوە بێت لەسەر پەیوەستبوونی گوفتار و کردارەکانمان بەیەکەوە، باوەڕبوون و دڵنیابوون بێت بەوەی کە دەیڵێین.

بە چاوپۆشین لە تێگەیشتنمان لەم گۆڕانکاری و جموجوڵ و حاڵەتانەی ناو نوێژ و ئامانج و فەلسەفەکانی، چەندە ئەم بیرو بۆچوون و تێگەیشنانەمان بێنەوە لەگەڵ ئامانجی خودایی بۆ تەشریعکردنی نوێژ بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین گرنگترین سوود لەم جۆراوجۆری و هەستان و دانیشتنانەی نوێژ ئەوەیە کە بەم شێوەیە پارێزگاری دەکەین هاوتابوونی هێڵی جولەکان لەگەڵ هێڵی وشەکان و گوفتارەکان و بەیەکەوە دەربڕین، جولەکان دەگونجێنین، ئەمە کارێکی گرنگە و بابەتێکی سەرەکیە لەسەر بەڵگەهێنانەوەمان بۆ راستی و دروستی و ئیخلاصمان لە رووتێکردنی ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەین، وەک لەمەودوا تیشکی دەخەینەسەر.

تەنها جموجولەکانمان نییە لە نوێژدا کە دەکرێت سەرنجی خەڵکمان بۆ لا رابکێشێت، بەڵکو راوەستانیش – سکون– لە جولەکانیشماندا جێگەی تێڕامانە. بەڕاستی پەیوەستبوونە تەواوەکانمان رووبەڕووی قیبلە بەدرێژایی نوێژ و پارێزگاری

بەردەواممان لەسەر تەنها سەیرکردنی شوێنی سوژدەبردن، خۆڕاگرتنی تەواومان لەسەر ئاوڕنەدانەوە بەلای راست و چەپدا لەبەر هەر هۆکارێك بێت و وەلآمنەدانەوە و قسەنەکردن لەگەڵ هیچ کەسێکدا، بەڵکو دابڕینی جێگەیەکی تایبەت بە نوێژەکانمان لەنێوان ئێمە و قیبلەدا و دانانی بە شوێنێکی قەدەغە و رێگەنەدانمان بۆ ئەوەی هیچ کەس بۆی نەبێت پیایدا تێپەڕ ببێت، ئەمانە هەمووی موفاجەئە دروست دەکات بۆ ئەوانی تر، وایان لێدەکات کە بزانن ئێمە نوێژ دەکەین و لەم عیبادەتەدا دەژین، ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی زۆر تایبەتە، رێگە نادرێ هیچ کەسێکی تر دەخالەتی تێدا بکات، رێگە نادری هیچ کاروبارێکی دنیایی تێکەڵ ببێت.

بانگدان و "ده" سەرسوڕهێنەرەکانی

الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر

خودا لە هەموو شتێك گەورە و بالآدەسترە، خودا لە هەموو شتێك گەورە و بالآدەسترە.

خوا لە هەموو شتێك گەورە و بالآدەسترە، خودا لە هەموو شتێك گەورە و بالآدەسترە.

أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله

شایەتی دەدەم هیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە تەنها خودای گەورە نەبی.

شایەتی دەدەم هیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە تەنها خودای گەورە نەبێ.

أشهد أن محمدا رسول الله، أشهد أن محمدا رسول الله

شایەتی دەدەم کە موحەممەد نێردراوی خودایە، شایەتی دەدەم کە موحەممەد نێردراوی خودایە.

حي على الزكاه، حي على الزكاه....

وەرن بۆپاکبوونەوە، وەرن بۆ پاکبوونەوە....

ئایا هیچ کات گوێتان لە بانگی لەو شێوەیە بووە؟ بەڕاستی منیش گوێم لێنەبووە.. ئەوە بانگێك بوو بۆ ئەوەی خۆم و ئێوەش دەربێنم لەو ئولفەتپێوەگرتنەی رێگریمان لێدەکات گوێمان لە دەقی بانگەکە بێت یان وتنەوەی بەو شێوەیەی کە بیلال گوێی لێبووە وتوویەتەوە.

بانگ و قامەت لەو دەقە گرنگانەن کە بوون بە قوربان و زاڵبونی ئولفەت و عادەت پێوەگرتنمان لەگەڵیان، ئەگەرچی ئەو هەموو مانا و کاریگەریە سەرسامە لە رۆڵ و دەقەکانیاندا هەیە، لێرەدا هەوڵ دەدین دەست بخەینە سەر "دە" دانەیان بەلایەنی کەمەوە، کە ئەمانە ئەوانەن کە مرۆڤ یان بەلایەنی کەمەوە من توانیومە پەیبان پێببەرم و ئاشکرایان بکەم تیایاندا:

یەکەم: ئایا هیچ کەسێکمان بیری کردۆتەوە، یان هیچ جار پرسیاری کردووە: بۆچی تەنها نوێژ لەناو پێنج روکنەکانی ئیسلامدا تایبەتکراوە بەم ئاگاداری و بانگکردنە لە پێش ئەنجامدانیدا؟ بۆ بانگ نادەین بۆ رۆژوو؟ بۆچی قامەت و بانگ ئەنجام نادەین بۆ رۆژوو و زەکات وەك ئەو بانگەی دامانهێنا تۆزێك لەمەوپێش و نالێین: حي على الزكاة؟

گریمانەکانی ئێمەی مرۆڤ ناتوانێت دەرك بکات بەو حیکمەت و کاربەجێییانەی کە هەن لە تایبەتکردنی نوێژ بەم پێشەکییە، بەڵکو ئەو دوو پێشەکییە: بانگ و قامەت، بەڵام لە یەکەم وردبونەوەدا دەتوانین لە گرنگی ماناکانی بانگ تێبگەین، ئەویش ئەوەیە کە ئاگاداری موسوڵمانان دەکاتەوە و بیریان دەخاتەوە، بەڕاستی دەبێ بزانین کە نوێژ ئەرکێکی تاکی نییە بە تەنها مرۆڤەکان ئەنجامی بدەن، بەڵکو بە پلەی یەکەم واجبێکی دەستەجەمعی هابەشە، بانگدانیش تەواوکردنی ئەو دەستەجەمعیەیە بۆ نوێژ، بانگهێشتکردنی ئەنجامدەرانیەتی بۆ ئەوەی بێن بەیەکەوە بە دەستەجەمعی ئەنجامی بدەن لە یەك کاتدا، لە یەك شوێندا، لە دوای یەك پیاوەوە، پشتڕاستکرنەوەی ئەوەیە کە نوێژ تەنها پەیوەندییەکی تاکی نییە

لەنێوان خوا و بەندەکانیدا، بەڵکو لەوە تێپەڕ دەکات بۆ کۆبوونەوە و بەیەککەیشتنی موسوڵمانان بەیەکتر و نزیکبوونەوە و شانبەشانەوەنان و تێکەیشتن لە یەکتر و یەکتر خۆشویستن لە نێوان بەندە و باقی بەندەکانی خوادا لە ئوممەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر)، هەر لەبەر ئەوەشە کە نوێژە سوننەتەکان نە بانگ و نە قامەتیان ناوێت، چونکە ئەوانە نوێژی تاکین و بەتەنها ئەنجام دەدرێن.

بەڕاستی ئەمە یەک رووی شارستانیی نوێژە لە نێو رووە زۆرەکانی، کە لە ئەڵقەیەکدا بەدرێژی باسی دەکەین بەناونیشانی (نوێژی جەماعەت نهێنی شارستانییەتە).

دووەم: بۆ تەشریعبوونی بانگ و قامەت، چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر هەیە ئەگەر وەحی و سروش نەبن ئەوە نزیکیان دەکاتەوە لە پلەی وەحی خودایی، بەڵام لەگەڵ جیاوازی لە هۆکار و کەسەکان.

جیاوازی لە رووی هۆکارەوە ئەوەیە کە لە خەودا هاتوون و لە ئاگابووندا نەهاتوون، جیاوازی لە کەسەکانیشدا ئەوەیە کە لە خەونی چەند صەحابەیەکدا هاتووە نەک لە خەونی پێغەمبەردا هاتبێت.

دوو هاوەڵ یەک جۆرە خەونیان بینی، لە یەک شەودا و وشەکانی بەیەک جۆر، بەیەک جۆر درێژی وردەکاری، بەڵام خاڵی لە هەموویان گرنگتر و لە هەمویان وروژێنەتر لە رووداوەکەدا ئەوە بوو کە عومەری کوڕی خەتتاب (رەزای خودای لێبێت) خەلیفەی دووەمی موسوڵمانان، یەکێک بوو لەو دوو هاوەڵە.

ئەم لەدایکبوونە تایبەتەی بانگ، هیچ شتێک رکابەری لەگەڵ ناکات و ناڕۆێتە ناقانەیی و تایبەتمەندیەکەیەوە، تەنها لەدایکبوونی نوێژ نەبێت، چونکە ئیسلام هەمووی بە قورئان و سونەتەوە هەمووی لە رێگەی وەحیەوە دابەزیوە، تەنها نوێژ نەبێت، بەڵام نوێژ ئەوە پێغەمبەری خودا بانگهێشت کرا بۆ ئاسمان، بانگهێشتکردنێکی رێزدارانەی تایبەت بۆ وەرگرتنی وردەکاریەکانی لە لایەن خودای

گەورەوە، هەروەها تەنها بانگدانیش کە خودای گەورە گەیاندیە پێغەمبەرەکەی لە رێگەی ئەم دوو هاوەڵە بەیەکەوە و بەشێوەیەکی هاوتەریب و ناوازە.

سێیەم: بانگدان لە حەقیقەتیدا و لە پێکهاتە و ماناکانیدا وەک نوێژێکی پێشەکی کورت وایە، موسوڵمان ئامادە دەکات بۆ نوێژێکی دوورودرێژ کە بەدوایدا دێت. سوننەت کراوە بانگدان بە گوێی منداڵێکی تازە لەدایکبوو وەک بڵێی ئەمە نوێژێکی پێش وەختیە ئامادەی دەکات بۆ نوێژێکی دوورودرێژ کە هەموو ژیانی دەگرێتەوە، وەک بڵێی بانگدان بە هەموو منداڵێکی تازە لەدایکبوو بڵێت: ئەی مرۆڤ تۆ هاتیتە ژیانەوە، کەواتە خۆت ئامادە بکە بۆ نوێژ و عیبادەت و پەیوەستی روحی لەگەڵ خوادا کە تەنها بە دەرچوونی تۆ لەم دنیایە کۆتایی دێت، لەو کاتەشەوە گەشتی دوورودرێژی ئاخیرەتت دەستپێدەکات کە جیاوازە لە گەشتە دنیاییە کورتەکەت.

ژیانمان بە هەموو وردەکاریەکەیەوە هیچ نییە تەنها جۆرێك لە نوێژ کردن نەبێت، بەڵام بەچەند رێگەیەکی جیاواز و جۆراوجۆر. باشە قورئان ئاماژەی بەوە نەداوە کە ژیانمان هەمووی لە لەدایکبونەوە تا مردن هیچ نیە و بۆ هیچ نییە تەنها بۆ عیبادەت نەبێت کە ئەنجامی دەدەین بۆ خودای گەورە ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ {الذاريات: ٥٦}، واتە: (مرۆڤ و جنۆکەم بۆ هیچ شتێك دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستش نەبێت)، تۆ کاتێك خۆت فێری زانیاری دەکەیت کەواتە تۆ لە نوێژدایت، تۆ کاتێك کار و کاسبی دەکەیت بۆ بژێوی خۆت و خێزانەکەت، کەواتە تۆ لە نوێژدایت، تۆ کاتێك خزمەتی کۆمەڵگا و خەڵك دەکەیت، کەواتە تۆ لە نوێژدایت، تۆ نان دەخۆیت بۆ ئەوەی بژیت و بەهێز بیت، کەواتە تۆ لە نوێژدایت، گرنگی بە لەشساغیت دەدەیت، کەواتە تۆ لە نوێژدایت.. ژیانمان لە ئەلیفەوە تا یا هەمووی عیبادەت و نوێژە.

زۆر وردبەرەوە لە مانای وشەکانی بانگ، بۆت دەردەکەوێت تەنها نوێژێکی کورتە و ئامادەسازی دەکات بۆ نوێژێکی درێژ.

چوارەم: وادابنێ تۆ ئەمە یەکەمجارە گوێت لە بانگ دەبێت و پێشتر بەهیچ شێوەیەک گوێت لێنەبووە، وابێنە زیهنتەوە، کە تۆ ئەمە یەکەمجارە گوێت لە وتەی "الله أكبر" دەبێت، بیر لە ماناکەی، لە پێکهاتە زمانەوانیە تایبەتەکەی بکەرەوە، ئەم وتەیە رستەیەکی تەواو نەکراوە لە رووی زانستی نەحوی عەرەبیەوە، چونکە بەم شێوەیە بەڕووی هەموو پاشگرێکدا کراوەیە کە خەیاڵ و واقیعیەت تەواوی بکات: "الله أكبر– خودا گەورەترە".. لەو دنیایەی کە "الله أكبر" من لادەبات لە سەرقاڵبوون پێوەی.. لەو مال و سامانەی لەبەردەستمدایە، "الله أكبر" لەو خەم و پەژارەیەی کە ژیانم ناخۆش دەکات.. لەو دوژمنەی رووبەڕووم دەبێتەوە، "الله أكبر" لەو هەموو لوتبەرز و سنوورشکێنانەی کە دەمچەوسێننەوە..هتد.

"الله أكبر" وتەیەکە هەموو بانگی کورت کردۆتەوە، چەقی ئەم بانگ کردنە سەرسوڕهێنەرەیە کە تایبەتکراوە بە ئیسلامەوە، بەڵکو وتەیەکە هەموو ئیسلامی گرتۆتەخۆی بە تەواوی، ئێمە موسوڵمانین چونکە بانگی خۆ تەسلیمکردن و ملکەچی و دانپیانانمان لێداوە کە کەسێک هەیە گەورەترە و باڵادەستر لە هەموو شتێکی تر، بۆیە ئێمە ملکەچی ئەوین و خۆمان تەسلیم بەو کردووە، بەکورتی: "گوتاری ئیسلامە".. (الله أكبر ـ ئیسلام).

پێنجەم: بانگ بەشێوەیەک هاتووە وشەکانی کورت و دیاریکراوبوون و لە شێوازێکی زمانەوانی ناوازە و تازەدا بووە لەسەر عەرەب و غەیری عەرەب. ئەم شێوازە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە بەچەند سەدەیەک، بڕوانە بەشێوەی چەند رستەیەکی پچڕ پچڕی کورت، هیچ وشەیەکی لێکدان و ئامڕازەکانی پەیوەندییان لە نێواندا نییە، وەکو "إن، قد، لقد، الواو، ف.. هتد"، ئایا ئەم شێوازە شێوازی نامە خێراکانی مۆبایلەکانی ئەم ڕۆژەت بیر ناخاتەوە؟ بەڕاستی بانگ بەم وشە کورت و کەمە ڕوونانەی ڕۆحی بانگەوازە تازەکەی بۆ عەرەب و موسوڵمانان کورت کردەوە، کە لەبەر ئەو بانگەوازە پشتیان کردە بت و عەقیدە و نەفامییەکانیان.

شەشەم: بەڵام سەرسوڕهێنەرتر لەوەش ئەوەیە کە ئەم نوێژە کورتە بەهۆی ئەم زمانە و ئەو پەیامە خێرایەی کە هێناویەتی دەگونجێت لەگەڵ زمانی گرنگترین بەش لە نوێژە گەورەکەمان: کە سورەتی "الفاتحە"یە، باشە ئەم سورەتەش لە پەیامی خێرا ناچێت؟ دەبینین هیچ ئامرازێکی پەیوەندی لەو ئامرازانەی کە پێی راهاتوین و عەرەب ئاشنایە پێیان لە نێوان ئایەتەکانیدا نییە.

ئێمە بە ﴿الحمد لله– هەموو سپاس و ستایشێك بۆ خودای پەرستراوە﴾ دەستپێدەکەین کە ﴿رب العالمین– پەروەردێنی جیهانەکانە﴾ە، هەر ئەو ﴿الرحمن الرحیم– بەسۆز و میهرەبانە لە دنیا و قیامەتدا﴾ و هەر خۆی ﴿مالك یوم الدین– خاوەنی هەموو شتێکە لە رۆژی دواییدا﴾، ئەوەتا خودایە گیان ئێمە جەخت دەکەینەوە لەوەی کە ئێمە ﴿إیاك نعبد وإیاك نستعین– تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها پشت بە تۆ دەبەستین﴾ لە هەموو کاروبارەکانی ژیانماندا، بۆیە رووت تێدەکەین بەداواکردن لێت و دەڵێین ﴿ إهدنا الصراط المستقیم...– رێنماییمان بکە بۆ سەر رێگەی راست﴾..{بگەڕێرەوە بۆ کتیبەکەمان بەناوی "المعجزة" کە بەم زووانە چاپ دەکرێت لەلایەن پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامییەوە}.

حەوتەم: بەهۆی ئەو پێگەیەی کە بانگ هەیەتی لە پەرستشەکانماندا چەند ئاداب و پێداویستیەکی هەیە، بۆیە لەسەرمان پێویستە کە ئاوێتە بین لەگەڵیدا و وەڵامی وشەکانی بدەینەوە وشە بە وشە وەك لە فەرموودەدا هاتووە، وەڵامی هەر وشەیەك دەبێتە صەدایەك بۆ وشەکان، هەر بەوەشەوە ناوەستین، بەڵکو کۆتایی دێنین بە دووبارەکردنەوەی هەندێك رستە و وشە کە لە پێغەمبەری خواوە بۆمان تەشریع کراوە و لەگەڵ بانگبێژ دەیڵێینەوە.

هەشتەم: هەروەها جێی سەرسوڕمانە پێکهاتەکانی ئەم ئاوازبەندیە زمانەوانیە سەرسوڕهێنەرە لەنێوان بانگ و نوێژدا، ئەو پێکهاتە زمانەوانەییە دوانەییەیە کە بانگی لێپێکهاتووە کاتێك کە هەر رستەیەکی دووجار دووبارە دەبێتەوە، ئەم

دووبارەبوونەوەیە لە رووپەکەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی کەسایەتییە زمانەوانیە سەربەخۆکەی، بەڵام لەوەش گرنگتر و سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە دەکرێت ببێتە هۆی بەهێزبوونی ئاوازبەندی لەگەڵ پێکهاتەی گشتی نوێژ.

ژمارە (دوو) لە ژمارە میحوەریە بڵاوەکان نییە لە پەرستش و زیکر و ویردە ئیسلامیەکاندا، چونکە ژمارە بڵاوەکان زیاتر ژمارە حەوت و دە و بیست و حەوت و سی و سێ و نەوەد و نۆ و سەدن، لەگەڵ ئەوەشدا کەچی رستەکانی بانگ دوو دوو دووبارە دەبنەوە، بۆیە ئاوازبەند دەبن بەم دووبارەبییە لەگەڵ پێکهاتەی نوێژەکانمان لەکاتێکدا کە هەردوو دەستمان بەرز دەکەینەوە بۆ "الله أكبر"ی دەستپێکی نوێژ، دادەنیشین لەدوای هەموو دوو رکاتێك، لەهەر رکاتێکدا دوو جار سوژدە دەبەین، لە کۆتایی نوێژەکانماندا دوو جار سەلام دەدەینەوە، ئا ئەمە جارێکی تر ئەو هەستەمان لا بەهێز دەکات لەو کاتەی کە بانگ دەڵێین کە پێمان دەڵێت بانگ نوێژێکی کورتە، بەڵام بە دەنگی بەرز ئەنجام دەدرێت.

نۆیەم: هیچ جارێك هەستتان کردووە بەوەی کە گوتەکانی ناو بانگ چەند بەشێوەیەکی بێلایەنانە هاتوون، بەبێ ئاماژەی گەڕانەوە بۆ هیچ لە کەسەکان و ئاوەڵناوەکان، نە بۆ کەسی یەکەم – قسەکەر– نە بۆ کەسی دووەم، نە بۆ تاك و نە بۆ کۆ، هەمووی بەم شێوەیەیە تەنها شایەتمانەکان نەبێت، چونکە مانای بەرپرسیارێتی تاکلایەنە لەخۆدەگرێت، ئەم بەرپرسیاریەتە زۆر بەگرنگەوە لە زمانی ئەوانەی دەشیلێنەوە بەرجەستە دەبێت کە بە شێوازی قسەکەر –متکلم– دێت و ماناکەی وایە: (من شایەتی دەدەم). جگە لە شایەتمان هەموو ناوەرۆکی بانگ بێلایەنانە هاتوون، تەنانەت وشەی (حَيّ)ش پەیوەست نییە بەهیچ راناوێکەوە، نە بە تاك، نە بە کۆ، نە بە نێر، نە بە مێ.

ئەم شێوازە زمانەوانییە بێلایەنە ناوازەیە لە زماندا، زۆرکات تایبەتە بە زمانی زیکر و ویرد و نوێژەکانەوە، بەڵام بەم بێلایەنییەوە جارێکی تر ئاوێتە و ئاوازبەند

دەبێتەوە لەگەڵ شێوازی سورەتی (الفاتحة) – کۆڵەکەی نوێژ –، باشە نیوەی یەکەمی سورەتی (الفاتحة) بەم شێوازە ناوازەیە نەهاتووە؟! ئەم شێوازە جوانەیە دامالّراوە لە رەهەندی کات و زەمەن، هیچ یەکێك لەو سێ ئاوەڵناوانەی تێدا نییە کە رەهەندەکانی دەسەپێنێت بەسەر زمانماندا و عادەتەن بەوان دەستپێدەکەین لە زۆربەی وتە و نووسینەکانمان.

دەیەم: رەنگە هەندێك لە ئێمە ئێستا وا هەست بکات کە بانگدان کارێکی لاوەکی زمانەوانیە، پێویستی بەو هەموو گرینگی پێدانە نییە وەك نوێژەکانمان، بۆیە زۆر بە بایەخەوە سەیری ناکەین و ئەنجامی نادەین لە پێش نوێژەکانمان، بەڵام ئەو پێغەمبەرە دڵسۆز و ئەمینەمان وامان پێناڵێت، بەڵکو زۆر هانمان دەدات لەسەر ئەنجامدانی، وەك دەفەرموێ:

- ((ما مِنْ ثَلاثةٍ لا يَؤذِّنونَ وَلا تقامُ فيهِم الصّلاةُ الاّ اسْتَحوَذَ علَيهِمُ الشَّيطانُ)) *{رواه أحمد عن أبي درداء}*.

واتە: (هیچ سێ کەسێك کە بەیەکەوەبن و بانگ و قامەت ئەنجام نەدەن ئەوە شەیتان زاڵ دەبێت بەسەریاندا).

- عن عَبدِ اللهِ بن عَبدالرَّحمن بن أبي صَعصَعة عن أبيهِ، قال: (إنّ أبا سعيد الخُدري قال له: إني أراك تُحبُّ الغَنمَ والباديَةَ، فإذا كُنتَ في غنَمِكَ أو باديَتِكَ فأذَّنتَ بِالصّلاةِ فارفَع صَوتَكَ بِالنِّداءِ فَإنَّهُ لا يَسمَعُ مَدى صوتِ المُؤذِّنِ جِنٌّ وَلا إنس ولا شيءٌ، إلاّ شَهِدَ له يومَ القِيامَةِ). *{رواه البخاري}*.

واتە: (عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو صەعصەعە لە باوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: ئەبو سەعیدی خودری پێی وتم: وا دەتبینم کە مەڕومالّات و دەشتودەرت خۆش دەوێت، هەرکاتێك کە لەناو مەڕەکانت بووی یان لە دەشتودەرەکەت بووی و بانگت دا، ئەوە دەنگت بەرز بکەرەوە، چونکە هەر جنۆکە، یان مرۆڤ، یان هەر بوونەوەرێك گوێی لە دەنگی بانگدەر بێت، ئەوە

شایەتی بۆ دەدات لە رۆژی دواییدا).

باشە ئەگەر ئەم بانگە تەنها هۆکارێکی ئاگادارکردنەوەی نوێژە، مەڕومالآت و بوونەوەر و شتە بێگیانەکان چ پێویستیەکیان پێیەتی و چ پێویستییەکیان بە گوێلێبونیەتی؟ باشە چۆن شەیتان زاڵ دەبێت بەسەر ئەوانەدا کە بانگ نادەن؟ بەڕاستی ئەو ئاماژە و فەرموودە پێغەمبەریە بەخشندەییانە بڵندگۆ و رێنیشاندەر بوون بۆ موسڵمانانی پێشین، قیمەتی بانگ و قامەت و ڕۆڵی پەرستشیانی لە ژیانیاندا نیشانیداون، بۆیە تۆش هەوڵ بدە ئەم پەرستشە لە دەستت دەرنەچێت.

کەواتە باش ئەم زانیاریانە لەسەر بانگ ئەگەر ئەمڕۆ لێت بپرسن: نوێژەکان چەند جۆرن؟ دەڵێیت: نهێنی، ئاشکرا، بەدەنگی بەرزەوە –مەبەستم لەمەی سێیەم بانگە–، بەڕاستی بۆ هەریەك لەم سێ نوێژە رۆڵی جیاواز و گرنگ هەیە، کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر ژیانمان و چاکبوونی کاروبارمان.

بانگ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی کورتکراوەیە، ئامادەکاری دەکات بۆ پرۆژە وەبەرهێنانە کۆمەڵیە کۆتاییە گەورەکە: ئەویش نوێژە.

هەردوو دەستنوێژەکە

- ((لَولا أنْ أشُقَّ على أُمّتي لأمرتُهمْ عِند كُلِّ صلاةٍ بِوضوءٍ، ومَعَ كُلِّ وضوءٍ بسِواك)) *{رواه أحمد وصححه الألباني، عن ابي هريرة}*.

واتە: (ئەگەر بەقورسم نەزانیبا لەسەر گەلەکەم ئەوا فەرمانم پێدەکردن کە لەگەڵ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگرن و لەگەڵ هەموو دەستنوێژێکیش سیواك بکەن).

زۆر جار لەبەردەم ئەم فەرمودەیەدا هەڵوێستەم کردووە و پرسیارم کردووە: بۆ لەگەڵ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگرم، باشە مادام من دەستنوێژم هەیە و پاکم؟! بۆچی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) هانم دەدات لەگەڵ ئەنجامدانی

هەموو نوێژێك دەستنوێژ تازە بكەمەوە؟! باشە ئەگەر دەستنوێژم هەبێت و تازەی بكەمەوە، ئەمە زێدە مەسرەفیی نییە لە ئاودا؟ ج جای ئەوەی ئەم وەسیەتە لە ناوجەرگەی بیابانێكی كەم ئاودا كراوە، لە ولاتی كانیاو و رووبارە گەورەكاندا، یان لە شەلالەكانی "نیاگارا"دا نەوتراوە.

سێ كتێبە ئاسمانییەكەم خوێندۆتەوە، ئەوەندەم لێخوێندۆتەوە لە وتەكانیان كە خودا فرسەتی داوم، هیچ ئایەتێكم نەبینیوە كە بیروباوەڕەكەی و نوێژەكەی و پەرستشەكانی و شارستانیەتەكەی بەستبێتەوە بە پاكیی و خۆشۆردن و دەستنوێژەوە وەك ئەوەی ئیسلام كردوویەتی، هیچ پێغەمبەرێكم نەدۆزیەوە وەسیەتی كردبێت بۆ گەلەكەی بە پاك و خاوێنی و خۆجوانكردن جوانی ئاكار و رواڵەت وەك ئەوەی پێغەمبەری خودا موحەمەد (دروودی خودای لەسەر) كردوویەتی بۆ گەلەكەی، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین گەلی موسوڵمانان لەكوێن لە بەرامبەر رێنماییەكانی ئیسلام؟!

ئەم جەختكردنەوەیە لەسەر دوبارەكردنەوەی دەستنوێژ، تەنها لەبەر ئەوە نییە كە پاك و خاوێنی دیاردەیەكی تەندروستی و شارستانییە، ئەمە ئامانجێكی روون و داواكراوە لە ئامانجەكانی شەریعەت، بەڵام لەبەرئەوەیە كە لێرەدا خۆی دەبینێتەوە لە دەستنوێژدا، هەروەها پەیوەستیشە بە پاككردنەوەی دەروون و ناواخنی مرۆڤ، چونكە پاك و خاوێنی دەرەكیت پەیوەستە بە لاشە و جل و بەرگت لە هەموو چڵك و پیسییەك بەتەواوی، لە كۆتاییدا رەنگدانەوە و وێنای راستگۆیانەی پاك و خاوێنی دڵ و دەروونتە، پێویستە رەنگبداتەوە بەتەواوی (بۆیە هەندیك لە مەزهەبە فیقهییەكان غەیبەتكردن بە یەكێك لە هۆكارەكانی دەستنوێژ شكاندن دەزانن).

بە ڕەچاوكردنی ئەم لۆجیكە، دەكرێت بڵێین ئێمە دوو جۆر دەستنوێژمان هەیە: دەروونی و دەرەكی، یەكەمیان گرنگترە، چونكە بەبێ یەكەمیان سوود لە دووەم وەرناگرین، چونكە كەسێك كە ڕۆچووبێت لە چڵكی و پیسیدا، چۆن دەتوانێت

دەستنوێژ بگرێت؟ بۆیە پێویستە بۆخۆت جەخت لەسەر ئەم بابەتە بکەیتەوە کاتێك کە کرداری پاککردنەوە ئەنجام دەدەیت لەسەر ئەندامە دەرەکیەکانت، پێویستە ئەم کردارەت ئەنجام دابێت لەسەر ئەندامە دەروونیەکانیشت، دیارە ئەمەش نە بە دەستنوێژ و نە بە تەیەممووم ناکرێت، بەڵکو بە خۆڕزگارکردن دەکرێت لەو پیس و پۆخڵیانەی دەروونت کە لە ناختدا کەڵەکە بوون، لە رق و کینە و حەسودی و تووڕەیی و غەیبەت و خودپەرستی و درۆ و هەڵخەڵتاندن و ئازاردانی خەڵك و زماندرێژی و دڵپیسی و دڵ خراپی و گوناە و بەدگومانی و بەدنهێنی.

نیەتت ساغ بکەرەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم شەخەڵ و پیسیانە پاك بکەیتەوە، ئەگەر قۆناغ بە قۆناغیش بێت، بۆ ئەوەی بتوانی تەوێڵ و دڵ و رۆح و وشەکانت یەکلا بکەیتەوە بۆ خودا، کە نزیك بوویتەوە لە راوەستان لەبەردەمیدا بۆ بەرزکردنەوەی وتەکانت بۆی و ئەویش لێتیان قەبوڵ بکات، موناجات بکەی لەگەڵیدا و گوێت لێبگرێت و داوای لێخۆشبونی لێبکەیت و ئەویش لێتخۆش بێت:

- جاءَ رجُلٌ إلى النبي (صلى الله عليه وسلم) فقال إنّ فُلانًا يُصلّي باللّيلِ فإذا أصْبحَ سرَق، فقال: ((إنّه سَينْهاهُ ما تَقولُ)) -أي ستنهاه صلاتُهُ عن السّرقَة- *{مشكاة المصابيح وصححه الألباني، عن ابي مريرة}*.

واتە: (پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پێی وت: فلان کەس شەونوێژ دەکات، بەڵام کە بەیانی بۆیەوە دزی دەکات، ئەویش فەرمووی: (لەمەودوا نوێژەکەی نەهی لێدەکات لە ئەنجامدانی ئەو کارەی)، واتە نەهی لێدەکات لە دزیکردن.

- ((أتَدرونَ مَن المُفلس؟)) قالوا: المُفلسُ فينا مَن لا درهَمَ لَهُ ولا مَتاع. فقال: ((إنَّ المُفْلِسَ مِن أُمَّتي يَأتي يَومَ القِيامَةِ بصَلاةٍ وَصيامٍ وَزكاةٍ، ويَأتي قَدْ شَتَمَ هذا، وقَذَفَ هذا، وَأكَلَ مالَ هذا، وسَفَكَ دَمَ هذا، وضَرَبَ هذا، فَيُعطى هذا مِنْ حَسناته، وهذا مِنْ حَسناتِهِ، فإن فَنِيَتْ حَسانَاتُهُ قَبلَ أن يُقضى ما عليه، أُخِذ مِنْ خَطاياهُم

فَطُرِحَت علَيهِ، ثُمَّ طُرِحَ في النَّار)). {رواه مسلم}. واتە: (ئایا دەزانن موفلیس کێیە؟ وتیان: موفلیس لە ناو ئێمەدا ئەوەیە کە نە درهەم و نە کالاّی ببێت، فەرمووی: (بەڕاستی موفلیس لە ئوممەتی من ئەو کەسەیە کە ڕۆژی قیامەت بە نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتەکەیەوە دێت، بەلاّم دێت جنێوی داوە بەم، وە بوختانی بۆ ئەو کردووە و مالّی فلاّن کەسی خواردووە، خوێنی فلاّن کەسی ڕشتووە، لەوی داوە، بۆیە لە خێرەکانی ئەم، بەشی فلاّن کەسی لێدەدرێت و بەشی فیسار کەسی لێدەدرێت، کە مافیان هەیە بەسەریەوە، وە ئەگەر چاکەکانی تەواوبوون پێش ئەوەی مافی خەلّکی تەواو ببێت بەسەریەوە، ئەوە لە خراپەکانی ئەوان هەلّدەگیرێت و دەخرێتە سەر چاکەکانی ئەم، پاشان هەلّدەدرێتە ناو ئاگرەوە).

دەبێ چەند موفلیسمان تێدا بێت؟ دەبێت چەند لە ئێمە پەرستشەکانی جیابن لە مامەلّە و هەلّسوکەتەکانی؟ دەبینیت زۆر رکوع و زۆر سوژدە دەبەن، لە دەموچاویاندا نیشانەی سوژدەکە دیارە، بەلاّم کاتێك مامەلّە دەکەیت لەگەلّیدا کاریگەری ئەو نیشانەی سوژدەیە نابینیت تیایدا.

- ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ {العنكبوت: ٤٥}. واتە: (بەڕاستی نوێژکردن بەرهەلّستی لە گوناە و تاوان و نادروستی دەکات).

دیاردەی جیاکاریی لەنێوان پەرستش و مامەلّەکردن لەلایەن موسولّمانانەوە بۆتە خەتەرناکترین دیاردەی شێواندنی وێنەی ئیسلامی ڕاستەقینە لەبەردەم جیهاندا، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بەهیچ شێوەیەك ئەم جیاکاریەی نەدەکرد، ئەو کاتێك قورئانی بۆ دەهاتە خوارەوە خەلّکی فێری قورئان و کارکردن پێی بەیەکەوە دەکردن:

- عن أبي عَبد الرَّحمن السلميّ عن عُثمان وابن مسعُود وأُبيّ بن كعب: (أنَّ رسول الله (صلى الله عليه وسلم) كانَ يُقرئُهُم العَشرَ- أي عشر آيات- فَلا يتَجاوَزونَها إلى عَشرٍ أُخرى حَتى يتَعلّموا ما فيها مِن العَمل، فَتعَلّمنا القُرآن والعَملَ جَميعًا). {تفسير

القرطبي (١/ ٣٩)}. واتە: (لە باوکی عەبدولڕەحمانی سوللەمییەوە لە ئیمامی عوسمان و ئیبن مەسعود و ئوبەی کوڕی کەعبەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کاتێك دە ئایەتی فێر دەکردن بەسەریدا تێنەدەپەڕین بۆ دە ئایەتی تر هەتا هەموو ئەو شتانە فێر نەبونایە کە ئەم دە ئایەتە دەیگرێتە خۆی لە لایەنی کرداری، بۆیە دەفەرموون: قورئان و کارکردن پێی بەیەکەوە فێر بووین).

پێویستە جارێکی تر پەرستشەکانمان بدۆزینەوە، جارێکی تر نوێژەکانمان بدۆزینەوە، جارێکی تر ڕۆژانە دەستنوێژ بدۆزینەوە و ماناکانی بەرجەستە بکەین، ئەم پەرستشانە جارێکی تر بدۆزینەوە هەرکاتێك ڕاهاتنی بێناوەڕۆکی کوشندە وبستی هەستکردن بە گەورەیی ئەم دروشمە ئیسلامیە ناوازەیەمان لا سادە بکات کە لە هیچ ئاینێکی تردا بەدیناکرێت.

هیچ کاتێك تاقیت کردۆتەوە بچیت بەپوختی دەستنوێژ بگریت بەشێوەیەك کە وەك ئەوەی یەکەم جارت بێت گوێت لە شێوازی دەستنوێژگرتن بووبێت و ئەنجامی بدەی؟ جارێك تاقی بکەرەوە پاشان بگەڕێرەوە لای دەروونت و بزانە چیت دۆزیوەتەوە تیایدا بۆ یەکەمجار؟ ئەگەر بەوردی بیری لێبکەیتەوە زیاتر بۆت دەردەکەوێت کە دەستنوێژ لە ڕاستیەکەیدا وەك نوێژ وایە، بەرنامەی ژیانە.

یەکەم: بریتییە لە پاکوخاوێنی، دیارە ڕۆشنبیران بە پاکوخاوێنی جیا دەکرێنەوە، دووەم: گرنگیدان و وردەکاری و موتابەعەکردنە، سەرکەوتووەکانیش بەمانە جیا دەکرێنەوە، سێیەم: یاسا و ڕێسا و ڕێکخستن و پارێزگاریکردنە لە مەوعید و بەڵێن و مەرجەکان: دیارە بەمەش ئەو کەسانە جیادەکرێنەوە کە بەئاگان لەناو پەرستشەکاندا، چوارەم و پێنجەم.. و دەیەم بەخۆداچوونەوەیەکی بەردەوام و پێکۆڵیەکی زۆرە لە دەروون و پاککردنەوەیەتی لە هەموو ئەو شتانەی پێوەی نوساون لە چڵك و شەخەڵی ژیان لەنێوان دوو دەستنوێژدا، بەمەش موسوڵمان لە ناموسڵمان جیا دەکرێتەوە، خواترس لە کەسی لە خوانەترس و نەگەڕاوە بۆ لای

خودا و بێئاگا و فەوتاوەکان جیا دەکرێنەوە، تەنانەت بە دەموچاو ئەمانە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، تەنانەت هەندێکجار بێ دەستنوێژ لە کەسانی بەدەستوێژ جیادەکرێنەوە.

تەیەموم وەک ئامێرێکی بێتەل وایە – لەم کاتەدا نامەیەکی بێ ئاوییە– بۆ دڵ، پێی دەڵێت ئامادەبە ئەی دڵ بۆ بەخزمەتگەیشتنی خودا، خۆت نەجات بدە لە هەموو شتێك کە ئەو بەیەکگەیشتنە چاوەڕوانکراوەت لەگەڵیدا تێك بدات، چونکە ئەو هەموو نهێنیەکانی تۆ دەزانێت، ئاگای لە شتە پەنهان و ئاشکراکانت هەیە، بەڵام دەستنوێژ بەم مانایە – نامەیەکی بە ئاوییە – هەمان پەیام و ئامازە دەگەینێت بە دڵ، بەڵام بە شێوەیەکی تر.

وشەی (الوضوء) لە وشەی (ضوء– رووناکی) وەرگیراوە، چونکە ئەم دەستنوێژە نوور و ڕووناکی دەدات بە دەموچاو و دڵ بەیەکەوە، رووناکی دەموچاویش پەخشی رووناکی ناخ و دڵ و دەروونە.

هەوڵ بدە لە ژیاندا هیچ کاتێکی بێ دەستنوێژت نەبێت، وا هەست دەکەیت دەفڕیت بە هەوادا کاتێك دەستنوێژت هەیە و دەچیتە سەرکارەکەت، وا هەست دەکەیت کاتێك بەدەستنوێژەوە سەلام لە خەڵك دەکەیت مەلائیکەکان تۆقەت لەگەڵ دەکەن، لە ئیش و کارەکانتدا زۆر هەست بە متمانە و سەرکەوتوویی دەکەیت، کاتێك سەر لەسەر سەرینەکەت دادەنێیت بە دەستنوێژەوە، واهەست دەکەیت زۆر بەتەواوی ئەمانەتەکەت گەیاندووە، لە کۆتاییدا خۆت خستۆتە بەردەم زاتێکی ئەمین و بەخشندە و لێخۆشبوو و بەبەزەیی.

نوێژی جەماعەت: نهێنی شارستانی

هیچ کات پرسیارتان لەخۆتان کردووە وەک من، کە ئایا پێناسەی شارستانییەت چییە؟ ئایا ئامێر و کارگە و کۆمپیوتەر و مووشەک و کەشتی گەورەی ناو زەریا و دەریاکان و فڕۆکە و کەشتییە گەردوونییەکان و مووشەکە ئەتۆمییەکانە؟ لەڕاستیدا ئەمانە هەموویان لە بەروبوومەکانی شارستانیەتن، بەڵام شارستانییەت بۆخۆی کە ئەم بەروبوومانەی بەرهەمهێناوە، خۆی دەبینێتەوە لە هەشت تۆو، ئەوانیش: پاکوخاوێنی، وردەکاری، ڕێکوپێکی، پەیوەستبوون بە بەڵێن و وادەکان، ڕێکخستن و بەڕێوەبردن بە کۆنترۆڵکردنەوە، ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی، کاری بەکۆمەڵ یان بەشێوەی گرووپ، لێبوردەیی، ملکەچی، قەبوڵکردنی بەرامبەر، پسپۆڕی، بەرپرسیارێتی تاکی، ئارامگرتن و هیممەتبەرزی و ئەنجامدانی لایەنە قورسەکانی کارەکان و دادپەروەری و یەکسانی.

هەروەها ئایا هیچ کات پرسیارتان لە خۆتان کردووە، وەک من: بۆ نوێژ بە جەماعەت بووە؟ بۆچی لەسەرمانە ڕۆژانە پێنج جار لە ماڵەکانمان، یا لە نوسینگەکانمان، یان لە دوکانەکانمان، یا لە کارگەکانمان دەربچین، لە چەند کاتێکی دیاریکراودا، بەڵکو زۆر دیاریکراو بەشێوەیەک ئەگەر دوا بکەوین لەدەستمان دەچێت، ئەگەر بۆ پێنج خولەکیش بێت؟ هیچ جارێك پرسیارتان لە خۆتان کردووە، وەک من: بۆ خۆمان دەڕازێنینەوە بۆ مزگەوت وەک فەرمانمان پێکراوە؟ بۆچی ئاراتگرتن لەپێشدا؟ بۆچی دەستنوێژ پێش جەماعەت؟ ئایا ئەم کارە تەنها پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە مالّی خودا؟ ئایا بەتەنها پاکوخاوێنی شایستەمان دەکات بۆ ئەوەی لەبەردەم پەروەردگاردا ڕابوەستین؟ یاخود مەسەلەکە پەیوەستە بەچەند ئەرکێکی تری شارستانی، پەیوەستە بە پاکوخاوێنی و خۆڕازاندنەوە و خۆڕێکخستنی هاوشان لەگەڵ ئەرکە پەرستشیەکانی تر لە ڕیزگرتن و ئامادەبوون.

سەبارەت بە پەیوەستبوون بە کاتەکان، ئەوە نوێژی جەماعەت باشترین

قوتابخانەیە موسوڵمان تیایدا دەردەچێت بۆ ئەوەی شایستە بێت بە هەڵگرتنی مەشخەڵی شارستانیەت، تەنها بە دواکەوتنت بۆ ماوەی پێنج خولەك لە نوێژی جەماعەت، واتای ئەوەیە کە لەدەستت داوە و بۆت نییە داوای خێرەکەی بکەیت، باشە ئەم وانە زۆر جوانە کە دووبارە دەبێتەوە لەسەر موسوڵمان، پێنج جار بەس نییە بۆ ئەوەی موسوڵمانێك دەربچێت کە نرخی یەك خولەك بزانێت، دەرك بە نرخی ئەو زیانە بکات کە بەهۆی ناپەیوەست بونیەوە بە بەڵێن و کاتەکانەوە لەگەڵ خەڵکدا لەدەستی داوە؟

وا رێکەوت کاتێك کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بووم، جارێك گفتوگۆ – مناقشة–م کرد لەگەڵ شێخ ئەلبانی – خودا لێی خۆش بێت– لەسەر بیرۆکەی دووبارەکردنەوەی نوێژی جەماعەت لەیەك مزگەوتدا بۆ یەك نوێژ، بۆچی رێگە نادرێت بەو کەسانەی کە دواکەوتوون لە جەماعەتی یەکەم ئیمامێك بۆ خویان دابنێن و جەماعەی دووەم بکەن و کۆمەڵێکی تر بێن جەماعەتی سێیەم بکەن، پاشان چوارەم.. هتد؟

شێخ ئەلبانی زۆر تووند بوو لە رەتکردنەوەی دووبارەکردنەوەی نوێژی جەماعەت لە یەك مزگەوتدا کە ئیمامێکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام بەداخەوە تا ماوەیەکی زۆر درەنگ حیکمەتی ئەم رەتکردنەوە تووندەیم بۆ دەرنەکەوت، چونکە دووبارەکردنەوەی نوێژی جەماعەت لە یەك مزگەوتدا دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵ کۆمەڵ و بیروبۆچوونی جیاواز جیاواز لەناو نوێژخوێنداندا و سەردەکێشێ بۆ جیاوازیی دڵەکان و دورکەوتنەوەیان لە یەکتر لە دەرەوەی مزگەوت، پەیوەستبوون بە یەك جەماعەت لە مزگەوتدا راهێنانێکی ئیلاهی رۆژانەی بەردەوامە لەسەر پەیوستبوون بە یەك کات و بە یەك ریز و بە یەك دڵ و بە یەك گەل.

بەڵام پاك و خاوێنی و دەستنوێژ و خۆڕازاندنەوە، ئەو شتانەن کە ئامادەمان دەکەن بۆ چوونە ناو مزگەوت و سازمان دەکەن بۆ راوەستان لەبەردەم خودای

گەورەدا، هەر ئەمانەشن ئامادەمان دەکەن بۆ یانەی شارستانیەت کە دەرگاکانی دادەخات بەڕووی ئەوانەی کە مەرجە شارستانیە سەرەکیەکانیان تێدا نییە لە پاک و خاوێنی و ئاکارڕێکی و لێوەشاوەیی ڕێکوپێکی، تەنها لە لاشەیاندا نا، بەڵکو لە مزگەوتەکانیان و لە ماڵەکانیان و نوسینگەکان و لە قوتابخانەکان و لە نەخۆشخانەکان و شوێنە خزمەتگوزاریەکان و ڕێگەوبانەکان و دڵ و دەروونیان و لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا.

ئەوەتا ئێستا ئێمە لە مزگەوتداین، ئەم ناوە تازەیە بۆ ماڵی پەرستش و خوداپەرستی کە ئیسلام دایهێنا و کردیە ناوی فەرهەنگی زمانەوانیمان، هەموو کات ئەو شێوەیەمان بیر دەخاتەوە کە بەندەکان لە هەموو شێوەیەکی تر نزیکترن تیایدا لە خودای گەورە، کە ئەویش کاتی سوژدەبردنە، سوژدە واتای دەبێ سەر و ناوچەوان و لوتت لە ئاستی گڵدا بێت، ئەم حاڵەتەش کۆتایی پلەکانی ملکەچی و خۆشکاندنە، بەقەدەر مل شۆڕکردنەوە و ناوچاوان نزمکردنەوە و خۆ زەلیلکردن بۆ خودای گەورە لەسەر گڵ، ئەوەندە نزیک دەبیتەوە و پلەت بەرز دەبێتەوە لەلای خودا لە ئاسمان.

بەم وەرزشە ڕۆژانەییە لە ملکەچیدا کە موسوڵمانان هەموو کاژێرێك و یا دوو کاژێر یان زیاتر ئەنجامی دەدەن بەدرێژایی شەو و ڕۆژ، لەبەرامبەر دروستکەرە گەورەکەیاندا کە لە پەرستش بۆی خۆیان بە زل ناگرن ﴿لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ﴾ {الأعراف: ٢٠٦}، واتە: (خۆیان بەزل ناگرن لە پەرستش بۆ خوداکەیان)، وەك خودای گەورە بۆخۆی وەسفی کردوون و وەسفی مەلائیکەکانیشی بەم شێوەیە کردووە، بۆیە ئەگەر بەبەردەوامی نوێژەکانیان بەخشوع و تەواوی ئەنجامدا، ئەوا ملکەچی و خۆبەزل نەزانی دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە سروشتیان، لەنێو خۆیاندا دەیبەخشنەوە، بۆیە هیچ جێگایەك بۆ خۆبەزلزانی نامێنێت لە ژیانیاندا، کەواتە هیچ جێگەیەك بۆ خیلاف و دووبەرەکیش نامێنێت، وەك خودا وەسفی کردون لە

قورئاندا: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ {المائده: ٥٤}، واتە: (ئەو موسوڵمانەی ئیمانیان هێناوە لەگەڵ پێغەمبەردا خۆیان بە زەلیل و ملکەچ دادەنێن لە بەرامبەر موسوڵماناندا)، هەروەها وەک چۆن وەسیەتی کردووە بۆ پێغەمبەر (درووەدی خودای لەسەر): ﴿وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ {الحجر: ٨٨} واتە: (باڵی میهرەبانیت کەچ بکە بۆ موسوڵمانان)، ئەگەر ئەمەمان بەم شێوەیە ئەنجامدا، ئەوە هەنگاوە سەرەتاییەکانمان ناوە بۆ چوونە ناو ئاوە هەرێمیەکان (المیاه الإقلیمیة)ی شارستانیەت. کاتێک دەچینە مزگەوتەوە، دێتەوە بیرمان کە ئێمە دەچینە قوتابخانەی سوژدە و کڕنووشەوە، دەچینە قوتابخانەی ملکەچی و زەلیلی و خۆبەکەمزانین و نەرمونیانی لەگەڵ موسوڵمانان، ئێمە دەچینە مزگەوتێکەوە کە کۆمان دەکاتەوە و یەکسانمان دەکات و لەبەرامبەر یەکتری دڵەکانمان یەکدەخات و رق و کینە و دووبەرەکی لە دەروونماندا هەڵدەگرێ، بۆیە لە مزگەوتدا پاڕیایی و رق و کینە، گەورە و بچووکی، کەسانی مەزن و کەسانی کەم و ئەمیر و فەقیر، ستەمکار و ستەملێکراو... نیە، هەرکەس دێتە مزگەوت پێی دەوترێ:

- پێغەمبەری خودا (درووەدی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ((أَقِيمُوا الصُّفُوفَ فَإِنَّمَا تَصُفُّونَ بِصُفُوفِ الْمَلَائِكَةِ، وَحَاذُوا بَيْنَ الْمَنَاكِبِ، وَسُدُّوا الْخَلَلَ، وَلِينُوا فِي أَيْدِي إِخْوَانِكُمْ، وَلَا تَذَرُوا فُرُجَاتٍ لِلشَّيْطَانِ، وَمَنْ وَصَلَ صَفًّا وَصَلَهُ اللهُ – تَبَارَكَ وَتَعَالَى –، وَمَنْ قَطَعَ صَفًّا قَطَعَهُ اللهُ)). {صححه الألباني في صحيح الجامع، عن ابن عمر} . واتە: (ڕیز بگرن و ڕیزەکانتان ڕێک بخەن وەک ڕیزی مەلائیکەکان، ڕیز ببەستن شانتان لەگەڵ شانی هاوڕێکانتان یەکبخەن و کەلێنەکان پڕبکەنەوە، بەنەرمی دەستی یەکتر ڕاکێشن بۆ ناو ڕیزەکان یان بۆ چوونە پێش یان دوا، بۆ ڕێکخستنی ڕیز، کەلێن مەهێڵنەوە بۆ شەیتان، هەرکەسێک ڕیزێک بەیەک بگەیەنێت خودای گەورە دەیگەیەنێت بە خۆی، هەرکەسێک ڕیزێک ببڕێنێت خودای گەورە دای دەبڕێت لە خۆی).

الله.. چەند جار ئەم وەسیەتە پیرۆز و نەرمونیانەی پێغەمبەری خودامان خۆیندۆتەوە، یان گوێمان لێبووە لە مەوعیزە و ئامۆژگاریەکان لە وتاری هەینیەکاندا، چەند جار ئیمامی مزگەوت دوبارەی کردۆتەوە بۆمان لەکاتی نوێژدا، بەڵام ئایا کاممان هەڵوێستەیەکی کردووە و ورد بۆتەوە لە وشە بە وشەی ئەم دەقە و مانا و ئامانجەکانی پشتی و حیکمەتەکانی بەهەند وەرگرتووە، ئەوەی ئەم کارە بکات بۆی دەردەکەوێت کە ئەم فەرموودەیە تەنها بنەمایەك نیە بۆ ڕێکخستنی ڕیزی نوێژەکان، بەڵکو دەستوورێکە بۆ ڕێکخستنی دەروونەکان، یاسایەکی تەواوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی یەکسان کەس خۆی بە بەرزتر نەزانێت لەوی تر لە سایەیدا.

لە سەرەتای ڕاڤەی فەرموودەکەدا دەپرسین بۆچی ئەم ئامۆژگاریانەی سەبارەت بە ڕێکخستنی نوێژ بەم شێوەیەیە: بۆ فەرمان دەکات (أقیموا الصفوف)، و (حاذو بین المناکب)؟ ئەم هەموو گرنگیە بۆ ڕێکخستنی ڕیزی نوێژ و یەکسانکردنی شان و پێیەکان بۆ؟ لە وەڵامدا زۆر بەسادەیی دەتوانین بڵێین: چونکە شارستانیەت لێرەوە دەستپێدەکات، بەڕاستی ئەمەش تۆوێکە لە تۆوەکانی شارستانیەت.

تۆ یەکەم: بانگهێشتکراوی بۆ ئامادەبوون بۆ ئەم چاوپێکەوتنە جەماعیەی لە نوێژدا، چونکە شارستانیەت کارێکی جەماعیە و فەردی نییە، ئەم کارە هەستکردنە بە ڕۆحیەتی یەك گرووپی و وازهێنانە لە خودپەرستی و خودویستی، شارستانیەت یەکەم بریتیە لە کارێکی جەماعی.

دووەم: تۆ بانگهێشتکراوی بۆ پەیوەستبوون بە کاتێکی دیاریکراو، ڕۆژی یەکجار نا، بەڵکو لە ڕۆژێکدا پێنج جار بۆ ئەوەی بە براکانت بگەیت و بەهۆیەوە ڕۆحیەتی وردی و پەیوەستی و وەفاکردن بە وەعد و بەڵێنەکانت لە ڕەگەکانتدا بچەسپێت، ببێتە بەشێك لە ڕەوشتی ڕۆژانەت بەشێوەیەك نەتوانی لێی لا بدەیت، کەواتە شارستانیەت بریتیە لە وردی و پەیوەستبوون و ڕێزگرتن لە کاتەکانمان و کاتی

ئەوانی تر.

سێیەم: تۆ لەم بەیەکگەیشتنەدا بانگهێشتکراوی بۆ ڕێزبەستن لەگەڵ ئەندامەکانی تری کۆمەڵی نوێژخوێنان، چونکە ڕێکوپێکی و ڕێك وەستانتان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگ دەداتەوە لەسەر ڕێکبوونی دڵ و دەروونی هەموتان بەیەکەوە، ڕێکبوونی زیهن و ئەندێشەتان بەیەکەوە، وردەکاری لە کارەکانتاندا، بەیەکگەیشتنی دڵەکانتان، بۆ ئەوەی بەهۆی هەموو ئەم کارانە کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو و هاوکار و تەواو شارستانی بێتە ئاراوە، شارستانی کارێکی جەماعی و تەواوکاری و ڕێکخراو و ئارام و ملکەچ و یەکتر قبوڵکەرە، بەیەکگەیشتنە لەسەر ئەو هۆکار و ئامانجەکان و دڵ و دەروون و ڕۆحەکان، چوارەم و پێنجەم و ... دەیەم و چەندین حیکمەت و ئامانجی جوانتر هەن لەم بوارەدا.

پاشان خودای گەورە وازناهێنێت بەوەی ئەم بنەمایە بەجێبهێڵێت لە بەردەستمان تا لاوازیی و پاشخستنمان و نەخۆشی و کەموکوڕیە مرۆڤییەکانمان بەئارەزووی خۆی یاری پێبکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستی دەکات بە ئاسمانەوە تاوەکو هیچ یەکێکمان بیر لە پشتهەڵکردن لێی یان شێواندن و دەستکاریکردنی نەکاتەوە، بیر بکەنەوە ئەی ئەو کەسانەی کە لەبەردەم خودای گەورەدا وەستاون ئەم ڕیزانەتان لە نوێژەکاندا لەسەر زەوی وێنەی ڕیزەکانی مەلائیکەکانە لەوێ لە ئاسمان (فإِنَّما تَصفون بِصفُوفِ المَلائِكَةِ)، واتە: (هاوشێوەی ڕیزەکانی فریشتەکان ڕیز دەبن)، بەڕاستی ئەمە پەیوەستبوونێکی سەیر و کاربەجێیانەیە لەنێوان مەرجەکانی شارستانییەت و پایەکانیداْ لەسەر زەوی لەگەڵ ئەوەی کە ڕووەدات و لەسەری بونیات دەکرێت لەوێ لە ئاسمان، بەڕاستی ئەم فەرموودەیە زۆر بەکورتی پێمان دەڵێت: پەرستشی تەواو بریتیە لە شارستانیەتی تەواو، وەك چۆن لە ئاسمان ئەنجام دەدرێت لەلایەن مەلائیکەوە دەبێت بەو شێوەیە لەسەر زەویش ئەنجام بدرێت لەلایەن مرۆڤەکانەوە.

پاشان له دوای هەموو ئەمانە تۆ بانگکراوی بۆ پەیوەستبوون بە مەرجێکی تر‌ەوە: (سُدُّوا الخَلَل .. لا تَذَروا فُرُجاتٍ لِلشَّیطان) بەڕاستی ئەمە بەرپرسیارێتی تاکە کەسە لە بنیاتنانی شارستانیەت. هەریەکەمان دەبێت کەلێنێك لە کەلێنەکانی ئوممەتەکەمان پڕبکەینەوە، هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی خۆی، هەرکەسەو بەپێی بەرپرسیارێتی تاکە کەسی خۆی و بەپێی لێهاتوویی و شارەزایی تایبەتی خۆی لە بنیاتنانی شارستانیەتەکەی خۆیدا، بۆیە هەرکەسێك واز لەو بەرپرسیاریەتە بهێنێت ئەوە مانای هێشتنەوەی کەلێنە بۆ شەیتان، پاشان خیانەت و کەمتەرخەمی و سەرشۆڕی و کەلێن دروستکردنە لەم باڵەخانەیەدا کە ئوممەت لێیەوە بەهرەمەند دەبن، شارستانیەت تایبەتمەندی و بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و یەکڕیزی و بنیاتنانە.

جارێکی تر خودای گەورە ئەم بنەما زەمینیە پەیوەست دەکاتەوە بە ئاسمانەوە و پێمان دەڵێت: ئەی بەندەکەم خۆت بپارێزە، تۆ ئەگەر ڕیزەکان بەیەك بگەیەنیت ئەوا من لە ئاسمانەوە دەتگەیەنمە ئامانج، ئەگەر ڕیزەکان بپچڕێنی ئەوا پەیوەندی بە منەوە دەپچڕێنیت، وەك لە فەرمودەکەدا هاتووە:

((مَنْ وَصَلَ صَفاً وَصَلَهُ اللهُ وَمَن قَطَعَ صَفاً قَطَعَهُ اللهُ عَزَّوَجَلَّ)).

واتە: (هەرکەسێك ڕیزێك بەیەك بگەیەنێت خودای گەورە دەیگەیەنێت بەخۆی، هەرکەسێك ڕیزێك بپچڕێنێت خودای گەورە دای دەبڕێت لە خۆی)، کەواتە ج پەیوەستبوونێك لەو پەیوەستبوونە ڕووتەرە لە نێوان مەرجە شارستانییەکان لێرە لەسەر زەوی لەگەڵ ئەوەی ڕوودەدات لەوێ لە ئاسمان، بەڕاستی ئەوە پەیوەستبوونە لە نێوان مەرجەکانی پەرستش و مەرجەکانی شارستانیەت.

پاشان لەسەرو هەموو ئەمانەوە تۆ بانگهێشتکراوی بۆ وازهێنان لە مامەڵەکردن بەڕەقی لەگەڵ براکانت لە نوێژدا، لەکۆمەڵگادا، لە ژیاندا، وەك لە فەرمودەکەدا هاتووە (ولينوا بأيدى اخوانكم). واتە: (بەنەرمی دەستی یەکتر ڕابگرن بۆ ناو

ڕێزەکان، یان بۆ چوونە پێش، یان دوا، بۆ ڕێکخستنی ڕێز)، چونکە نەرمونیانی شانەکان و پێیەکان لە نوێژدا لەتەنیشت هاوڕێکانمان کاتێك دەمانەوێت ڕێزەکانمان ڕێك بخەین بۆ پێشەوە بێت، یان بۆ دواوە، یان پڕکردنەوەی کەلێنێك، ئەمە کاریگەریی دروست دەکات لەسەر دڵ و دەروون و هەڵسوکەوتمان، وامان لێدەکات کە ڕەق نەبین لەگەڵ ئەوانی تر و تووند و زبر و پەڕگیر نەبین لە بیرکردنەوە و بەڕێکردنی کاروبارەکانمان، مامەڵەمان لەگەڵ ئەوانەی ڕاجیان لەگەڵمان لە شێوازی بیرکردنەوەیان، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی لە بیروباوەڕیشمان لێك جیاوازین، ئەمە هەڵسوکەوتی پێغەمبەری خودا بوو (دروودی خودای لەسەر بێت) لە درێژەی ژیانی ڕۆژانەیدا نەرمونیانی پیشەی ڕۆژانەی بووە وەك دایکی موسڵمانان بۆمان دەگێڕێتەوە:

- ((.. ما ضَرَبَ خادِمًا قَطُّ ولا امرأة، ولا ضَرَبَ رسُولُ اللّهِ - صلى الله عليه وسلم- بِيَدِهِ شَيئًا قط، إلا أنْ يُجاهِدَ فِي سَبيلِ الله، ولا خُيِّرَ بَين أمْرَينِ الا كان أحَبُّهُما إلَيهِ أيْسَرَهُما، إلا أنْ يَكُونَ إثْمًا، فَإذا كانَ إثمًا كانَ أبْعَدَ النّاسِ مِنَ الإثم، ولا انتَقَمَ لِنَفْسه مِنْ شَيءٍ يُؤتى اليه- أي يُوَجّهُ إلَيْهِ- حَتى تُنْتَهِكَ حُرُماتُ اللهِ عَزّ وَجَلّ فَيَكُونُ هُوَ يَنْتَقِمُ لِلهِ عَزّ وجَلّ)). {صححه الألباني في السلسلة الصحيحة}

واتە: (پێغەمبەری خودا – دروودی خودای لەسەر – هیچکات لە خزمەتکار و ئافرەتی نەداوە، بە دەستەکانی لە هیچ شتێکی نەداوە تەنها لە جیهاددا نەبێت، لەنێوان دوو شتدا ئەگەر بژاردەی تێدا بووبێت هەمیشە ئاسانەکەیانی هەڵبژاردووە و لەلای خۆشتر بووە بەمەرجێك تاوان نەبووبێت، ئەگەر تاوان بووبێت ئەو دوورترین کەس بووە لە تاوان، هیچ کات پێغەمبەری خودا –دروودی خودای لەسەر – لەبەر خۆی تۆڵەی لە کەس نەکردۆتەوە مەگەر سنوورەکانی خودا بەزێنرابێت ئەو کات لەبەر خودا تۆڵەی سەندۆتەوە نەك لەبەر خۆی).

پاك و بێگەردی بۆ خودا، بڕوانن پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر

بێت) چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی کە سادە و خاکی بین، کەچی ئێمە لوتبەرزی دەکەین، چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی نەرمونیان بین، کەچی ئێمە بەڕقینەوە لەگەڵ یەکتر مامەڵە دەکەین، چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی میانڕەو و لێبوردە بین، کەچی تووند و پەرگیرین، چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی گوێ لەیەک بگرین و لەیەک حاڵی بین و لە یەکتر نزیک ببینەوە، کەچی لە یەکتر دوور دەکەوینەوە، ڕاچیا دەبین لەگەڵ یەکتر، چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی کۆ بین و یەکگرتووبین و بەهێز بین، کەچی ڕاچیاو دووبەرەکیمان هەیە و لاوازین.

موسوڵمانان لەسەر زۆر شتی تەفصیلی راچیا بوون بەسەر ئەهلی سونتە و شیعەدا، بەڵام بەدرێژایی مێژوو و جیاوازی شوێنەکان کۆکبوون لەسەر ڕوکنەکانی نوێژ و بنەماکانیان و ژمارەکانیان و هەستان و دانیشتن و کاتەکانیان هۆکاری ئەمەش ئەو شێوازە بەیەکەوەبوونەیە کە لە نوێژی جەماعەتدا هەیە.

بونیادی زۆرێك لە پەرستشەکانمان بەیەکەوە ئەنجامدانیان پاراستوونی لەهەر گۆڕانکاری و زیاد و کەمکردنێك.

ئەوەتا هەموو موسڵمانان یەکڕان لەسەر دەقەکانی قورئان، چونکە ئیسلام واجبی کردووە لەسەریان کە بەیەکەوە بیخوێنن و گوێی لێبگرن و بەبەردەوامی ڕۆژانە سێ جار لە نوێژە بەدەنگەکانەوە (ئێوارە و خەوتنان و بەیانی) ئەمە ئەنجام دەدرێت لە هەموو مزگەوتێك لە هەر وڵاتێك و شار و گوندێك بێت، پێشنوێژ قورئانەکە دەخوێنێت، نوێژخوێنانیش لەدوایەوە گوێدەگرن و ورد دەبنەوە لێی و تۆماری دەکەن لە دڵ و دەروونیاندا، بەڵام موسوڵمانان ڕاچیاییان بۆ دروست بووە لەسەر ڕاڤەکردنی هەندێك لە دەقەکانی قورئان، چونکە ڕاڤەکردن کارێکی جەماعی نیە، ڕاچیانین لەسەر ڕوکاری نوێژ، چونکە کارێکی جەماعیە و لە مزگەوتەکاندا تۆمار دەکرێت و ئەنجام دەدرێت ڕۆژانە پێنج جار، بەڵام ڕاچیان لەسەر ئەوەی بەکەمجار لەم نوێژانەدا دڵەکانیان ڕوو بکەنە کێ، چونکە چاودێر لەسەر دڵەکان نیە

تەنها خودای گەورە نەبێت، هەروەها ڕاجیا نەبوون لەسەر ڕووکەشی حەجی مالّی خودا و بنەما سەرەکیەکانی، چونکە پەرستشێکی جەماعیە و لەژێر چاودێری و تۆماری کۆمەڵی حەجکەران ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەسەر هەندێك بنەما و وردەکاری لەم پەرستشەدا ناکۆك بوون ئەگەر لە گەلانی سەرزەوی ئەمڕۆ بڕوانین و بمانەوێت جیاکاری بکەین لەنێوان ئەوانەی پێشکەوتوون و ئەوانەی دواکەوتوون و گرنگترین ڕەوشت و سیفەتەکانی هەریەکەیان دیاری بکەین دەبینین ئەو گەلانەی شارستانیەتیان بنیاتناوە و پێشکەوتوون ئەوا لەنێو خۆیاندا خاکی بوون و لێبوردە و کۆك و یەکگرتوو بوون و تایبەتمەندییان وەرگرتووە لە زانستەکاندا، کاریان کردووە بۆ بنیاتنانی وڵاتەکانیان وەك یەك گرووپ، یەکدەستە و یەك دڵ بە هیمەتێکی بەرز و وێستێکی بەهێزەوە کاریان کردووە، ئەو گەلانەشی کەوا دواکەوتوون ئەوا لوتبەرز و خۆبەزلزان بوون لە ناو یەکتریدا و تووندئاژۆ و تەمبەڵ و کەمتەرخەم و پارچەپارچە بوون و یەکتریان قبوڵ نەکردووە و پارچەپارچە هەریەکە و بەلایەکدا لاڕێ بوون ئەگەر دوو پارچەیان هاوڕابوون ئەوە لەسەر دوژمنایەتی و شەڕکردن لەگەڵ پارچەی سێیەم یەکبوون. بەداخەوە ئایا ئەمە حاڵی گەلانی موسڵمان نیە لە زۆربەی حاڵەت و وڵاتەکانیاندا؟

ئەگەر هەریەکەمان ئەم فەرموودەیەمان لەبەرچاو گرتبا، پاشان لە وشەکانی ورد بوباینەوە و لەسەر خۆمان و کەسوکاری چواردەوری خۆمان جێبەجێمان کردبا ئەو نهێنیەمان بۆ ڕوون دەبووەوە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر بێت) کاتێك زۆر جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەنجامدانی پەرستشەکان بەتایبەتی نوێژ بە کۆ و جەماعەت ئامانج لێی: یەکگرتویی و بەهێزی و یەکیەتی نێو موسوڵمانانە، ئەگەرنا ئەوە وەك مەڕی هەڵبڕاو لە مێگەل دەبنە نێچیری گورگەکان، ئای چەندە گەلە گورگی زۆرهەن لە چواردەورمان لەم جیهانەدا.

- ((ما مِنْ ثَلاثَةٍ فِي قَرِيَة ولا بَدوٍ لا تُقامُ فِيهِمُ الصَّلاةُ اِلا وقَد استَحوَذَ عَلَيهِمُ

الشَّيطان، فَعَلَيكَ بِالجَماعَةِ فَإنَّما يَأكُلُ الذِّئبُ القاصِيَةَ)) – أي المنفردة من الغنم عن قطيعها–. {رواه أبو دود عن أبي درداء}. واتە: (هیچ کاتێك سێ کەس لە دێیەکدا، یان بادییەیەکدا نابن و نوێژی جەماعەت ئەنجام نادرێ لە ناویاندا، ئیللا شەیتان زاڵ دەبێت بەسەریاندا، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانادا بە، چونکە گورگ ئەو مەڕە دەخوات کە هەڵبڕاوە لە هاوڕێکانی).

کاتێك دڵەکان کۆدەبنەوە لە نوێژی جەماعەتدا ـ نەك تەنها لاشەکان ـ پێویستە لە دوایدا ئەم کۆبوونەوەیە ڕەنگبداتەوە لەسەر تەواوی ژیانمان و بیرکردنەوەمان، وامان لێبێت بەکۆمەڵ هەڵسوکەوت بکەین و هەموومان بەکۆمەڵ بیر بکەینەوە و بەکۆمەڵ کار بکەین و بەکۆمەڵ بنیات بنێین و بەکۆمەڵ دڵخۆش بین و بەکۆمەڵ دڵتەنگ بین، تەنها بەم شێوەیە کۆمەڵگەی موسوڵمانان لە دواکەوتوویی و داڕوخاوی شارستانیەکەیانەوە گۆڕان بۆ شارستانیەتی جوانی ئیسلام، بە بەها و ڕەوشتە بەرزەکانیان و بە فیکر و زانست و یەکپارچەیی خاکەکەیی و یەکبوونی نەوەکانی، بۆیە زەوی و ئاسمانیان بەیەکەوە کۆکردەوە ئەو کاتەی کە یەکپارچەیی و یەك کۆمەڵی و یەك بەهەشتی کۆبوویەوە لەلایان.

ـ ((عَلَيكُم بِالجَماعَةِ وإيّاكُم الفُرقَةَ، فإنَّ الشَّيطانَ مَع الواحِدِ وهُو مِنَ الإثنَينِ أبعَد، ومَنَ أرادَ بُحْبُحَةَ الجَنَّةِ فَعَلَيهِ بِالجَماعَةِ)) {صححه الألباني عن عمر بن الخطاب}.

واتە: (لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵماناندا بن، خۆتان بپارێزن لە دووبەرەکی، شەیتان لەگەڵ یەك تاقە کەسدایە و لە دوو کەس دوورترە، ئەوەی ناوجەرگەی بەهەشتی دەوێت با لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵماناندا بێت).

شارستانیەت کۆکبوون و تەواوکاری و یەکڕیزی وەردەکاری و خاکی بوون و نەرمونیانیَ و قبوڵکردنی بەرامبەر و نزیکبوونەوە و هیمەتبەرزی و ئیرادە و ئارامگریە.

وتاری هەینی: خولی گەشەپێدان و پێشکەوتن

لە یەکێك لە مزگەوتەکانی شاری (ئۆکسفۆرد) کەوتنە دەنگە دەنگ کاتێك وتارخوێنی هەینیەکەیان وتارەکەی تەواو کرد بە زمانی ئینگلیزی و هیچ وشەیەکی زمانی عەرەبی لە وتارەکەیدا بەکارنەهێنا، دەیانگوت وتاری مامۆستا تەواو نییە، چونکە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی عەرەبی پێشکەشی کرد، نوێژی هەینی هیچی قبوڵ نییە ئەگەر وتارەکە بە زمانی عەرەبی نەبێت.

ئێمە لە بەریتانیا زۆرجار بەسەرسوڕمانیەوە دەڕوانینە ئەم جۆرە ڕووداوانە، سەرسوڕمانیەك کە پێزانین لەخۆی دەگرێت لە بەرامبەر هەندێك لەو برایانەمان کە بە زمانی عەرەبی نادوێن کاتێك دەیانبینین کە ڕێزی تایبەت و پیرۆزی و خۆشەویستی لە بەرامبەر ئەم زمانەدا دەنوێنن کە ئێمە ئەوەمان لەدەستداوە، ئەمجۆرە ڕێزە وامان لێدەکات هەست بە تەریقی بکەین تۆزێك بمانهێنێتە تێگەیشتن و ڕوشد، هانمان دەدات لەسەر خۆڕاماڵین لەو ڕاهاتنە نەرێنیە کوشندەیەی کە لەسەری ڕاهاتووین، لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمانەکەمان بۆ ڕێزگرتن و خۆشەویستی بۆی، یارمەتیمان دەدات لەسەر دووبارە دۆزینەوەی و دۆزینەوەی بەها و پێگە و پیرۆزیەکەی.

بەڕاستی ئەمە ڕوویەکی پرشنگدارە لەلایەن ئەو برایانەمان، ئێمەی عەرەب وا لێدەکات هەست بە تاوان بکەین، ئەو واجبە پیرۆزەمان بیردەخاتەوە کە لە بیرمان کردووە بەرامبەر زمانی دایکمان، بەڵام بۆ ئەم وێنایەش ڕوویەکی جیاوازی تر هەیە.

لەوکاتەدا ئەو برایانەمان دەبینین جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت وتاری هەینی بە زمانی عەرەبی بێت و هیچ زمانێکی تر نەبێت، ئەگەر تێشی نەگەن، ئەو چەمك و دەستەواژە شێوێنراوانە دەردەکەون و دێنە بەردەممان بەئاشکرا، کە لەلای هەندێك موسڵمان هەیە بۆ ئەو ڕۆڵە سەرەکی و زیندووەی کە وتاری هەینی بۆ دانراوە، هەروەها ئەو جیاکردنەوە ترسناکە لەنێوان ئاین و ژیانمان

بۆ رووں دەبێتەوە، وەک هەندێک دەڵێن: وتارەکە با لە قورئان و فەرموودە دەرنەچێت! ئەوی تر گرنگ نییە چی دەڵێت یان نایڵێت، پێنج نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدە دوایی کێشە نییە دزیت کرد، یان خەڵکت هەڵخەڵەتاند، یان درۆت کرد، یان زینات ئەنجامدا، گۆشتی بەراز مەخۆ گۆشتی حەڵاڵ بخۆ دوایی کێشە نییە هەرچەند تاوان ئەنجام بدەیت.. بەم شێوەیە وێنای ئیسلام رۆژانە دەشێوێنرێت لەبەرچاوی رۆژئاوا بەقەدەر تێنەگەیشتنی موسوڵمانان لەم ئیسلامە لە رووبەکەوە و بەقەدەر جەختکردنەوە لەسەر وردەکارییەکان و شتە لاوەکییەکان و رووکەشەکان و وەلانانی پایە و بنەما سەرەکییەکان لەلایەکی ترەوە، ئای چەندە ستەم لە ئیسلام دەکرێت بەهۆی نەزانیی موسوڵمانان خۆیانەوە، ئای چەندە بەڵا بەسەر ئیسلام و پەیام و خەڵکەکەیدا دەهێنرێت بە دەستی موسوڵمانان خۆیان؟

براکانمان بەمەرجیان گرتووە لەسەر ئیمام کە وتاری هەنییەکەی بە زمانی عەرەبی بێت نەک بە زمانە لۆکاڵییەکەی خۆیان، یان هەر زمانێکی بێگانەی تر کە تێی بگەن، رەنگە ئەو وتارە لە چەند ئایەت و فەرموودەیەک تێنەپەڕێت، رەنگە وتاربێژەکە چەند وشەیەک و چەند حیکمەتی گێڕدراوە زیاد بکات کە بووە بە عادەت هەموو هەنییەک دوبارەیان دەکاتەوە لە بەردەمیاندا، پاشان دەبینین خەڵک چۆن چوون بۆ مزگەوت ئاواش دێنەدەر، هیچی تازە نییە، هیچ تێنەگەیشتوون، هیچ ئامۆژگاری فێر نەبوون، هیچ یادکرنەوەیەک، هیچ ڕێنماییەک لەبارەی حوکمە شەرعییەکان و چارەسەری پێشهاتەکانیان دەست نەکەوتووە، ئا بەم شێوەیە رۆحی وتاری ئاینی دەکوژین، تەنها لاشە و روکەشە زمانەوانییەکەی دەهێڵینەوە. ئێمە ئەم ڕوونکردنەوە هەفتانەیە گرنگانە لە مەبەستەکەی دادەماڵین، بە هەندێک هەڵسوکەوت و رووکەشی جوڵەیی و وشەیی پەرستشەکان، یاسا و ڕێساکانیان دەگۆڕین ڕێک وەک ئەوەی کە زۆرێک لە موسوڵمانان پەرستشەکانی تریان لە مانا کرداریییەکانی دامالێوە کاتێک جیایان دەکەنەوە لە

ژیان، دەبینین نوێژ دەکەن و دزیش دەکەن و بەڕۆژووش دەبن و درۆش دەکەن و سنوورەکانی شەرع دەبەزێنن و هەموو ئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن کە خوویان پێوە گرتووە، بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییە سەیرە لە نێوان ئاین و دنیاکەیاندا بچەسپێنن.

دەبینی هەندێکیان لەسەرو نەخوێندەواری خۆیەوە وانەیەکت پێدەڵێت لەسەر پێویستی رەچاوکردنی مەرجەکانی گۆشتی حەڵاڵ ئەگەرچی رەنگە بۆچوونەکەی تۆ جیاواز بێت لەوبارەیەوە، کەچی دەبینیت لە پەنهانیدا –یان بەئاشکراش هەندێکجار– کەسێکی فێڵباز و ساختەچی و پیلانگێڕ و هەڵخەڵەتێنەر و درۆزن و دز و ئازاردەر شایەتدەر بە ناڕاست و خۆدزەرەوە لە یاسا، رەنگە موعتادیش بێت، لە بەرگی موسوڵمانێکی پابەنددا خۆی شاردۆتەوە، هەمیشە جەخت دەکاتەوە کە ئەو موسڵمانێکی راستەقینەیە و ئەگەر بە بۆچوون و تێگەیشتن و مەرجەکانی ئەو رازی نەبیت لە بارەی گۆشتی حەڵاڵەوە ئەوە رەنگە دەرتبهێنێت لە میللەتی ئیسلام.

بەشێکی زۆری موسوڵمانان بەمشێوەیەیان لێهاتووە: نوێژ بکە دوایی چی دەکەیت بیکە، هەرچی دەڵێیت لە وتارەکەتدا بەس با عەرەبی بێت، ئەوەی دەتەوێت ئەنجامی بدە لە ژیان و مامەڵەت لەگەڵ خەڵکدا، گرنگ ئەوەیە تەنها گۆشتی حەڵاڵ بخۆی –جا بەو تێگەیشتنە ناوچەییەی خۆشی بۆ ئەم مەسەلەیە–.

زۆرێك رۆڵی سەرەکی وتاری هەینی لە ژیانی کۆمەڵگای ئیسلامی و گەشەسەندن و پێشکەوتنی نازانن، بۆیە نوێژی هەینی و وتارەکەیان بەسەردا تێدەپەڕێت، وا سەیری دەکەن کە پەرستشێکی رووکەشە، دەبێت ئەنجامی بدەن، پێویستە ئەنجامی بدەن و لەسەر شانی خۆیانی رابکەن بەوەی لەکاتی خۆیدا ئامادەبن و بێدەنگ بن بۆ وتارخوێنەکە و بەڕێکی رابوەستن و نوێژەکەیان ئەنجام بدەن، سەلام بدەنەوە: السلام علیکم ورحمة الله، السلام علیکم ورحمة الله.

پێویستە بپرسین لەبەردەم ئەم حاڵەتەدا: باشە کاتێك بێدەنگی لە بەردەم وتارخوێندا تەشریعکراوە، ئارامیی و لەسەرخۆیی پێویستکراوە لە کاتی

وتارخوێندنەوەدا تەنها لەبەر رێزگرتنْ نییە بۆ وتارخوێنەکە؟ باشە وتاری هەینی بەم دابڕینە لە رۆحەکەی تەنها مەراسیمێکی رووکەش و کۆمەڵێك جووڵە و وەرزشی لاشەیی و فیزیایی نییە و ناوەڕۆکەکەی هیچ سوود و مانایەکی نییە؟

لەراستیدا نوێژی هەینی پەرستشە، وتارەکەشی پلانی کرداریيە، ئەم وتارە بەشێکی دانەبڕاوە لە نوێژی هەینی، بەشێوەیەك لە هەندێ فەرموودەدا هاتووە: ئەوەی وتارەکەی لەکیس بچێت وەك ئەوە وایە نوێژەکەی لەکیس چووبێت.

- ((إنَّ الملائكةَ يَومَ الجُمعةِ عَلى أبوابِ المَساجدِ، يَكتُبون النّاسَ عَلى مَنازِلِهم، جاءَ فُلانٌ، والإمامُ يَخطُبُ، جاءَ فُلانٌ فأدرَكَ الصَّلاةَ ولَم يُدرِكْ الجُمعَةَ إذا لَم يُدرِكْ الجُمُعةَ)) {رواه احمد عن ابي هريرة}.

واتە: (فریشتەکان رۆژانی هەینی لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکان دەوەستن بەپێی پلەوپایەکان خەڵکی دەنوسن، فلان کەس لە فلان کاتدا هاتووە، فلان کەس لە فلان کاتدا هاتووە، فلان کەس کاتێك هات ئیمام وتاری دەخوێندەوە، فلان کەس هات فریای نوێژ کەوت، بەڵام فریای وتارەکە نەکەوت).

بۆیە لەسەر پێشنوێژ پێویستە کە وتارەکەی درێژ بکاتەوە بەپێی جۆری نوێژخوێنەکانی و ئاستی رۆشنبیریيان، سروشتی حاڵ و زروفیان و ئەو بابەتانەی گرنگی پێدەدەن، ئەگەر بیەوێت سوودیان پێبگەیەنێت و لە دوای دەرچوونیان لە مزگەوت بابەتەکانیان بیر بمێنێت و کاری لەسەر بکەن، بۆیە وتاردان بۆ کۆمەڵێك کرێکار دەبێت جیاواز بێت لە وتارێك کە لەبەردەم جەماوەرێکی رۆشنبیر دەدرێت، دەبێ ئەو وتارەی بەگوێی خوێندکارانی ناوەندیدا دەدرێت جیاواز بێت لەو وتارانەی بەگوێی خوێندکارانی زانکۆدا دەدرێت، یان بۆ مامۆستایانی زانکۆ دەدرێت، دەبێت وتار بۆ تازە موسڵمانبووەکان لە هەموویان جیاوازتر بێت.

پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) هیچ کات بەهۆی بۆنە، یان بەبێ هۆ ئایەتەکانی دووبارە نەکردۆتەوە وەك هەندێك لە وتارخوێنانی ئەمڕۆ ئەنجامی

دەدەن، کاتێک کە وتارەکەیان لە ئایەتێک یان چەند ئایەتێک، یان چەند فەرموودەیەکی دووبارە تێناپەڕێت، لەبەردەمماندا وەک تووتی دەیڵێنەوە و چەند بارەی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەن جوان پەیوەستی بکەن بەوەی کە روودەدات لە واقیعدا لە رووی کات و شوێنەوە، بەپاستی گوناهبار دەبین لەبەرامبەر ئەو ئایەتانەدا کە هەر ئەوانە چەندبارە دەکەینەوە و دەیاندەین بەگوێی خەڵکدا بەهۆی بۆنەیەک یان بەبێ هۆ، تا وایان لێدەکەین بێزار بین و پشتی تێبکەن و گوێی لێنەگرن، تەنانەت رەنگە بەهۆی ئەم کارەوە ئەو هەستەیان لەبەرامبەر هەموو قورئان بۆ دروستبێت. دەبێ کەی بێت ئەو ڕۆژەی کە زمانی وتاری هەینی ببێتە شتێکی لاوەکی و ناوەڕۆکەکەی بە ئامانج بگیرێت؟ دەبێ کەی بێت مەسەلەی گۆشتی حەڵاڵ و هاوشێوەکانی بابەتی بنیاتنەر نەبن بۆ ڕێنماییە ئایینی و ڕەوشتە بەرز و نەمرەکان؟ دەبێ کەی ژیانمان ببێتە بەرجەستە و جێبەجێکەر و پشتڕاستکەرەوەی پەرستش و بەها ئاینییەکان.

ئەگەر خودای گەورە سەرەتای هەر سەدەیەک نوێکەرەوەیەکی ئاین بنێرێت بۆ موسوڵمانان وەک لە فەرموودەکاندا پشتڕاستکراوەتەوە ئەوە ڕۆڵی وتاربێژی هەینی لە سەرەتای هەموو هەفتەیەکدا ئەوەیە کە حوکمەکانی ئاینەکەی بۆ نوێژخوێنان نوێ بکاتەوە و لەسەر درێژە و وردەکاریەکان و پێشهاتەکانی سەردەم هەڵوێستە بکات، بۆ ئەوەی ڕەوڕەوەی ژیاندا بڕۆن و پارێزگاری لە پەیوەستبوونیان پێوەی بکەن، بەشداری بکەن لە دروستکردن و گەشەسەندنی.

ئەگەر هەموو دامەزراوەیەک بەرنامەی هەفتەیی ڕاهێنان و گەشەسەندنی ناچاری هەبێت کە بەسەر فەرمانبەرەکانیدا جێبەجێی بکات، ئەوە وتاری هەینیش ئەو بەرنامە ڕاهێنان و ڕێنماییکەر و گەشەسەندە ناچارەییەیە بۆ ژیانی موسوڵمان، ئەو پەیوەستیە هەفتانەییە فەرمییە زانستییە ڕێنماییە ڕۆشنبیرییە ڕاهێنانەییە پەروەردەکەرەیە لە نێوان دامەزراوەی ئیسلام و دامەزراوەی ژیان.

لێرەوە دەست پێدەکەین

جارێك پرسیاری برایەکم کرد کە نوێژی دەکرد لەگەڵمان لە مزگەوت، پێیان وتم کە ماوەیەکە لەم مزگەوتەی ئێمە نوێژ ناکات، حەزی لە مزگەوتێکی ترە، چونکە لەگەڵ موسوڵمانێك کە دێت بۆ ئەم مزگەوتە ناخۆشییان هەیە، پاشان بە برایەکی تر گەشتم ماوەیەك بوو نەمبینی بوو، لێم پرسی: بۆ ناتبینم لە مزگەوتەکەمان؟ وتی من لە مزگەوتێك نوێژ ناکەم وتاربێژەکەی بچێتە سەر مینبەر و بڵێت مرۆڤ لە تنۆکە ئاوێکی بێزێز دروست کراوە، چۆن دەوێرێت و ماف بەخۆی دەدات کە ئەو تنۆکە ئاوەی مرۆڤی لێ دروست بووە بە بێزێز سەیری بکات، جارێکیتر بە هاوڕێیەکم گەشتم لە ڕێگای مزگەوت و دەستمان کرد بە قسەکردن هەتا گەشتینە بەردەرگای مزگەوت، کاتێك گەشتین خوا حافیزی لێ کردم، بەسەرسوڕمانەوە پێم وت ئەمە چییە نوێژ ناکەی لەگەڵمان؟ سەری بادا بەملاولادا و وتی من لە مزگەوتێك نوێژ ناکەم کە سەلەفی نوێژ بکەن تیایدا.

لێرەدا پرسیارم لە خۆم کرد: باشە بیهێنە بەرچاوت گەلی موسوڵمان ئەگەر دابەش بن بەسەر ئەم سێ تاقمەدا سێیەکیان لەو مزگەوتانە نوێژ ناکەن کە ناحەزەکانیان یان ئەو کەسانەی ناکۆکیان هەیە لەگەڵیان لەوێ نوێژ دەکەن، سێیەکی تریان لە وتاربێژی مزگەوت خۆش نابێت کە هەڵەیەکی کردووە لە وتارەکەیدا ئەگەر وادابنێین هەڵەیە، سێ یەکەکەی تر نایەوێ لە مزگەوتدا کۆببێتەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕاجیان لەگەڵیان لە بۆچوون و ئیجتیهادەکاندا، باشە ئێوە لە گەلێکی وا ڕادەبینن و گومانتان هەیە کە بتوانێت و شایستە بێت بۆئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان حوکمی جیهان بکات چ جای حوکمی خۆی؟

باشە ئێمە چیمان لە ڕەوشتی مزگەوت کرد، چیمان لە مەرجەکانی نوێژی جەماعەت کرد و چیمان لە ڕۆڵە مێژوویییە مەزنەکەی کرد، کە لێیەوە سوپا و هێزە مەزنەکانی ئیسلام دەرچون بۆ ئەوەی ئیسلام بڵاو بکەنەوە، شارستانییەتی ئیسلام

و ڕەوشتی ئیسلام لەسەر ڕووی زەوی پەخش بکەن لە ماوەیەکی کەمی دیاریکراودا، کە هیچ شارستانییەتێکی مرۆڤایەتی شتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە و نابینێت، نە لە ڕابردوو نە لە داهاتوو.

لە نیسانی ساڵی ٢٠١٢دا داوام لێکرا بەشداری بکەم لە خولێك کە (دەزگای ئەکادیمی بانگخوازی هاوچەرخ – مؤسسة الداعية المعاصر) سازی کردبوو، ئامانج لێی دەرخستنی چەند نموونەیەکی سەرکەوتوو لە دەرچوانی کچ و کوڕی زانکۆی ئەزهەری پیرۆز، ئەوانەی لەڕووی زانستیی و هەڵسوکەوتەوە سەرکەوتوو بوون، بۆئەوەی بتوانن کۆنتاکت دروست بکەن لەگەڵ گەنجان و پەیامی ئیسلامی میانڕەوییان پێ بگەیەنن. بەو پێیەی کە شارەزاییم هەیە، نزیکەی ٢٠ ساڵ کارم کردووە وەك پشکنەر –مفتش– لە ئەنجومەنی بەریتانی بۆ دانپیانان بە زانکۆ و پەیمانگاکان:

(The British Accreditation council)

کە ئەم کۆڕبەندە ئێستا فراوانتر بووە بۆ ئەوەی زانکۆ و پەیمانگاکانی دەرەوەی بەریتانیاش بگرێتەوە، مانای وایە کە ئەم کۆڕبەندە شارەزایی و لێهاتوویی ئاستە شارستانییە بەریتانییەکان دەگوازێتەوە بۆ ئەو زانکۆیانە، هەر بۆیە من پێشنیارم کرد بۆ ئەو دەزگایەی کە بانگهێشتیان کردبووم کە هەستن بە دانانی کۆڕبەندێکی هاوشێوە کە من ناوم نابوو (ئەنجومەنی دانپیانانی ئیسلامی نێودەوڵەتی) (مجلس الاعتراف الاسلامی الدولی)، بەمەبەستی دۆزینەوەی خاڵی بەیەکگەیشتنی شارستانی کە بۆ مەرجەکانی ئەم ئەنجومەنە نوێیە ملکەچ ببێت لە تەواوی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، لە میسرەوە دەست پێ بکات، ئەم خاڵی بەیەکگەیشتنانە تەنها زانکۆ و دەزگا پەروەردەییەکان نەگرێتەوە، بەڵکو هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت بگرێتەوە لە کۆمپانیا و بەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکان و جادە و بان و گەڕەکە بچووکەکان و باڵەخانە نیشتەجێییەکان و خەستەخانە و عەیادە و قوتابخانە و

پەیمانگا و فرۆشگا و مزگەوت و کەنیسە و باخچە گشتییەکان و باخچەی منالان و...هتد، ئەم پەنجا خوێندکارە بەشداربووە لە خولەکەدا ببنە تۆوی ئەم بیرۆکەیە بەشێوەیەک گرووپی بچووکی ناوچەیی دروست بکرێت و پەیوەستبن بەم ئەنجومەنی دانپیانانەدا کە باسمانکرد، پاشان ئەم ئەنجومەنە مەرج و رێنماییەکانی پەخش بکات بەسەر ئەو دەزگا و شوێنانەدا و رۆحی کێبڕکێی شارستانی و ئایینی دروست بکات کە هەوڵ بدەن دانپیانانی ئەم ئەنجومەنە بەدەست بێنن، بەم شێوەیە بە گرتنەبەری چەند رێکار و کێبڕکێ و پێشبڕکێی بەردەوام لەنێو ئەم دەزگایانەدا تا ئەو دەزگایانەی کە ناتوانن یان نەیانتوانیوە دانپیانانی ئەم ئەنجومەنە بەدەست بێنن هەست بکەن کە دابڕاون لە چواردەوری خۆیان.

پاشان ئەم شوێنانە مانگ بە مانگ و ساڵ بەساڵ زیاد دەبن بەهۆی بڵاوبوونەوەی کاریگەرییەکانیان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان لەسەر زەوی مصر، تا لە ماوەی ١٠ تا ٢٠ ساڵدا مصر لە رێگەی ئەم بەرنامەیەوە وایلێدێت دێتە پێزی دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە، لە ڕووی کارجوانی و رێکوپێکی و رێکخستن و پاکوخاوێنی و جوانی ئاکارییەوە، لە ڕووی بەرزبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان و ئاستی سەلامەتی گشتییەوە و لە ئاستی خوێندن و ئاستی پەروەردە و ئاستی هەڵسوکەوت، ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی دەیگێڕێتەوە بۆ بەها ئاییننییە فەوتاوەکانی، لەڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە نەهاتۆتەدەر و لەجێی خۆی ماوە لەسەر پەڕە و جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕووداوە نەخوازراو و بەڵا لە دوایەکانەی کە هاتن بەدوای ٢٥ی یەنایەردا، ئەمە وامان لێدەکات لە [illegible] بیربکەینەوە: بۆچی ئەم جوڵانەوە گەورەیە لە [illegible] بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەست پێنەکەین و [illegible] مزگەوت و خەڵکی مزگەوتە، مزگەوت لە هەموو شارێک و لە هەموو [illegible] هەموو گوندێک هەیە، هەموو مزگەوتێک بە سەربەرشتی [illegible]

نوێژخوێنانی گەنجی بوێر دەتوانێت ببێتە ئەنجومەنێکی دانپیانانی ناوچەیی بۆ هەموو ئەو دەزگایانەی کە لە چواردەوری هەن بە ڕەچاوکردنی ئەو بنەما شارستانیانەی کە باسمانکردن لە نوێژی جەماعەتدا.

ئەوەی ئەنجومەنی بەڕێتانی بۆ دانپیانان دەیەوێت لەو دەزگایانەی دانیان پێدا دەنێت ئەگەر تەجاوزی لە ئامانجەکەی بکەین کە گرنگی دەدات بە زانکۆکان چەند مەرجێکی سەرەکین:

- ڕووکەشی ناوەوە و دەرەوەی بینا.
- مەرجە تەندروستییەکان و پاکوخاوێنی و مەرجەکانی سەلامەتی بۆ ئەو کەسانەی کاردەکەن و سوود وەردەگرن لەم دەزگایانە.
- گونجاوی ئامادەگی بینا و نووسینگە و ژوورەکانی بۆ جۆری ئەو خزمەتگوزاریەی ئەو دەزگایە پێشکەشی دەکات.
- ئامادەکردنی تەواوی پێداویستییەکانی هەموو ئەو کەسانەی کار دەکەن و سودمەند دەبن لەو دەزگایە.
- ئاستی سەرکەوتوویی بەڕێوەبردن لەو دەزگایەدا لە ئاسانکردن و بەڕێکردنی کارەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.
- ئاستی لێهاتوویی ئەو کەسانەی کار دەکەن تیایدا و جۆری ئەو بڕوانامانەی کە هەیانە و تۆمارکردنی.
- بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ئەوانەی کاردەکەن لەو دامەزراوەیەدا، لەگەڵ بوونی مووچەی دادپەروەرانە و یەکسان بۆیان.
- بوونی گرێبەستی یاسایی بۆ هەموو ئەوانەی کاردەکەن لەو دامەزراوەیەدا، لەگەڵ بوونی مووچەی دادپەروەرانە و یەکسان بۆیان.
- بوونی یاسایەک بۆ هاندان و دەستپێشخەرییە تاکییەکانی ئیشکەرەکان و گەشەپێدانی توانا و لێهاتوویییەکانیان.

– بوونی ڕێکخستنێکی ورد و نوێ بۆ دۆسیە و مەلەفەکانی ئەو کەسانەی کاردەکەن و سودمەند دەبن لەو دامەزراوەیە.

– پێویستە دامەزراوەکە پارێزگاری بکات لە هەموو یاسا و پلانەکانی، ئەرك و کاری ئەوانەی کار دەکەن تیایدا بە نووسراو و ڕوونبێت.

– ڕاست و ڕەوانی ئەو بڵاوکراوە و بانگەوازانەی کە لەو دامەزراوەیەوە دەردەچێت.

– ڕاست و ڕەوانی ئەو خزمەتگوزاری و لێهاتوویی و بڕوانامانەی کە دامەزراوەکە بۆ خەڵکی فەراهەم دێنێ.

– زمانی ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکانی تر، شارستانیەتی زمانی گووتاری نووسراو و شایستە و سەردەمیانە.

– گونجاوی و بەدەم هاتنی کارگێڕی دامەزراوەکە و ئەوانەی سوودمەند دەبن لێی، تا چەند پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم دێنێت.

– دادگەریی و یەکسانی لەنێوان کەسانی کارکەر لە دامەزراوەکە و ئەوانەی سوودمەند دەبن لێی و ئەنجامنەدانی جیاکاری دەمارگیری و قەومایەتی و حزبی و مەزهەبی.

– بەشداری پێکردنی هەڵسەنگێنەری دەرەکی لە هەڵسەنگاندنی کار و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکە هەموو ساڵێك.

– هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە کۆتایی هەموو: کۆرسێك / ساڵێك / قۆناغێك .

ئەمە پوختەی ئەو دۆسیانەن کە پشکنەر لە ئەنجومەنی دانپیانانی بەریتانی لە جانتاکەیدا لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت لەکاتی سەردانییکردنی هەر دامەزراوەیەك، لەڕاستیدا ئەمانە دەرناچن لەو دە بنەمایانەی کە پێشنیارمان کردون بۆ هەر شارستانییەتێك کە ئەوانیش نوێژی جەماعەت دەیانچەسپێنێت و

بانگەوازیان بۆ دەکات، کە دەکرێت ئەو بزووتنەوەیەی کە لە نوێژی جەماعەتەوە سەرچاوە دەگرێ پیادەیان بکات بۆ گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە لە هۆکاری بەدیهێنانی شارستانیەتدا کەمتەرخەمیمان تێدا کردووە.

جاری وا هەیە ئەم جوڵانەوەیە لە مزگەوتێك لێرە و لە مزگەوتێك لەوێ دەستپێدەکات و هەریەکەیان بە ڕەچاوکردنی مەرج و یاساکانی شارستانییەت کە ئاماژەمان پێدان و ڕەچاوکردنی ئەو بنەما و یاسایانەی کە پێویستە هەبن لە هەر دامەزراوەیەکدا دەکەونە کێبڕکێ بۆ ئەوەی دانیان پێدا بنرێ، زۆری پێناچێت کە لێژنە و ئەنجومەنی مزگەوتەکەمان کۆدەبنەوە و کاردەکەن بۆ تاوتوێکردنی هەندێ یاسا و مەرجی هاوبەشی دامەزراندنی یەك ئەنجومەنی یەکگرتوو، پاشان ئەم یاسا و بنەمایانە گەشە دەکەن و فراوان دەبن بۆ ئەوەی ببنە یاسای بنەڕەتی بۆ (ئەنجومەنی نیشتیمانی دانپیانانی دامەزراوەکان) لەسەر ئاستی دەوڵەت.

لە وڵاتی میصرەوە یان هەر وڵاتێکی ئیسلامی ترەوە ئەم پرۆژەیە ئەم بزووتنەوەیە دەستپێبکات، پاشان مەشروعەکە بگوازێتەوە بۆ تەواوی جیهانی ئیسلامی، ئەگەر ئەم ئەنجومەنە بە شێوەیەکی دروست و چاك پلانی بۆ دابڕێژرێ ڕەنگە جیهانی ئیسلامی بەچەند دەیە سالێك بگێڕێتەوە بۆ جێ شارستانییەکەی خۆی و ڕۆحی بیرکردنەوەی ئایینی شارستانی دروست و زیندوو بکاتەوە لە جیهانی ئیسلامی و غەربیدا، ئەویش لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی لایەنی کرداریی لە ئایینی ئیسلامدا و پەیوەستکردنی پەرستشەکان –سەرەتا لە نوێژەوە– بە ژیانی گشتی و گێڕانەوەی ڕووی گەشی شارستانی ڕاست و دروستی ئیسلام لەلای جیهان، بەڕاستی ئەمە کارێکی گەورەیە، بەڵام هەموو ڕێگەیەکی دوور لە هەنگاوێکەوە دەستپێدەکات، ئەگەر ئەم بابەتە بەجیددی پێویست وەربگرین دەتوانین بە دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە شتێك بێنینە ئارا کە هەر ئێستا چەندین نەوە لە حکومەت و بیرمەندان نەیانتوانیوە بیهێننە دی.

پێنج هێڵەکان بۆ نوێژ

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ﴾ {النساء:٤٣}. واتە: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە نزیکی نوێژ مەکەون لە کاتێکدا ئێوە سەرخۆشن هەتا ئاسەواری سەرخۆشی نامێنێت و دەزانن چی دەڵێن).

چەند جار رووکەشیی ئەم ئایەتەمان خوێندۆتەوە، بەڵام وانەکانی پشت ئایەتەکەمان نەخوێندۆتەوە.

ئەگەر لە رێگادا چاومان بە مرۆڤێك بکەوێت قسە بکات و دەستەکانی بجوڵێنێت و سەری بابدا بەملاولادا، بەڵام بەتەنها بێت و کەسی لە دەورە نەبێت، یەکەم شت کە گومانمان بۆی بچێت ئەوەیە کە دەڵێین رەنگە سەماعەیەکی پەیوەندیکردنی تەلەفونی دەستی لە سەری قایم کردبێت و لەگەڵ یەکێکدا قسە بکات بە تەلەفون، ئەگەر جوانتر ورد بوینەوە لێی و هیچ تەلەفونێکی دەستیمان بەدەمیەوە نەبینی و هیچ سەماعەیەکی لە گوێدا نەبوو، هیچ تەلەفونێکمان بەدەستییەوە یان لە گیرفانیدا بەدی نەکرد، ئەوە چارەمان نامێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە بڵێین ئەم پیاوە تێکچووە و ئاگای لە خۆی نەماوە، یان سەرخۆشە و لەخۆیەوە قسە دەکات، ئایا من زیادەڕەوی ناکەم کە ئەم قسەیە دەکەم؟

ئەمە نموونەی زۆرێك لە نوێژخوێنانە لە نوێژەکانیاندا لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا، کە سەیریان دەکەیت لە نوێژدا کەس نابینی لە نەنیشتییان قسەی لەگەڵ بکەن، وەکەسیان تەلەفونیان بە دەستەوە نییە، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە بەشێوەیەك قسە دەکەن کە هەست ناکەی قسە لەگەڵ کەس بکەن، یان بە گوزارشتێکی تر بڵێین: خۆشیان نازانن چی دەڵێن.

زۆر جیاوازە ئەگەر قسە بکەیت و لە ئاکار و دەموچاوتدا دەربکەوێت کە لە ئەسەکانتدا مەبەستت شتێکی دیاریکراوە و کەسێك هەیە کە لەگەڵی دەئاخفیت، ئەگەڵ ئەوەی کە تەنها دەم و زمانت بجوڵێنیت و پێتەوە دیار نەبێت کە لەگەڵ

کەسێك قسە دەکەیت، یان شتێکی دیاریکراوت مەبەستە، ئەمەی دووەمیان جۆرە نەخۆشیەکی سەیرە و زۆر ترسناکە.

قسەکردنی ئەو جۆرە کەسانە وتنی یەکلەدوای یەکی چەند وشەیەکی مانادارە لە بنەڕەتدا، بەڵام وا نەماوە و وادەرناکەوێت، لە سەیرکردنی ئاکار و شێوەی دەم و چاویان و لەدەرچوونی وشەکان لە لێوەکانیان و کاردانەوەیان لەسەر دەموچاویان هەست بەهیچ ئامانج و مەبەستێك ناکرێت، بەشێوەیەك بەرز و نزمی دەنگ و نەغمە و مۆسیقای وشەکان و پەیوەستی و یەکلەدوای یەکی ماناکانیان واناگەیەنێت کە بەئامانج و لەبەرامبەر یەکێکدا بە تەلەفون، یان رووبەڕوو قسە بکەن.

ئێستا تاقی بکەرەوە، دەست بدەرە تەلەفونەکەت و پەیوەندی ببەستە لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانت و بە خێزانەکەت، یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت بڵێ با ژمارەی گۆڕانکاری لە شێوەی دەموچاو و نەبرەی دەنگ و شێوازی قسەکردنت تۆمار بکات هەتا لە تەلەفونەکەت دەبیتەوە بزانە چەند جار ئەم حاڵەتانە دوبارە دەبنەوە؟ لە راستیدا ئاکاری دەموچاو و نەبرەی دەنگ و دەستجوڵانەوە و حاڵەتی جەستەییمان دەیان جار دەگۆڕێت و رەنگاورەنگ دەبێت لەکاتی پەیوەندی تەلەفونی ئاساییدا بەهۆی رووداوەکانی ناو ئەو قسانەی دەیکەین لە: هێنان و بردنی یەکتر و داواکاری و جەختکردنەوە لەسەر داواکارییەك و بەڵگە و بەهانە هێنانەوە بۆی و بێهیوایی و سەرسوڕمان و قەبوڵکردن و رەتکردنەوە و لۆمەکردن و خۆپاراستن و رەچاوکردنی شتێك و سوپاس و پێزانین و پرسیار و وەڵام و ترس و تەماع و ناچارکردن و نەفیکردن و جیاکردنەوە و دەرهێنانی هەندێك شت لە هەندێکی تر و هەڵوێستەکردن لەسەر شتێك و بەدواداچوون و گەڕانەوە بۆ سەر شتێك و دوودڵیمان تیایدا و تووڕەبوون و پێکەنین و...هتد، ئەگەر ئەم حاڵەتانە رووندەن ئەوە ئێمە تەنها وەك مرۆڤێکی ئالی و رۆبۆت واین.

هەوڵتان داوە لەکاتی نوێژدا دڵنیابن لەوەی کە ڕۆبۆت نین، یان سەرخۆش، یان شێت نین؟ هەوڵتانداوە وا هەست بکەن کە لە نوێژدا ئێوە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکێکی تر وەك "هەریەکەمان" پەیوەندی لەگەڵ یەکێکی تردا دەبەستێت بە تەلەفون لەگەڵ هاوڕێکەی، یان مامۆستاکەی، یان بەرپرس و سەرۆکەکەی؟ هەوڵتانداوە لە نوێژدا وا هەست بکەن کە بەرامبەرێکی زیندوو هەیە پەیوەندی لەگەڵ دەبەستن و بۆخۆتان تەنها قسە لەگەڵ خۆتان ناکەن؟ یان وا قسەناکەن کە بۆخۆشتان نەزانن چی دەڵێن و کەس لەبەرامبەرتان نییە؟ بەشێوەیەك نین کە خەڵك تۆمەتبارتان بکات بە ڕۆبۆت و شێت و خەڵەفاو؟

ئەگەر بەڕاستی دڵنیان و باوەڕتان وایە لە هێڵەکەی تر خوداتان لەگەڵە بەشێوەیەك گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن و گوێتان لێدەگرێت و ناوی دەهێنن و داواکاری لێدەکەن و وەڵامتان دەداتەوە، ئەمە بە چ شتێك دەسەلمێنن بۆ ئەو کەسانەی سەیرتان دەکەن و گوێیان لێتانە؟ یاخود چۆن ئەمە بۆ خودی خودای گەورە دەسەلمێنن لەکاتێکدا کە ئەو گوێی لە نەبەرەکانی دەنگتانە و شارەزاو بەئاگای لێدانی دڵەکانتانە زانایە بەوەی کە لەناو سینگتاندایە و دەزانێ کە ئێوە قسە لەگەڵ ئەودا دەکەن نەك بە شێوەیەك قسە دەکەن کە لە بەرامبەرتاندا کەس نییە؟

- ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ﴾ {المؤمنون: ١ـ ٢}.

واتە: (بەڕاستی بڕواداران سەرکەوتوو و سەرفراز بوون، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچ و دڵ ئارام و دڵ دامەزراون و دڵیان لەلای خودایە).

- ﴿ فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ، الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ {الماعون: ٤ـ ٥}. واتە: (جا هاوار و واوەیلا بۆ نوێژکەرانێك، ئەوانەی گوێنادەن بە نوێژەکانیان و کاریگەری نییە لەسەریان و دڵی نادەنێ و لێی غافڵن).

بەڕاستی هەر چرکەساتێکی پەیوەندی کردن بە خوداوە ئەگەر بێ هیچ وشە و

ئاخاوتنێکیش بێت زۆر باشترە لە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک کە بیخوێنینەوە بەشێوەیەک هیچ پەیوەندیکردنێک نەهێنێتە دی، خودای گەورە سەیری دڵەکانمان دەکات نەک زمانمان، ئەگەر چرکەیەک بە دڵ قسە لەگەڵ خودا بکەیت چاکتر و گەورەترە لە سەد ساڵ قسەکردن بەبێ ئاگایی دڵ، ئەمە ئەگەر بەڕاستی بمانەوێت بگەین بە خودا، جارێکی تر پەیوەندی ببەستینەوە بە خوداوە و دڵ و دەروونمان لەسەر ئەو پەیوەندییە رابهێنین، ئەگەر بمانەوێت بەهۆی نوور و چاکەی ئەوەوە رێگای سەرفرازیمان رووناك بکەینەوە، بەهۆی چاکەی نوێژەکانمان خراپەی دڵ و دەروون و هەڵەی ڕۆح و ناخمان بسڕینەوە.

- ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ {هود: ١١٤}. واتە: (نوێژ بەچاکیی ئەنجامبدە لە هەردوو سەری ڕۆژەوە- مەبەست نیوەڕۆ و عەسرە- و لە سێ کاتەکەی شەویشدا - مەبەست مەغریب و عیشا و بەیانییە-، بەڕاستی کردەوە چاکەکان کرداری خراپەکان لا دەبات و گوناهەکان دەشۆنەوە).

نوێژ راهێنانێکی وەرزشی جەستەیی نییە ئەگەرچی ئەو سوودەش دەگەیەنێت، تەنها کاتێکی ئاسایی نییە تایبەتی بکەین بۆ بەڕێکردنی و کە تەواو بوو بچین بۆ جێبەجێکردنی کارێکی تر، وتنی چەند وشە و رستەیەك نییە دەم و لێو و زمانمان بجوڵێنین پێی، ئەگەرچی بەشێکی نوێژەکانمان بەوانە ئەنجام دەدرێن، بەڵکو ئەو نوێژەی بەندەکان ئەنجامی دەدەن دابەش دەبێت بەسەر پێنج هێڵی هاوتەریب و پەیوەست و تەواوکار، کە بەبێ یەکتر نابن و لە یەکتر جیا نابنەوە ئەگەر بمانەوێت پەیوەندییەکەمان لەگەڵ خودا پەیوەندییەکی راستەقینە بێت، ئەم هێڵانە لەناو روکنی نوێژەکاندا نابینرێن کە باس کرابن، بەڵام لە راستیدا پایەی ئەو روکنانەن و نوێژ بەبێ ئەم پێنج هێڵە بە نوێژ ئەژمار ناکرێت، ئەوانیش:

١- هێڵی کات: هەوڵ مەدە قەناعەتم پێبکەی یان قەناعەت بە خۆت بکەیت کە

نوێژی نیوەڕۆ، یان عەسر، یان ئەوانی تر بە پێنج خولەك تەواو دەکەیت، چونکە ئەمە کارێکی ناتەواوە، لەڕاستیدا ئەو کاتەی تەرخانی دەکەیت بۆ نوێژ بابەتێکی سەرەکییە لەوەی کە تۆ بیسەلمێنی، یان نەیسەلمێنی کە نوێژت کردووە، یان لە نوێژەکەتدا پەیوەندییەکی دروستت بەستووە لەگەڵ خودا. رەنگە گرنگترین کات لەم هێڵەدا ئەوکاتە بێت کە لە نێوان دوو ئایەتدا چەند چرکەیەك بێدەنگ دەبیت یان لە نێوان دوو وشەدا هەڵوێستە دەکەیت، با وشەکان لەسەر زمانت پاڵپاڵێن نەکەن هەریەکەیان بیەوێت پێش ئەوی تر بێتە دەرەوە چێژ لە وشەکان وەربگرە و ئەمدیواودیویان بکە وەك چۆن هەریەکەمان هەنگوین لە ناو دەمیدا ئەمدیواودیو دەکات بەچێژەوە تاقیدەکاتەوە بزانێت هەنگوینی دروست و بێ فێڵە، یان بەپێچەوانەوە، بۆیە مافی هەر رستەیەك یان دەربڕینێك بەڵکو هەر وشەیەك بدە بەوەی کەمێك لە نێوانیاندا بێدەنگ ببە، بەشێوەیەك دیواودیوی بکە لە عەقڵتدا ماناکەی بەرجەستە بکە و چێژ وەربگرە بە تامکردنیان، دڵنیابە لەوەی کە لێیان دانەبڕاویت و ماناکانیان حاڵی بوویت و گرنگیت بە ناوەڕۆکەکەی داوە، وا بکە کە نیوەی نوێژەکەت بێدەنگی بێت نیوەکەی تری موناجاتێکی لەسەرخۆ و راستگۆیانە بێت و لە یەك سەرچاوەوە وشەکانی دەربچن ئەویش دڵ و دەروونتە، بۆ یەك ڕوگە بێت، ئەویش بۆ لای خودای بەرز و بڵند.

٢ـ **هێڵی زمان:** بەهۆیەوە چەند بتوانین ئەو شتانە بخوێنینەوە کە پێغەمبەری خودا بۆی دیاری کردوین و مافی هەر وشەیەك بدەین لەدەربڕیندا، لە بەرزی و نزمی و نەبرە و ئاوازدا بەشێوەیەك کە لە نێوان وتن و جموجوڵەکانی ناو نوێژدا هاوسەنگی دروست بکەین، هاوسەنگییەك کە خشوع و ملکەچی بەبێ ئەو تەواو نابێت، ئاگابوونی ناو نوێژ بەبێ ئەو نایەتە دی، بەهۆیەوە لەنێوان ئەندامەکانی لەش گونجان و ڕێکوپێکی جوڵانیان بەتەواوی دروست دەبێت.

٣ـ **هێڵی جەستە:** پێویستە جەستەمان بەشێوەیەك بێت کە شێواز وێنا و

ئاماژەکانی دەموچاومان تەعبیر و وەرگێڕاوی راستگۆیانەی ئەو مانایانە بێت کە بەزمانماندا دێت بەشێوەیەک لاشە و دەموچاوەکانمان تەعبیر بدەن لەو مانایانەی کە لەسەر زمانمانە تەنانەت ئەگەر ئەو زمانەش نەجوڵێت وشەکانی دەرنەبڕێت، نابینیت ئەو کەسانەی کە لاڵن و توانای قسەکردنیان لەدەستداوە هەموو توانای دەربڕینیان دەخەنە دەموچاو و لاشەیانەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زمانیان، هەر لە لاڵەکانەوە نوێژەکەت فێر ببە، با لە سەرەتاوە نوێژەکەت نوێژی ئەو کەسانە بێت کە کە ناتوانن قسە بکەن، پاشان یارمەتی بدە بەوەی کە خودای گەورە پێی بەخشیوی لە توانای قسەکردن و دەربڕین.

٤- **هێڵی دڵ:** دڵەکانمان لێدەدات بەو شتانەی کە زمانمان قسەی پێدەکات بەشێوەیەک یەکتر پشتڕاست دەکەنەوە، بۆیە نابێت دەروون و ئەو شتانەی بە دڵماندا دێن لە شیوێك بن و زمانیشمان لە شیوێکی تر، چەند خۆشە ئەم دوو هێڵە – زمان و دڵ– یەکبگرن و کارێك بکەن ببنە هۆی موو گرژ بوون و موچرکە هاتن بە لەشدا و گۆڕانی رەنگی دەموچاو و دەنگ پچڕ پچڕە پێکردن و کۆبوونەوەی فرمێسک لە قونچکە چاوەکاندا.

٥- **هێڵی کردار:** پاشان نیەت و عەزیمەت یەکدەگرن لامان لەکاتێکدا کە نوێژ دەکەین، لەسەر ئەوەی ژیانی رۆژانەمان ببێتە پراکتیزەکردنێکی کرداری بۆ هەردوو هێڵەکانی دڵ و زمان –کە باسمانکردن– لە نوێژدا، بەشێوەیەک کردارەکانمان قسەکانمان پشتڕاست بکەنەوە، ژیانی رۆژانەمان وێنەی رووبەڕووبونەوەی فرمێسک لە قونچکە چاوەکاندا.

٥- **هێڵی کردار:** پاشان نیەت و عەزیمەت یەکدەگرن لامان لەکاتێکدا کە نوێژ دەکەین، لەسەر ئەوەی ژیانی رۆژانەمان ببێتە پراکتیزەکردنێکی کرداری بۆ هەردوو هێڵەکانی دڵ و زمان –کە باسمانکردن– لە نوێژدا، بەشێوەیەک کردارەکانمان قسەکانمان پشتڕاست بکەنەوە، ژیانی رۆژانەمان وێنەی رووبەڕووبونەوەی فرمێسک لە قونچکە چاوەکاندا. (الرسم البیانی) بێت بۆ ئەو کردار و گوفتارانەی کە لە نوێژەکانماندا ئەنجاممان داون و وتوومانن، نابێت نوێژەکانمان تەنها چەند کردار و رێسایەکی پەرستشی رووکەش بێت و پەیوەست نەبێت بە هەڵسوکەوتی رۆژانەمانەوە، بەڵکو دەبێت جیا نەبێت لە هەڵسوکەوتی رۆژانەمان و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵکدا و لەگەڵ زاتی پەروەردگاردا، چۆن دەستنوێژمان کرد بە دوو جۆرەوە با نوێژەکانیشمان بکەین بە

دوو جۆرەوە: نوێژی دەرەکی و نوێژی ناوەکی، دەبێت لە یادمان نەچێت کە نوێژ لە قورئان و فەرموودەکاندا هەمیشە پەیوەستە بە لایەنی کرداریی و جێبەجێکردن و فەرمان بە چاکە و بەرگریکردن لە خراپە:

- ﴿يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ {لقمان: ١٧}. واتە: (ئەی کوڕەکەم نوێژەکانت بەچاکی ئەنجام بدە و فەرمان بکە بە چاکە و قەدەغە بکە لە خراپە و گوناە بەئارامبە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشیانەی تووشت دەبن، بەراستی ئەوانەی کە باسکران لەو شتانەن کە دەبێت بکرێن و لەکارە گرنگەکانن).

- ﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا﴾ {مريم: ٥٩}. واتە: (لەدوای ئەوان کەسانێك لە نەوەکانیان بوونە جێنشین کە نوێژەکانیان بەزایە دا و شوێنی ئارەزووەکانی نەفسیان کەوتن، ئەوانە توشی گومڕایی و سەرگەردانی و سزا دەبن).

- ((مَنْ لمْ تَنهُ صلاتُهُ عَن الفَحشاءِ والمُنكَر لَم يَزدْ بِها مِنَ اللهِ إلا بُعدًا)) {رواه السفاريني الحنبلي في شرح كتاب الشهاب، عن عبد الله بن عباس}.

واتە: (ئەگەر کەسێك نوێژەکەی نەیگێڕێتەوە لە گوفتار و کرداری ناشرین و ئەو شتانەی کە شەریعەت بە خراپی داناون ئەوە ئەو نوێژەی تەنها دەبێتە زیادبوونی دوورکەوتنەوەی لە خودای گەورە).

هەر بۆیە:

- نوێژ بکە بەلاشەت وەك ئەوەی دەموچاوت پێوە نەبێت.
- نوێژ بکە بە ئاکارەکانی دەموچاوت وەك ئەوەی زمانت نەبێت.
- نوێژ بکە بە نەبرەی زمان و گوفتارت وەك ئەوەی لاشەت نەبێت.
- نوێژ بکە بە ترپەی دڵت وەك ئەوەی لە کۆتایی دڵ لێدانتدا بێت.
- نوێژەکەت درێژ بکەرەوە وەك ئەوەی ئەمە کۆتا نوێژت بێ.

هیچتان بیستووه سەبارەت بە مرۆڤێك كە بانگهێشتنامەیەكی پێگەیشتووه سەبارەت بە ئامادەبوونی بۆ ئاهەنگێكی گەورە لە وڵاتێكی دوور، ئەویش جوانترین جلی لەبەر بكات و ئەرك و ماندووبونی ئەو سەفەرە دووره هەڵبگرێت و پارە و كاتی خۆی سەرف بكات بۆ رۆیشتن بۆ شوێنی دیاریكراو، چەندین فرسەت و كاری تر لە قیس خۆی بدات، كاتێك كە دەگاتە ئاهەنگەكە بانگهێشتنامەكە نیشان دەدات و دەیكەنە ژوورەوە و لە جێگایەكی دەستنیشانكراودا دایدەنیشێنن و لە ئاپۆڕای ئامادەبواندا چاوەڕێی دەستپێكردنی ئاهەنگەكە دەكات.

بەڵام پاش چەند خولەكێك بێئاگا بوون چاو هەڵدێنێت سەیر دەكات پەردەكان جارێ لانەدراون.. كاتەكەش لایداوە.. لەپڕ خەبەری دەبێتەوە لە دەنگی پاككەرەوەی هۆڵەكە بەوەی داوای لێدەكەن ئەم شوێنە بەجێبهێڵێت بۆ ئەوەی بتوانن پاكی بكەنەوە، بە مەزندە ئاهەنگەكە دەستی پێكردووە و تەواویش بووە خەڵكیش چوونەتەوە ماڵەوە و كەس لە هۆڵەكەدا نەماوە تەنها ئەم هاوڕێیە خەوتووەمان نەبێت؟!

ئەمە حاڵی ئەو كەسەیە كە پلان بۆ نوێژەكەی دادەنێت بە بانگهێشتنامەی خودایی، كاتێك كە دەستنوێژی بۆ دەگرێت و دەچێت بۆ مزگەوت و كاتی بۆ سەرف دەكات، رەنگە پارەشی بۆ سەرف بكات بۆ گەیشتنی بە شوێنی ئەنجامدانی نوێژەكەی، ماوەیەك لە مزگەوتدا دەمێنێتەوە، ماوەیەكی كورت یان درێژ، كەچی لە نوێژ تەواو دەبێت بەبێ ئەوەی هیچ تام و چێژێكی لە دیمەنە روحییەكانی وەرگرتبێت یان كاریگەر بووبێت بە هەڵوێست و مانا بەرزەكانی، یان وا هەست بكات كە پەیوەندی بەستووە لەگەڵ خوڵقێنەرەكەی، یان توانیویەتی ئەو پاداشتە چاوەڕوانكراوە بەدەستبهێنێت كە چاوەڕوان دەكرێت دەستی بكەوێت!!

كاتێك كە پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) برایەتی خستە نێوان موسوڵمانانەوە، یەكێك لەو دوو هاوەڵانەی برایەتیان هەبوو لەگەڵ یەكتردا، لە

شەڕێکدا شەهید بوو، پاش هەفتەیەک ئەویتریشیان شەهید بوو، موسوڵمانان بۆ دووەمیان وتیان خودایە لێی خۆش ببە و بیگەیەنە بە براکەی، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: ((فَأينَ صلاتُهُ بعْدَ صلاتِهِ.. وعَمَلُهُ بعْدَ عمَلِهِ إنَّ بَينَهُما كما بَينَ السَّماءِ والأرْض)) {رواه أبو داود وصححه الألباني عن عبيد بن خالد السلمي}. واتە: (نوێژەکانی ئەم کە لەدوای مردنی ئەودا لەکوێیە.. کردەوەکانی ئەم لە دوای کردەوەکانی ئەو لەکوێیە) واتە: جیاوازییان زۆرە، ئەم نوێژ و کردەوەی چاکی زیاتری کردووە و پلەی بەرزترە.

اللە.. ئەگەر نوێژی یەک هەفتە پلەی نوێژخوێنی بەکردەوە بەقەدەر نێوان ئەرز و ئاسمان پلەکانمان بەرز بکاتەوە، باشە بەشی نوێژێک لەو رێژەیە دەبێ چەند بێت؟! جارێکی تر لە فەرموودەکە وردبەرەوە ((فأين صلاته بعد صلاته؟)) سەیرکە راستەوخۆ پرسیارێکی تری فەرموو کە پەیوەستی یەکترن و نابێ لە یەکتر جیا ببنەوە ((وعملە بعد عملە؟))، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بیرمان بخاتەوە کە لەنێوان نوێژ و کردەوەدا وابەستەبوونێکی یەک جەستەیی هەیە ناکرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

لەدوای هەر نوێژێک پرسیار لە خۆت بکە: هەتا چەند نوێژەکەم بەرزی کردوومەتەوە؟ تا سەروو ئاسمانەکان؟ سەر مانگ؟ سەروو هەورەکان؟ سەروو بنمیچی خانووەکەم؟ بستێک سەروو خۆمەوە؟ پەنجەیەک؟ هیچ؟ مەڕۆ دەرەوە لە مزگەوت هەتا دڵنیا نەبیت کە ئێستا ئەو کەسە نەماویت کە پێش چەند خولەکێک هاتیتە ناوی.

کـلیـلی سـووری ژمـــاره (١): الله أکـــبر

جگه لەوەی کە لە دەربڕینی (الله أکبر)دا بناغەیەك لە تایبەتمەندیی ناوازەیی و هێزێکی سەرسوڕهێنەری پەها هەیە کە دەمانبات بۆ شوێنێکی دوورتر لە زەوی – وەك دەیبینین لەمەودوا – جگە لەوە ئەم خودا بەگەورەگرتنەی سەرەتای نوێژ تایبەتمەندییەکی تری هەیە لەسەرووی ئەو تایبەتمەندیەوەیە، ئەویش (الله أکبر)ە بۆ چوونە ناو حەرەمی نوێژەوە (احرام)، ئەمە مانای ئەوەیە دەچینە شوێنێکی زەمەنی حەرام کراوەوە، ڕێك وەك چوونە ئیحرامی حاجییەکان لە سەرەتای حەجدا.

ئەگەر یەکێك پێت بڵێت: (دوژمن لاوازترە) پاشان بێدەنگ بێت ئەو کات پێشبینیت چی دەبێت؟ لە دڵی خۆتدا دەڵێیت: ئێ دوای ئەوە چی؟! بۆچی ڕستەکەی تەواو نەکرد؟! یان لە دڵی خۆتدا دەڵێی رەنگە بێدەنگبوونەکەی لەبەر ئەوە بووبێت، چونکە شتێکی بیر کەوتۆتەوە، یان دەڵێی رەنگە ئەمەی بۆیە وتبێ لەبەر هۆکارێك ویستبێتی ڕستەکە بگۆڕێ، یان رەنگە شتێکی بەسەرهاتبێ لە ڕووی تەندروستییەوە نەیتوانیبێت ڕستەکە بەتەواوی و بێ کەم و کوڕی تەواو بکا... ئەم ڕافەکردنانە دێن بە دڵتدا، چونکە تۆ وا چاوەڕوانبویت کە رستە و گوفتارەکەی وەك هەموو ڕستە و گوفتارێکی تر بەشێوەیەکی تەواو و داخراو و پڕ مانا دەربڕیبا کە لە یەکێك لەم دەستەواژانە چوبا: دوژمن زۆر لاوازترە لەوەی کە زاڵ بێت بەسەرماندا وەك ئەوەی پێشبینیمان دەکرد، دوژمن لاوازترە لەوەی کە گومانمان دەبرد، یاخود: ئەم دوژمنە لاوازترین دوژمنە کە ڕووبەڕوومان بۆتەوە...

ئەم دەستەواژانە (العدو أضعف من أن یواجهنا)، یان (العدو أضعف من..) هاوشێوەکانی لە زمانی عەرەبیدا، وشەی (أضعف) یەکێکە لە پلەی بەراورد، پێویستە (مِن) لە دوایەوە هەبێت، یان بدرێتە پاڵ وشەیەکی تر، بەڵام دەربڕینە

سەرسوڕهێنەرەکەی (الله أکبر) هیچ کام لە (من)، یان دانەپاڵێك (مضاف الیه)ی بەدوادا نەهاتووە، ئەمە جێگەی هەڵوێستەیە.

ئەم گوزارشتە (الله أکبر) خودای گەورە بەکراوەیی هێشتوویەتیەوە ئەگەر ئەو (من) یان دانەپاڵی لەگەڵ بوایە، واتە درابایەتە پاڵ شتێك و وتبامان خودا گەورەترە لە... فلانە شت، ئەوە ئەو کات لایەنە درێژپێدەرە خەیاڵییەکەی لەدەست دەدا، دەبوو بە دەربڕینێکی داخراو و شایستەی هیچ کۆششێکی وردبوونەوە نەدەبوو کە دەکرێ بە هەست و ناخماندا بێت: گەورەترە لە چی؟

بەڕاستی ئەم گوزارشتە خودای گەورە ئاوا بەکراوەیی بۆی بەجێهێشتوین کە چەندین مەزەندە لەخۆ دەگرێت لەدوای خۆی، هەموو ئەم مەزەندانەش فراوانن و ڕێگە دەخەنە سەرپشت بۆ ئەو کەسانەی کە گوزارشتی پێدەدەن لە زهنیاندا – نەك بە زمان – کە دەکرێ دەیان بەڵکو سەدان گریمانەمان مەبەست بێت، بۆ نموونە: خودا گەورەترە لە تۆ ئەی شەیتان، گەورەترە لە تۆ ئەی ستەمکار.. گەورەترە لە تۆ ئەی مالّ و سامان.. گەورەترە لە تۆ ئەی خەم و پەژارە.. گەورەترە لە تۆ ئەی دڵخۆشی.. گەورەترە لە تۆ ئەی هەرشتێك کە ڕێگریم لێ دەکەیت کە لەگەڵ خوادا گفتوگۆ بکەم.

بەڕاستی ئەم گوزارشتە مانای (گەورە) نییە، بەڵکو ماناکەی (گەورەترە) بە پلەی بەراورد، کاتێك لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر ئینگلیزی، یان هەر زمانێکیتر، هەندێك لێیان تێکدەچێت وا مانای دەکەن کە مەبەست پێی (گەورە– great)یە، بەڕاستی وا وەرناگێڕدرێت و ڕاستەکەی ئەوەیە بڵێین (گەورەتر– the greatest) ئاوا بەم جۆرە وەرگێڕانە ئەم جۆرە گوزارشتانە بەشێك لە مانا و مەبەستە ئامانجدارەکەیان لەدەست دەدەن کە لێرە ئامانج لێی دەستپێکردنی نوێژە، بەهۆیەوە دەبنە گوزارشتێکی ئاسایی داخراو.

گوێ له زۆرێك له بانگبێژان بگره دەبینیت (الله أكبر)ەكانی بانگ تێكەڵ دەكەن و دەڵێن (الله أكبر ول الله أكبر) بەم كارەیان كەسایەتی گەورەی (الله اكبر)ی یەكەم بەفیڕۆ دەدەن و بەپووچی دەرناكەوێت بۆ ئەوانەی گوێی لێدەگرن و وێنا پووچەكەی لە دەست دەدەن، بۆیە ئەمە گوزارشتێكی كراوەیە لە پشتییەوە بۆشایی خاڵ ئامێز هەیە دەبێ پڕی بكەینەوە بە هەست و ئەندێشەمان (الله اكبر...) ئاوا بە سێ خاڵ دوای خۆی.

ئەو (الله أكبر)ەی كە نوێژەكەتت پێ دەست پێكرد بریتیە لە دوگمە سوورەكەی یەكەم لەنێوان چەندین دوگمەی سووری تر و ڕەنگی تر، ئەوانەی خەریكە هەڵیان بكەیت لەكاتێكدا كە سواری كەشتییەكە دەبیت بۆ ئەوەی بەرزت بكاتەوە بەرەو ئاسمان.

لە نێوان خوێندنەوە و بەدوادا خوێندنەوەدا
بين القراءة والتلاوة

یەكێك لە برایان لێی پرسیم: بۆچی بە بەرنامە قورئان ناخوێنین لە نوێژەكاندا و پلان دانانێین بۆ هەڵبژاردنی ئایەتەكانی ناو نوێژ؟ دەبێ چ هەست و خشوعێكمان پێ ببەخشێت خوێندنەوەی هەندێك ئایەت كە دەیخوێنینەوە لە نوێژدا، بۆ نموونە ئایەتی: ﴿والمطلقات يتربصن بأنفسهن ثلاثة قروء﴾ {البقرة: ٢٢٨}. واتە: (ژنانی تەڵاقدراو دەبێت تا سێ سووڕی مانگانە چاوەڕێ بكەن و (شوو نەكەنەوە)). ئەم ئایەتە و هاوشێوەكانی چۆن یارمەتیمان دەدات بۆ پەیوەستبوونمان بە خواوە و ملكەچبوون لە خزمەتیدا؟ چونكە بەڕاستی كاتێك دەست دەكەیت بە خوێندنەوەی قورئان دەبێت لەبەرچاوت بێت كە تۆ قسە و گوفتاری مرۆڤێكی ئاسایی ناخوێنیتەوە بەڵكو تۆ دەقی خودایی، تۆ قورئان ناخوێنیتەوە، بەڵكو تۆ (التلاوة) بۆ قورئان دەكەیت، كە ئەم دوو دەستەواژەیە

جیاوازییان هەیە وەک باسی دەکەین. لە پێش هاتنی قورئان عەرەب وشەی (تلا)ی تەنها بۆ (بەدواداهات ـ تبع) بەکاردەهێنا، بۆ نموونە: لە ڕستەدا دەیانوت (دخل علینا رجل وتلاه آخر – پیاوێك هاتە ژوورەوە بۆ لامان بە دوایدا پیاوێکیتر)، بەڵام قورئانی پیرۆز ئەم مانا کۆنەی هێنا بەکاریهێنا بۆ بەدوایەکدا هاتن لە خوێندنەوەدا. بەو پێیەی کە وشەکانی قورئان لەسەرەتادا لەلایەن خودای گەورەوە دەرچوون پاشان بەدوایدا جبرائیل گوتویەتیەوە و دووبارەی کردۆتەوە، پاشان پێغەمبەری خودا بەدوایدا وتیەوە و شوێن خوێندنەوەکەی ئەو کەوت، بۆیە کاتێك ئەمڕۆ ئێمە هەریەکەمان ئایەتەکانی خودا دەخوێنینەوە، ئەوە ئێمەش شوێن پێغەمبەری خودا دەکەوین لە خوێندنەوەیدا وەک ئەوەی بەدوای ئەودا بیڵێینەوە، بەشێوەی ئەو وتنەوەیەی کە پێغەمبەری خودا بەدوای جبرائیلدا وتیەوە و ئەویش بەدوای خودای گەورەدا وتیەوە.

کەواتە ئێمە قورئان دەڵێینەوە بەو زنجیرەیەی کە باسمانکرد. دەزانی گرنگی ئەم خاڵە لە چیدایە؟ ئەمە کردەوەیەکی وتنەوەی زنجیرەیی بەردەوامە لەنێوان ئێمە و لەنێوان خودای گەورە وامان لێدەکات لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا کە هەست بکەین بە پەیوەستبوونی ڕاستەوخۆ و گەرموگوڕ و نەرم لەنێوان ئێمە و خودای گەورەدا، لەڕێی ئەم زنجیرە ئەڵقە پیرۆزە بەیەکتر گرێدراوانەوە کە خوێنەریش دەبێتە یەکێك لە ئەڵقەکانی، بیهێنە پێش چاوت کە قورئان دەخوێنێتەوە خۆت لە چ ئاستێکدا دادەنێیت لەم زنجیرە پیرۆزەدا؟

ڕەچاوکردنی یاساکانی تەجویدیش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پارێزگاریکردن لە گواستنەوەی ئەو ڕاسپاردە نەقڵییە و ئەوپەڕی وردەکاری تیایدا، بە ڕەچاوکردنی یاساکانی ئیدغام و (مدّ – درێژکردنەوە، فصل – جیاکردنەوە، وصل – لکاندن، وقف – وەستان..) جۆرێك لە ڕاهێنانمان فێر دەکات لەسەر پاراستنی ئەمانەتی ڕەها لە وتنەوەی قورئان بەشێوەیەك کە ڕامانده‌هێنێت کە خوێندنەوەکەمان

نوسخەیەکی ڕەسەن بێت بۆ ئەو خوێندنەوەیەی کە پێغەمبەری خودا گوێبیستی بووە لە جوبرائیل و ئەویش لە خودای گەورە.

تەنانەت یاساکانی تەجوید کاتێکی زیاترمان پێدەبەخشێت بۆ زیاتر ڕامان لە ماناکانی قورئان و وامان لێدەکات خێرا تێنەپەڕین بەسەر وشە و ماناکاندا بەبێ بەراوردکردن و تێپەڕاندن لەنێوان جوولّەی زمان و لێوەکان و جوڵەی ئەندێشە و خەیاڵ و بیرکردنەوەمان، تاقی بکەرەوە، جارێك سورەتی (الناس) بەبێ تەجوید بخوێنەوە، پاشان جارێکیتر بە تەجویدەوە دوبارەی بکەرەوە، بە تەجویدەوە تاموچێژی دوبارەکردنەوەکە دەبینی و بۆت دەردەکەوێت کە چۆن دوبارەکردنەوە کاتێکی زیاتر دەخایەنێت لە خوێندنەوە.

هەوڵبدە لە نوێژەکانتدا قورئان بەو شێوەیە بخوێنیتەوە کە باسمانکرد، چونکە بەم شێوەیە وات لێدەکات هەست بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی بکەیت بەرامبەری، بەرپرسیارێتیەك کە لە بەرامبەریدا بە خشوع و ترس و ڕێزی زیاتر تەعبیری لێبدەیتەوە، لەگەڵ زیاتر سووربوون لەسەر ئەمانەتی ڕەها لە کۆپیکردن و دوبارەکردنەوە و لەبەرکردنی ڕێکوپێکی وشەکانی خودای گەورە، وەك چۆن جوبرائیل– سەلامی خودای لەسەر بێت– گواستویەتەوە لە خودای گەورەوە.

زمانە نوێیەکەی قورئان

ئەوەی کە هاوکارت دەبێت کە بەهۆیەوە پلەی خوێندنەوە بۆ قورئان خوێندن بەرز بکەیتەوە بۆ پلەی باڵای خوێندنەوە (التلاوة) ئەوەیە کە ڕاستییەکی گرنگ بەتەواوی تێبگەیت ئەویش ئەوەیە کە تۆ زمانێکی عەرەبی ئاسایی تەقلیدی ناخوێنیتەوە کە لە زمانی ئاسایی مرۆڤ بچێت، لە هەموو شتێك زیاتر کە موسوڵمانان و مرۆڤایەتی هەژاند یەکەمجار کە گوێبیستی قورئانی پیرۆز بوون جوانی زمانەکەی نەبوو، ڕەوانبێژییەکەی نەبوو، مانا وردەکارییەکەی و مۆسیقا و

ئیقاعەکەی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کە کۆبوونەتەوە تیایدا بەیەکەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرتر، گەورەتر، بابەتێك کە لە زمانەکەیاندا نەیانبینیبوو لەگەڵ ئەو هەموو توانای باوەڕبەخۆبوون و لەخۆڕازیبوونەیان لە ئەدەب و شیعردا، ئەویش نوێـیی ئەم زمانە و تاقانەیی و جیاوازیی لە هەر عەرەبییەك کە پێی ئاشنا بوون، تەنانەت پێغەمبەری خواشی سەرسام کردبوو.

خۆیان پێشتر بە زمانی ئەم کەسە ئاشنا بوون کە لە دواییدا ئەم کتێبەی بۆ هێنابوون کەم تا زۆر زمانی ئەو جیاواز نەبوو لە زمانی خۆیان، بۆیە بابەتێکی چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ و سەرسوڕهێنەر بوو لەرووی زمانەوانییەوە کە بەیانییەك بەخەبەرهاتن بینییان ئەم پیاوە بە زمانێکی تەواو جیاواز لە زمانی جارانی خۆی و ئەوان قسە دەکات، ئەو زمانە لە هەموو رووپەکەوە جیاوازە، لە رووی وشە و گوزارشت و لکێنەر و پەیوەستبەندەکان و پەیوەندییە زمانەوانییەکەی و وێنا و تایبەتمەندیە رەوانبێژییەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمە لایەنە ئیعجازییەکە و سەیر و سەرسوڕهێنەرەکەیەتی: پێکهاتووە لە زمانێکی عەرەبی پوخت و دامەزراو لەسەر یاساکانی زمانی عەرەبی، هەروەها پشت دەبەستێت بە بنەما سەرەکییە نەگۆڕەکانی، لەگەڵ هەموو ئەو سوود زیادکردن و دەوڵەمەندکردنەی کە خستویەتیە ناوی، لەگەڵ ئەو هەموو دەلاقە بێ سنوورەی کە کردویەتیەوە بەڕوویدا لە نوێگەریی و گەشەسەندن.

لەم کۆکراوە سەرسوڕهێنەرە لە یاسا سەرەکییەکانی زمان و پشتبەستن پێیان و پارێزگاریکردن لێیان بەسەلامەتی لەگەڵ گەشەسەندنیان لە رووپەکەوە، دەرچوون لە عورفە زمانەوانییە نەحویەکان لە رووپەکی تردوە بەسە لە ئیعجاز کە بەهۆیەوە موچورکەمان پێدا بێت و ببزوێین و بلەرزین و ملکەچ بین لەکاتێکدا کە وتەکانی دوبارە دەکەینەوە لە نوێژدا، هەروەها ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی کە هەر بەشێك لە کتێبی خودا کە شایستە بێت بە وەرگرتنی ئەم ناوە تازە تایبەتە

وەربگرێت کە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پارێزبەندکراوە و موستەحیلە سنوورەکەی بشکێنرێت بکرێت بەهۆی ئەوەی کە خودای گەورە پەرژینێکی وای بۆ کردووە تەقلید و ساختەکاری ناتوانن بیبەزێنن، وا هاتووە وەک قەڵایەک وایە (سورة – پەرژین)، هەر بۆیەش هەموو دێڕێك یان پەرەگرافێکی قورئانی کە ئەم قەڵایە دەیگرێتە خۆی شایستەیە کە ناوێکی نوێی بۆ دابنرێت کە عەرەب بەکاری نەهێناوە ئەویش وشەی (آیە)یە، بەڕاستی ئەم ناوە بۆی ناوێکی تایبەتی جیاوازە جەخت دەکاتەوە سەر لایەنی ئیعجازی قورئان و ڕێگری کردن لە تەقلید و هەڵخەڵەتاندن و سنووربەزاندن هەتا ڕۆژی دوایی.

{بۆ درێژەی ئەم بابەتە بگەڕێوە سەر پێشەکی بەرگی یەکەم لە کتێبی ((المعجزة))، واشنطن، پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی، ٢٠١٢}.

زمانە کراوەکە و پانتاییە سەوزەکە

زۆرجار هەندێ وشە یان دەربڕینمان بەرگوێ دەکەوێت، یان دێتە ڕێمان لە ژیاندا، ڕاهاتووین لەسەر گوێبیستبوونیان و وتنەوەیان و تێپەڕبوونێکی ئاسایی بەسەریاندا، وەک هەر وشە و دەربڕینێکی ئاسایی، بەڵام لەڕاستیدا زۆرێك لەم وشە و دەربڕینانە هەروا سادەنین ئەگەر تۆزێك لێیان ورد ببینەوە و مێشکمان کەمێك دابماڵین لە ڕاهاتن و عادەتیبوون، با بەیەکەوە هەڵوێستەیەک بکەین لەسەر ئەم فەرموودە پیرۆزە:– پێغەمبەری خودا لە ڕکوع و سوژدەدا دەیفەرموو: ((سُبّوحٌ قُدّوس رَب المَلائِکَةِ والرُّوح)) *{رواه مسلم عن عائشة}*. وشەی (سبوح) وەک وشەی (سبحان) وایە ئەویش وشەیەکی ئیسلامی تازەیە کە عەرەب پێش ئیسلام گوێبیستی نەبوون، هەروەها هەردوکیان دوو وشەی کراوەن واتە دەتوانرێت ئەو وشە و مانایانەی بەدوادا بێن کە دەکرێ ناوی بنێین (ناوچەی سەوز – المسافة الخضراء) چونکە ئەم وشانە دەرگا بەڕووی بۆچوونماندا دەکاتەوە بۆئەوەی

بۆشایی دوای خۆی پڕبکەینەوە بە هەر یەك لەو مانا جوانانەی کە بێگەردیی خودای گەورە پیشان دەدات وەك وشەی (الله أكبر) کە باسمان کرد.

وشەی (سبحان) لە زمانی عەرەبیدا چاوگێکی نائاساییە کە لەسەر وەزنی (فُعلان)ە، هەروەك وشەی (سُـبُّوح) وایە، واتە: بەرزڕاگرتنی ئەو کەسەی باسی دەکەین و بێگەرد ڕاگرتنی لە هەموو سیفەتێك، بۆیە کاتێك دەڵێین (سبحان ربي) واتە: خودای من بێگەردە، بەڵام بێگەردە لەهەر شتێك لەهەر سیفەتێك؟ ئەمە ئەگەر هیچ پاشگرێکی تری بۆ زیادنەکەین لە ڕکوع و سوژدەدا، بەکراوەیی بەجێی بهێڵین، ئەم دوو دەربڕینە لەڕاستیدا بەم شێوەیە تەواو نین لەپێشیانەوە بۆشاییەکی کراوە هەیە دەتوانین پڕی بکەینەوە بە زیاتر لە بژاردەیەك، وەك دەربڕینی (الله أكبر) کە باسمان کرد، ئەگەرنا ئەوە دەبوو پاشگرێکی لەگەڵدا بوایە، بۆ نموونە دەبوو وتبامان: سبحان ربی الاعلی/ العظیم ... عن النقص: لە نوقسانی، سبحان ربی الاعلی/ العظیم ... عن العیب: لە عەیب، عن التعب: لە ماندووبوون، عن الظلم: لە ستەم، لە هەڵە، لە لاوازی، لە خەوتن، لە نەخۆشی.

لە نوێژدا زۆر لەم دەربڕینە ڕەهاکراو و تەواونەکراوانە بەدیدەکرێن، واتا بەجێهێڵراو بۆ بۆشایی زمانەوانی سەوز و هەڵگری چەندین ئەگەری سەیرتر لەوە، هاتنی ئەم جۆرە دەربڕینانە لەگەڵ چەندین دەربڕینی تەواوکراو لەڕووی زمانەوە کە لە هەمانکاتدا هەڵگری چەندین مانا و دەربڕینی کراوەن لەگەڵ ئەواندا لەبەر چەندین هۆکاری زمانەوانی جیاجیا، ئەم جۆرە دەربڕینانەی دوایی لە وشە و دەربڕینەکانی سورەتی (الفاتحة) و زۆرێك لە سورەتەکانی تردا زۆرن، هەروەها لە تەحیات و صەلاواتی ئیبراهیمیدا هاتوون.

لەڕاستیدا ئێمە لە هەردوو ڕکاتێکدا کە دەیکەین بەشێوەیەکی جێگیر پتر لە (٣٣) دەربڕینی تەواونەکراو لەڕووی زمانەوانییەوە بەکاردێنین، ئەمەش واتا (٣٣) بۆشایی سەوز کە بۆمان دەستەبەر کراوە بۆ ئەوەی خەیاڵدانمان پڕی بکاتەوە بە

(ئەگەر–افتراضات)ەکانی، بۆ ئەوەی کاتی تەواومان پێ ببەخشێت بۆ تێگەشتنی ماناکانی و هێنانە یادیان و ئامادەکردنیان لە دەروونماندا لەکاتی نوێژدا. ئەم ژمارەیە سورەتی (الفاتحة) و تەحیات و صەڵاواتی ئیبراهیمی ناگرێتەوە، هەروەها ئەو ئایەت و دوعا و زیکرانەی تر ناگرێتەوە کە لە نوێژەکانماندا دەیخوێنین، ئەمەی خوارەوەش ئەو دەربڕینە جێگیرانەن لە دوو ڕکاتدا:

(١١) جار (الله أكبر – واتە خودا گەورەترە لە فلآن شت دیاری نەکراوە) + (٢) جار (سمع الله لمن حمده – خودا گوێبیستی ئەو کەسانەیە سوپاسی دەکات (سوپاس لەسەر فلآن شتە– دیاری نەکراوە) + (٢)جار (ربنا ولك الحمد – سوپاس لەسەر فلآن شت– دیاری نەکراوە) + سبحان ربی العظیم – لە فلآن شت و یان لە فلآن شتە – دیاری نەکراوە + (١٢) سبحان ربی الاعلی (لە ٤ سوجدەدا) – (لە فلآن شت و یان لە فلآن شتە– دیاری نەکراوە).

ئەم چڕیی و زۆریی دەربڕینەکراوە و تەواونەکراوانە لەڕووی زمانەوە لە نوێژدا ئاماژەن بۆ گرنگیی لایەنی ئامادەگی یان خەیاڵی لە نوێژدا، بۆ دەوڵەمەندکردنی کرداری جۆراوجۆری و پاشان پارێزگاری لە زۆرترین ڕێژەی خشوع و ملکەچی و تێگەشتنی تەواو لەوەی کە دەیڵێین و هێنانەدی پەیوەندییەکانمان بە ئاسمانەوە.

ڕۆڵی سورەتی (الفاتحه) و خوێندنەوەی قورئان

ئایا هیچ جار هەڵوێستەت کردووە لەسەر ئەو ڕاستیەی کە ئەم سورەتە تەنها دەستپێکی قورئان نیە بەڵکو دەستپێکی نوێژیشە؟ بەڵکو هەر بۆخۆی نوێژە وەك فەرمووده قودسییەکە ناوی براوە:

((قَسمْتُ الصَّلاةَ – أي الفاتِحَة، بَيْني وبَينَ عَبْدي نِصْفَين، فَنِصفُها لِي و نِصفُها لِعَبدِي، و لِعبدِي ما سَأل. إذا قالَ العَبدُ (الحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العالَمين) قالَ حَمَدَني رَبِّي وإذا قال (الرَّحمنِ الرَّحيم) قال أثنى عَلَيَّ عَبدِي، فإذا قال (مالِكِ يَومِ الدِّين) قالَ مَجَدَني

عَبدِي، فإذا قال (إيّاكَ نَعبُدُ وإيّاكَ نَستَعِين) قالَ هذا بَيني وبَينَ عَبدِي ولِعَبدِي ما سَأل، فَإذا قالَ (اهدنا الصِّراطَ المُستَقيم، صِراطَ الّذينَ أنعَمتَ عَلَيهِم غَيرِ المَغضُوبِ عَليهِم ولا الضّالّين) قالَ هذا لِعَبْدِي ولِعَبدِي ما سَأل)) {رواه مسلم عن ابي مريرة}.

واتە: (نوێژم لە نێوان خۆم و بەندەکەمدا دابەشکردوە، نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ بەندەکەم، بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێنم هەرچی داوا بکات، هەرکات بەندەکەم وتی: (الحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العالَمِين) دەڵێ: بەندەکەم حەمد و سوپاسی کردم، ئەگەر وتی (الرَّحمنِ الرَّحيم) دەڵێم: بەندەکەم پێیدا هەڵدام، سوپاسگوزار بوو لەسەر نیعمەتەکان، ئەگەر وتی (مالِكِ يَومِ الدِّين) دەڵێ بەندەکەم بەبەرز و گەورەی دانام، ئەگەر وتی (إيّاكَ نَعبُدُ وإيّاكَ نَستَعِين) دەڵێ: ئەمە لە نێوان من و بەندەکەمدایە، بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێت هەرچی داوا بکات، ئەگەر وتی (إهدنا الصِّراطَ المُستَقيم، صِراطَ الّذينَ أنعَمتَ عَلَيهِم غَيرِ المَغضُوبِ عَليهِم ولا الضّالّين) ئەمە بۆ بەندەکەمە، بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێت هەرچی داوا بکات).

ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: "نازناوی ئەم سورەتە بە (سبع المثاني) پشتڕاست بۆتەوە لە فەرمودە صحیحەکاندا و دەوترێ بۆیە (المثاني)یە چونکە دوبارە دەبێتەوە لە نوێژدا و لەهەموو کاتێکدا دەخوێنرێت".

ئایا هیچ جار بیرت لەوە کردۆتەوە کە ئەم سورەتە وەک گرێبەستێکی پیرۆز وایە لەنێوان دوو لایەندا پەرستەر و پەرستراو (العابد والمعبود) گوزارشت دەدات، کە لایەنی یەکەم (العابد) زامن بکات بۆ لایەنی دووەم (المعبود)، سوپاسگوزاری و شکورکردنی بەردەوام (الحمد لله) و دانان بە گەورایەتی و بنیاتنەریتی خودا (ربوبية رب العالمين)، هەروەها بە ڕەحمەت و میهرەبانی بەردەوام (الرحمن الرحيم)، بە خاوەندارێتی و گەورایەتی ڕەهای ڕۆژی دوایی (مالك يوم الدين)، بە بەندایەتی و تەسلیمبوون و یەکتاپەرستی (إياك نعبد). لایەنی دووەم (المعبود) لە بەرامبەردا زامن بکات بۆ لایەنی یەکەم (العابد) کە: یارمەتی بدات لە هەموو

کارەکانیدا (إیاك نستعین)، هەروەها ڕێنمایی بکات لە دنیادا بۆ (صراط المستقیم) کە ئەو کەسانە ڕێنمایی دەکات بۆ ئەو ڕێگەیە لە خۆشەویستانی خۆی کە بەهرەمەندی کردوون، هەروەها زامن دەکات بۆی کە بیپارێزێت لە ڕێگەی ئەوانەی کە لێیات تورەیە (المغضوب علیهم)، هەروەها بیپارێزێت لە ڕێگەی گومڕایان (الضالین)، کە لایانداوە لە پەرستن و یەکتاپەرستی ئەو.

ئایا هیچ کات بیرت لەوە کردۆتەوە لەکاتێکدا کە فاتیحە دەخوێنیت ئەم وتانە لە وتەی ئێمە ناچن؟ زمانێکی سادە نیە وەك زمانی سادەی عەرەبی کە عەرەب قسەی پێدەکەن، تەنانەت کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) قسەی پێدەکرد لە هەموو ئەو فەرموودانەیدا کە پێمان گەیشتووە؟

هەر بۆیە هەوڵ بدە هەموو ئەو شتانەی کە باسمانکرد بیهێنیتەوە یادی خۆت لەکاتی خوێندنی فاتیحەدا، بۆئەوەی زیاتر ئاگات لە ماناکەی بێت و ڕۆحی وشەکان بەرجەستە بکەیت، هەوڵ بدە وا لەخۆت بکە وەك ئەوەی کە تۆ ئەو وشانەت دارشتوە و لە ئەندێشە و عەقڵی تۆوە سەرچاوەیان گرتوە و بۆ خۆت داتناون بەبێ ئەوەی لە بیرت بچێ کە ئەمە وتەی خودای گەورەیە و معجزەیە و لە وتەی هیچ کەس ناچێت، کاتێك ئەوەت کرد، ئینجا ئەو هەستەت بۆ دروست دەبێت کە ئەم ئایەتانە لە ناختەوە هەڵدەقوڵێن و دڵت لێدەدات بۆیان و تۆ وشەگەلێك دەڵێی کە مەبەستتە، هەروەها چەند گوزارشتێك دەردەبڕی کە باوەڕت پێیەتی بەباوەڕبوونێکی ڕاست و دروست، تەنها چەند وشەگەلێك نین خەڵکانێك وتوویانە و زمانی تۆ دەیانڵێتەوە بەبێ ئەوەی هەستت ببزوێت و لە ماناکەی تێبگەیت.

ئەگەر لەم تاقیکردنەوەیە دەربچیت ئەوە کەوتویتە سەر سەرەتای ڕێگا دروستەکە و لەمەودوا دەتوانی نرخی هەموو یەکێك لە وشەکانی فاتیحە بزانیت و گەورەیی هەموو گوزارشتێکی تێبگەیت، هەوەها زۆر باشی و جوانی هەموو ئەو

مانایانه هەست پێبکەیت کە وشە و گوزارشتەکانی هەڵیانگرتووە و درک بکەیت بەو جیاکاریەی کە هەیەتی، لەڕووی کاریگەریی و تایبەتمەندی و ناوازەییەوە.

هەروەها هەمیشە لەبیرت بێت کە ئەم سورەتە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بە جیاواز لە سورەتەکانی تری قورئانی پیرۆز، تۆ دەتوانی چەندت بوێت لەرکاتەکانی نوێژدا بیخوێنیت، بەڵام دەبێت سورەتی (الفاتحة) هەر هەبێت و بخوێنرێت ئەگەر هەموو قورئان لە نوێژەکەتدا بخوێنیت، پاشان فاتیحە نەخوێنیت ئەوە تۆ حیساب بکە کە نوێژت نەکردووە، ڕەنگە خێری خوێندنی قورئانت بۆ بنووسرێت، بەڵام خێری نوێژت بۆ نانووسرێت.

– ((لا صَلاةَ لِمنْ لَم يَقرَأ بِفاتِحةِ الكِتابِ)) {رواه البخاری، عن عبادة بن الصامت} . واتە: (نوێژی بۆ نییە ئەوەی کە سورەتی فاتیحە نەخوێنێت).

ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم)

بەڕاستی ئەم ئایەتە لە جوانترین ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە ئەگەر بەرەهایی لە هەموویان جوانتر نەبێت، بەڵام دووبارەبوونەوە و ئولفەت پێگرتن و عادەتیبوون ئەم تایبەتمەندیەی تیایدایەتی لەبەر چاومان شاردۆتەوە، وامان لێهاتووە دەیڵێینەوە وەک ئەوەی وشە یان ڕستەی موجامەلەکردن وەک وشەکانی (سوپاس)، (عەفو)، (خوات لەگەڵ)، بەڵام ئایا پرسیارمان لە خۆمان کردووە کە بۆچی خودای گەورە هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم ئایەت کە دووبارەی بکەینەوە لە نوێژدا؟ بۆچی یەکەم ئایەتە کە قورئان دەستی پێدەکات؟ بۆچی یەکەم دەربڕینە لە ڕێیەوە دەچینە ناو هەموو سورەتێکەوە تەنها سورەتی (التوبة) نەبێت؟ بۆچی ئەم ئایەتە کراوەتە بەشێك لە سورەتی (الفاتحة)؟ دووبارەکردنەوەی (بسم الله) لە هەموو ئەم دەستپێکانەدا، پاشان وتنی لە دەستپێکی هەموو شتێکدا لە ژیانماندا (بەشێوەیەکی گشتی) وایلێکردوین کە بەهەڵە وا گومان دەبەین کە

تەنها ئایەتێکە هیچ مانایەکی نیە زیاتر لە سەرەتا یان دەستپێك بۆ کردنی کارێکی دیاریکراو، تەنانەت زانایانی زانستی (نحو) بەدوای ئێمەدا کەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە، خۆیان زۆر ماندوو نەکردووە بە تەقدیرکردنی ئەو فیعلە یان ئەو (حدث)ە پاستەقینەیەی کە جار و مەجرورەکە (بسم) پەیوەست دەکەن پێوەی، بۆیە وتوویانە ئەم پستەیە لە ئەصلدا ئاوایە (أبدأ باسم الله)، بەمە کێشە نەحویەکەی خۆیان چارەسەرکردووە، بەڵام لەسەر حیسابی ئەو مانا گرنگە پاستەقینەکە کە هەیە بۆ ئایەتەکە، لەپاستیدا ئەم بابەتە پەهەندی زۆر دوورترە لەوەی کە تەنها دەستپێکردنی کارێك یان دەقێکی پیرۆز بێت لەلایەن خواوە، لەپاستیدا دانانی (بسم الله) بە دەستپێکی هەموو سورەتێك و کارێك بە لەبەرچاوگرتنی مانا پاستەقینەکەی کە ئێستا باسی دەکەین وای لە ئێمە و زانایانی نەحو کردووە بکەوینە ئەو هەڵەیەوە.

ئەم ئایەتە وا پوو دەکات و ئاماژە دەدات و ئەمە گرنگترین پووتێکردن و ئاماژەدانە کە هەر ئاگادارکردنەوەیەکی قورئان کە دێت بەدوایدا، یان هەر فرمانێك و هەر بەرگریکردنێك، یان هەر بەڵێنێك، یان هەر ترساندنێك، یان هەر وەسفێك، یان هەر هەواڵێك، یان هەر ئامۆژگارییەك، یان هەر بیرخستنەوەیەك، ئەوە تەنها لەجیاتی خودای گەورە بە زمانماندا دێت و بە دەسەڵات و گەڕانەوە بۆ لای ئەو دەیڵێین.

ئەگەر مرۆڤەکان جێنشینی ئەو بن لە زەویدا ﴿وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة﴾ {البقرة: ٣٠}، ئەوە پێویستە لەکاتێکدا کە ئەو شان دەداتە پاڵ ئەم کارە گەورەیە: کە خوێندنەوەی وشە و دەربڕینەکانی ئەو زاتەن کە ئەویان بە وەکیل و جێنشین داناوە و زەوییان بەو سپاردووە، وشە و دەربڕینە پاستەکەی ئەو زاتەن (خوای گەورە)، لە وێنە پاستەقینەکەی ئەودا کە لە جیاتی ئەو دەریان دەبڕێت، ئەو کات پێویستە بە بیری خۆی بهێنێتەوە و بە بیری ئەو کەسانە

بهێنێتەوە کە گوێی بۆ دەگرن، کە کاتێك کە ئەو ئەم ئایەتانە دەخوێنێت و لەژێرەوەیە لەسەر زەوی ئەو ئایەتانەی کە لەلایەن سەروو خۆیەوە لە ئاسمان هاتوون و دەربڕاون، ئەوە ئەو (بسم الله) یە لەجیاتی ئەو دەڵێتەوە و بە گەڕانەوە بۆ ئەو ئەم کارە دەکات بە سیفەتی ئەوەی کە ئەو جێنشینی خودای گەورەیە لەسەر ئەم زەوییە.

کاتێك قازی حوکم دەکات لە بابەتێکدا کە لەبەردەستیدایە و دەست دەکات بە خوێندنەوەی بڕیارەکە دەڵێت (بەناوی گەلەوە)، گومان لەوەدا نییە کە ئەو لەکاتی ئەم دەربڕینەدا دەیەوێت بڵێت: ئەو حوکمەی کە دەریدەکەم من لەجیاتی گەل دەریدەکەم، یان (بەو سیفەتەی کە ڕاسپێردراوم لەلایەن گەلەوە کە هەستم بەم کارە)، ئەو لەو کاتەدا نوێنەرایەتی ئەو گەلە دەکات و دەسەڵات و بڕیارە پاڵپشت بە یاساکان لەوەوە وەردەگرێت، تۆش کاتێك هانا دێنیت بۆ یەکێك لە خزمەکانت بۆ ئەوەی داواکارییەکت بۆ ڕابی بکات پێی دەڵێیت: (بەناوی خزمایەتییەوە هانام بۆ هێناویت)، دیارە مەبەست ئەوەیە (بەهۆی دەسەڵات و مەرجەعیەت و بەرپرسیارێتی خزمایەتی) ئەم داواکارییەم هەیە.

کاتێك نوێژ دەستپێدەکەم بە (بسم الله) ئەوە مانای زەنگی ئاگادارکردنەوەیە بۆئەوەی ئاگادارم بکاتەوە بەوەی کە ئەم کارەی وا خەریکە ئەنجامی دەدەم تەنها هەندێك هەستان و دانیشتنی لەخۆوە نین، تەنها چەند خوێندنەوە و وتنی کۆمەڵە وشەیەکی لەبەرکراوی دوبارە نین یەك بەدوای یەك بە زماندا بێت و دڵ لێبدات پێی، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەقینەن لەگەڵ خوادا، تیایدا جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی کە ئێستا پێی هەڵدەستم بریتیە لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێننامەیەی کە لە نێوانماندا هەیە، من تا ئێستا و بە بەردەوامی ئەمینم لەسەر پلەی جێنشینیەکەی لەسەر زەوی.

هەروەها من کاتێك لاپەڕەی یەکەم لەم کتێبە دەڕازێنمەوە بە دەربڕینی (بسم الله الرحمن الرحیم) ئەوە بیرخستنەوەمە لەلایەن خودای بونیاتنەری جیهانەکان، جەختکردنەوەی منە بۆ ئەو کە هەرچی لە دووتوێی ئەم کتێبەمدا هەیە لە یەکەم وشەوە تا کۆتا وشە هەمووی بەپێی ئەو بەڵێننامەیەیە کە هەیە لە نێوانماندا لەوەی کە تەنها لەبەر ئەوە و پەیوەستم تیایدا بە یاسا و بنەماکانی ئەو و رادەوەستم لە سنوورەکانی ئەودا و سنوور نابەزێنم، پەیوەست دەبم بە مەرجەکانی ئەو دەسەلاتەی کە پێم دراوە لەسەر زەوییەکەی.

(بسم الله) ئەو بەڵگەنامەیەیە کە لە نێوان خۆت و خودای گەورەدا هەیە، بەوەی کە تۆ زیاتر نیت لە وەکیلێکی ئەو لەسەر زەویدا، بۆیە هیچ مولّك و سامانێك نییە کە تەنها هی ئەو نەبێت، هیچ دەسەلاتێك نییە کە تەنها دەسەلاتی ئەو نەبێت، هیچ سەروەت و مالّێك نیە تەنها مالّی ئەو نەبێت، هیچ زەوییەك نیە تەنها زەوی ئەو نەبێت، تۆ ئەی مرۆڤ نەهاتویتە خوارەوە لە ئاسمان بۆ سەر ئەم پارچە دابڕاوە بچوکە کە ناوی (زەوی)یە کە لەنێوان چەندین ملیار لەم پارچە زەویە دابڕاوە گەورە و بچووکانەدا کە خودای گەورە بڵاوی کردونەتەوە لە بووندا تەنها بۆ مشورخواردن و بەڕێوەبردنی ئەو کارەی کە پێی سپاردوی لە کارەکانی ئەم پارچە دابڕاوە لەجیاتی ئەو وەك جێنشینی خاوەنە ئەسڵییەکەی، جێبەجێکردنی ئەم بەڵگەنامەیە وەك خۆی و بەپێی ئەم گرێبەستە کەم ماوەیە لە نێوان تۆ و ئەودا خەریکە ماوەکەی تەواو دەبێت، ئایا خۆت ئامادە کردووە بۆ بارکردن و ڕۆشتن، ئایا خۆت ئامادە کردووە بۆ ڕاوەستان و ئامادەبوون لەبەرامبەر خودای خاوەندار بە شێوەیەك کە دەفتەری حسابکردنەکەت بەدەستەوەیە؟

بەڵام چیرۆکی (بسم الله الرحمن الرحیم) لێرە کۆتایی نایەت، دەکرا ئەم (ڕێگە پێدانە) خودایییە، یان ئەو (وەکالەتە) بۆ جێنشینی، یان ئەو (عقد التمثیل)ە ڕابوەستێت لەسەر دەربڕینی (بسم الله) بەتەنها و بابەتەکە کۆتایی پێهاتبا، بەڵام

خودای گەورە بەم گرێبەستەوە هاوپێچێکی دانەبڕاوی تری لکاندووە و بە بەڵێنی دانەبڕاو دادەنرێت لەم گرێبەستە، ئەویش: (الرحمن الرحيم)ە.

بەڕاستی کۆبوونەوەی هەردوو وشەی (الرحمن) و (الرحيم)، کە لە بەڵگەوە وەرگیراون و جەختکردن لە کۆکردنەوەی ئەم دوو سیفەتە لە سیفەتەکانی خودای گەورە لە (بسم الله)دا وەک (عقد التمثيل) وایە لە نێوان تۆ و خوادا، واتە ئەم دوو وشەیە لەم سەرەتایە ناڕاساییەوە لەنێو گرنگترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە خوداوە: کە نوێژ و قورئان خوێندنە، لەناواخنیدا زۆر شتی بۆ هەڵگرتووین، بەڵکو بۆ تۆ ئەی نوێژخوێن بەتایبەت و بۆ جیهانی چواردەوریشت بەگشتی لە پەیامی هەڵگرتووە، لەوانە:

یەکەم: لەبەرئەوەی کە خودای گەورە (رَحمەتەکەی پێش تووڕەبوونەکەیەتی – سبقت رحمته غضبه) وەک لە فەرموودە قودسییەکەدا هاتووە، یا بۆی هەڵبژاردویت کە دەست پێبکەیت بەم دەربڕینە – الرحمن الرحيم– بە جەختکردنێکی سەیر کە هاتنی لە پێش (١١٣) سورەتەوە ئەمە پشتڕاستە دەکاتەوە، بەم دووانەییە جوانەی ناو ناوەکانی ئەگەرچی هەردوکیان لەیەکەوە نزیکن لە ڕووی پێکهاتەوە لە یەک چاوگ وەرگیراون لەگەڵ جیاوازییەکی زۆر لە ماناکەیاندا.

بڕوانە خودای گەورە سەرەتای سورەتەکانی ڕەنگاوڕەنگ نەکردوە بەوەی دوان لە سیفەتە زۆرەکانی تری هەڵبژێرێت بۆ دەستپێکی هەر سورەتێک، تەنانەت نەهاتووە دوو سیفەت هەڵبژێرێت یەکێکیان ئاماژەی ڕەحمەت و میهرەبانی تێدا بێت و ئەویتریان قوەت و هێز و دەسەڵات بۆ هاوسەنگی ئەگەر بە دیدی مرۆڤانەی خۆمان بڕوانینە بابەتەکە، ئەگەرچی لەزۆر شوێنی قورئاندا بەم شێوەیە هاتوون، وەک ئەم دوو سیفەتە (العزيز الرحيم) {دخان: ٤٢}، یان ئەم دوو سیفەتەی تر (العزيز الغفور).

دووەم: لەبەرئەوەی هەردوو سیفەتی (الرحمن) و (الرحیم) ئەو گرنگیە گەورەیەیان هەیە و چونکە بەشێکی سەرەکین لە نوێژەکەت، دەستپێکی هەموو خوێندنەوەیەکن، ئەمە مانای ئەوەیە کە بەشێکن یان پووکنێکن لە عەقیدەکەت ئەگەر تۆ شایستە بیت بەو پلەیەی کە پێی گەورە کراویت کە: جێنشینی خودایە لەسەر زەوی.

سێیەم: چونکە بە ڕێگەپێدانی خۆی تۆ جێنشینی ئەویت لەسەر زەوی، ئەویش (الرحمن) و (الرحیم)ە، ئەمە ناچارت دەکات بەپێی ئەم دوو سیفەتە هەڵبژێردراوە باشانە لەلای خودای گەورە تۆش ببیتە باشترین جێنشین، بەردەوام لە بەرزبوونەوەی پلەکانتدا بێت، بە شێوەیەک کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەو جەختکردنەوە بەردەوامە قورئانیانە یەکلەدوایەکانە سەبارەت بەم دوو سیفەتە، تا دەگەیتە پلەی بەرپرسیارێتی (الرحمة) کە پێتدراوە.

تۆ موسوڵمانیت کەواتە دەبێت جیهان لە لێبوردەیی ببینێت لە دەموچاوتەوە و لە بزەی لێوەکانتەوە و لە نەرمی دڵتەوە و لە پێڵوی چاوەکانتەوە و لە نزیک و دوورەوە و لە خۆشەویستیتەوە بۆ هەموان و بە لێبوردەیتەوە بۆ هاوڕێکەت و دوژمنەکەت وەک یەک، هەموو ئەمانە لە (الرحمن) و (الرحیم)ەوەیە کە چۆن باوەشدەکاتەوە بۆ بەرامبەر و دەگرێتە خۆی و لە دەربڕینی لێبوردەیی و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی و نەرمونیانی و (لین الجانب) و باڵ راخستن (خفظ الجناح)دا دەبێتە پێشەنگ.

باشە ئایا ئەو وێنەیە کە موسوڵمانی ئەمڕۆ پێشکەشی دەکەن و جیهان دەیبینێت، ئایا ئیسلام ئەو وێنەیەیە؟!

الرحمن الرحيم

ئەم دوو وشەیە لە زمانی عەرەبیدا هەریەکەیان کێش (وزن)ێکی جیاوازی هەیە: لەسەر کێش (وزن)ی: (فَعْلان) و (فعیل)ن، بەڵام لە یەک چاوگەوە وەرگیراون ئەویش (الرحمة)یە، واقیعی زمانەوانی هەریەکەیان ئامازە بەوە دەدات کە هەریەکەیان خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی تەواو جیاوازبێ لەوی تر، چونکە وشەی (الرحمن) لەسەر کێشی (فعلان)ە، ئەویش داڕێژراوێکی ساتەوەختیە ئامازە دەدات لە زمانی عەرەبیدا بەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات، وەک چۆن وشەکانی (ظمآن – تینوو) و (غضبان – تووڕە) و (سهران – شەونخون) و (فرحان – دڵخۆش)، ئێستا ئەم وشانە هەموویان مانای سیفەتێکی کاتی دەبەخشن و ئامازەن بۆ ئەو سیفەتە کە لەو کاتەدا ڕوو دەدات، بۆ نموونە (ظمآن – تینوو) واتە ئێستا ئاوایە تینووە، بەڵام تینوێتیەکەی نامێنێت لەماوەیەکی نزیکدا، (غضبان – تووڕە) واتە ئێستا تووڕەیە، بەڵام پاش کەمێکیتر لەسەرخۆ دەبێتەوە و تووڕەییەکەی نامێنێت.. هتد.

کەواتە (الرحمن) واتە میهرەبانییەکەی ئێستا لە ئاسمانەوە دێتەخوار بەسەرتدا، واتا لەم چرکەیەدا کە تۆ ئەم وشەیە دەخوێنیت، بەڕاستی مانایەکی سەروی شاقوڵی (عمودی) کاتیی هەیە کە درێژ بۆتەوە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، لەگەڵیدا هەست بە میهرەبانی دەکەین کە دەجوڵێت بەرەو ڕوومان و بە نوێیی و چالاک و زیندوو لەلایەن خواوە دێت بۆمان، هەربۆیە سوورە لەسەر ئەوەی کە وا بیخوێنیت کە هەست بە دابەزینی بکەیت وەک تاقگەیەک کە دەتشواتەوە بە فەیز و میهرەبانی خودایی لە تەپڵەسەرتەوە تا بنە پێت.

بەڵام (الرحیم) ئەوە لەسەر کێشی (الفعیل)ە، ئەویش سیفەتێکە زۆرکات لە زمانی عەرەبیدا ئامازە بە بەردەوامی و درێژبوونەوە دەدات، بۆیە (الکریم

بەخشندە) هەمووکات بەخشندەیە، (البخيل – چرووك) هەموو کات چروکە، (الوضيع – نزم و بێ ڕێز) هەموو کات نزم و بێڕێزە.

کەواتە (الرحيم) هەمووکات و بە بەردەوامی و هەتاهەتایە میهرەبانە، میهرەبانی ئەو گشتییە، درێژدەبێتەوە بۆ زەمەنەکانی پێشوو و ئێستا و داهاتوو، ئەمە سیفەتێکە خاوەن ڕەهەندێکی ئاسۆیی دوورودرێژە، درێژ دەبێتەوە لە ئەزەلەوە بۆ هەتا هەتایی، بۆیە یەکتر تەواو دەکەن لەگەڵ سیفەتی (الرحمن) کە خاوەن ڕەهەندێکی (شاقوڵی– عمودی) بوو لە ئاسمانەوە درێژ دەبووەوە بۆ زەوی، خاوەن مانایەکی زیندووی جوڵاوە، کە هەرکات ئەم وشەیە بخوێنینەوە هەست بە تازەیی دەکەین.

{بۆ درێژەی ئەم بابەتە بگەڕێرەوە سەر باسەکەمان سەبارەت بە (سورة الفاتحة) بەرگی دووەم لە کتێبی ((المعجزة))، واشنطن، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠١٦، ٥٣٧ ..لاپەڕەکانی دواتر }.

ئەوەی کە دڵ ئاسوودە دەکات سەبارەت بەم بابەتە و ڕەهەندەکانی ئەم دوو وشەیە و جیاکاری لە نێوانیاندا، ئەو ڕێگەیەیە کە پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) ئەم دوو وشەیەی پێ دەخوێندنەوە، وەك لە فەرموودەکەدا هاتوو:

– (سئل أنس –رضى الله عنه–: كيف كانت قراءة رسول الله (صلى الله عليه وسلم)؟ فقال: كانت مدًا، ثم قرأ: (بسم الله الرحمن الرحيم) يمدّ بسم الله، ويمدّ بالرحمن، ويمدّ بالرحيم) *{رواه البخاری عن قتادة}*. واتە: (لە ئەنەس –ڕەزای خوای لێبێت– پرسیار کرا: خوێندنەوەی پێغەمبەری خودا چۆن بوو؟ فەرمووی: خوێندنەوەی بۆ ئایەتەکان بەدرێژکردنەوەوە بوو، پاشان ئەنەس بۆخۆی خوێندی: (بسم الله الرحمن الرحيم) (بسم الله)کەی درێژ کردەوە (الرحمن)ەکەی درێژ کردەوە و (الرحيم)ەکەی درێژ کردەوە).

درێژکردنەوەی (الرحمن) و (الرحیم) لەگەڵ ئەوەی هیچ یەک لە مەرجەکانی درێژکردنەوەیان تێدا نیە کە لە یاساکانی زانستی تەجویددا هاتوون کەسایەتییەکی سەربەخۆ و جیاواز دەبەخشێتە هەریەکەیان، چونکە (مدّ– درێژکردنەوە) واتا زیادبوونی کاتی وەستان لەسەر پیتەکان، ئەمەش واتا جیاکردنەوەی سیفەتی وشەکە لەگەڵ دوای خۆی، جیاکردنەوەش واتە سەربەخۆیی و تەنهایی.

کلیلی سووری ژمارە (٢): إیاك نعبد وإیـاك نستعین

لەگەڵ مندا بە خەیاڵ بیهێننە بەرچاوی خۆتان وێنەی پیاوێکی ستەملێکراو کە چووبێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی میریی و بیەوێت مافی زەوتکراوی خۆی بسەنێتەوە، ئەم ستەملێکراوە دەبێ چی بکات؟ دیارە سەرەتا دەچێتە بەردەم کارمەندێکی تەرخانکراو لە بەڕێوەبەرایەتییەکە و داوای مافی خۆی دەکات، ئەویش پێیدەڵێت داواکارییەک بنووسە و وەسڵێك ببڕە، یان پولێکی لێبدە، پاشان دەیخاتە پۆستەی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە بۆ ئەوەی ڕێچکەی ڕۆتینی ئاسایی خۆی وەربگرێت، ئەمە پێش ئەوەی بچێتە بەردەم بەڕێوەبەری یەکەم و ئەویش لێکۆڵینەوەی بۆ بکات و بڕیارێکی لەبارەوە بۆ بدات، جا ئەم بڕیارە ڕاست بێت یان هەڵە، دادوەرانە بێت یان ستەمکارانە.

حاڵی ئەم کابرایە بەراوردبکە بە حاڵی کەسێکی بەبەخت کە هاوڕێیەتیی یان خزمایەتییەکی بەهێزی هەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، ئەم بەڕێوەبەرە بەرپرسی یەکەم و کۆتا بێت کە لە کۆتاییدا بڕیار لەسەر داواکارییەکەی دەدات و خەمی حاڵەتەکەی دەخوات لەووی وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی داواکارییەکان، ئەو کەسێکی کاربەجێیە، تەنانەت ڕاستییەکانیش بەهەڵەیدا نایبەن.. بابەتەکە لەگەڵ (إیاك نستعین) شتێکی لەو جۆرەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەراورد ناکرێ، خودای گەورە بەرز و بالاترە ـ ولله المثل الأعلی ـ.

لەلای خودای گەورە کارمەندی بچووک نییە داواکارییە فەرمییەکانت لە رێیانەوە بەرز بکەیتەوە، لەجیاتی ئەوە، رێگەت پێ دەدرێ، بەڵکو فەرمانت پێ دەکرێ ڕاستەوخۆ بۆ خۆت قسەی لەگەڵ بکەیت و داواکارییەکەت لە خۆی داوا بکەیت، لەوەش گەورە و گرنگتر، بۆ خۆی فێرت دەکات چۆن داوای بکەیت، کام وشە و دارشتنە بەکاربێنیت بۆ هەرشتێك کە داوای دەکەیت، هەربۆیە هەموو ئەو سیفەتانەی کە داویەتە پاڵ خۆی لە سەرەتای فاتیحەدا دێنێتە سەر زمانت، پاشان رێگەت پێدەدات لە کۆتاییدا دڵنیایی بدەیت لەسەر ئەوەی کە تۆ بەندەی ئەویت و ئەویش پەروەردێن و پەرستراوی تۆیە بەرپرسیارە لە تۆ و لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانت (إياك نعبُد)..

پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) دەفەرموێ، خودای گەورە دەفەرمێت: ((قَسَمْتُ الصَّلاةَ – أي الفاتِحَةُ، بَيْنِي وبَينَ عَبْدي نِصْفَين، فَنِصفُها لِي ونِصفُها لِعَبدِي، ولِعبدِي ما سَأل. إذا قالَ العَبدُ (الحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العالَمين) قالَ حَمَدَني عَبْدي وإذا قال (الرَّحمنِ الرَّحيم) قال أثنى عَليَّ عَبدِي، فإذا قال (مالِكِ يَومِ الدِّين) قالَ مَجَدَني عَبدِي، فإذا قال (إيّاكَ نَعبُدُ وإيّاكَ نَستَعين) قالَ هذا بَيني وبَينَ عَبدي ولِعَبدي ما سَأل، فَإذا قالَ (إهدنا الصِّراطَ المُستَقيم، صِراطَ الّذينَ أنعَمتَ عَلَيهِم غَيرِ المَغضُوبِ عَليهِم ولا الضّالّين) قالَ هذا لِعَبْدِي ولِعَبدِي ما سَأل)) {رواه مسلم عن ابي مريرة}. واتە: (نوێژ لە نێوان من و بەندەکەمدا دابەشکردوە، نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ بەندەکەم، بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێنم هەرچی داوا بکات، هەرکات بەندەکەم وتی: (الحَمْدُ لِلهِ رَبِّ العالَمين) دەڵێ: بەندەکەم حەمد و سوپاسی کردم، ئەگەر وتی (الرَّحمنِ الرَّحيم) دەڵێم: بەندەکەم پێیدا هەڵدام، سوپاسگوزار بوو لەسەر نیعمەتەکان، ئەگەر وتی (مالِكِ يَومِ الدِّين) دەڵێ بەندەکەم بەبەرز و گەورەی دانام، ئەگەر وتی (إيّاكَ نَعبُدُ وإيّاكَ نَستَعين) دەڵێ: ئەمە لە نێوان من و بەندەکەمدایە، بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێت هەرچی داوا بکات، ئەگەر وتی (إهدنا الصِّراطَ المُستَقيم،

صِراطَ الّذينَ أنعَمتَ عَلَيهِم غَيرِ المَغضُوبِ عَليهِم ولا الضّالّين) ئەمە بۆ بەندەکەمە، بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێت هەرچی داوا بکات).

ئێمە ئێستا لەو ئایەتەداین کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سورەتەکەوە، تەنانەت ناوەڕاستی ئایەتەکە ناوەڕاستی سورەتەکەشە، لەو شوێنەی کە هەڵوێستێکی جەختکردنەوەی تەسبیحاتی بەگەورەزانین بەرزی دەکاتەوە بۆ لای خودا (إياك نعبد)، راستەوخۆش هەر لەو ئایەتەدا هەڵوێستێکی نزایانە و پەنابردنیانەی جیاواز هەیە، داوا لە خودا دەکات ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە دەیەوێت: (إياك نستعين).

بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەم سەربەخۆییە سەرسوڕهێنەرە بۆ هەردوو وێستگە جیاوازەکە کە یەک ئایەت کۆیان دەکاتەوە، هەست دەکەین وەک ئەوەی کە پێویستە لەسەرمان رابوەستین لە نیوەی یەکەمی ئایەتەکەدا (إياك نعبد)، پاشان نیوەی دووەم تەواو بکەین (وإياك نستعين)، بەڵکو ریوایەتکراوە لە عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە (رەزای خوای لێبێت) لە خوێندنەوەی وشەی (نعبد)دا دالەکەی بە تێری بخوێنینەوە تا ئەوەی واوێکی لێپەیدا ببێت. {*شامين عبد الصبور. تأريخ القرآن، القاهرة، دار القلم، ١٩٦١، ص:١٧٥*}، ئەمەش یارمەتیمان دەدات لەسەر دەرخستنی سەربەخۆیەتی و چەسپاندنی کەسایەتی جیاوازی ئەوەی کە لە پێش مەدەکەوە دێت لەوەی کە دوای مەدەکەوە دێت.

ئایا هەستت کردووە کاتێک ئەم ئایەتە دەخوێنیتەوە کە تۆ لەبەردەم دوو هەڵوێستەی جیاوازدایت و ئەو شێوەزارەی کە بەشی یەکەم (إياك نعبد)ی پێدەردەبڕیت دەبێ جیاواز بێت لە شێوەزاری بەشی دووەم (وإياك نستعين)؟ تۆ بەبەشی یەکەمی تایبەت بە گروپی یەکەم لەم گرێبەستەوە دەچیت بۆ بەشی دووەمی تایبەت بە گروپی دووەم.

(إياك نعبد) دەڵێیت و لە دەنگتدا نەبرەکانی ڕێز و گەورەیی و ملکەچی و پڕ ترسی دەردەبڕیت بۆ کەسێك کە ناوچەوان و ژیان و داهاتووی تۆی بەدەستە، بەڵام کاتێك (وإياك نستعين) دەڵێیت لە دەنگتدا نەبرەی لاوازیی و پەنابردن و ملکەچی و ئومێد دەردەبڕیت، بەشێوەیەك هەست بە ڕژانی نمەی بارانی وەڵامدانەوە و میهرەبانی و فریاکەوتن و یارمەتی دەکەیت کە دەڕژێت بەسەرتدا لەلایەن ئەو یارمەتیدەرە بەهێزەوە، چۆن نا، ئێستا لەبەردەمتدایە و قسەی لەگەڵ دەکەیت و گوێت بۆ دەگرێت، ئەو بەتوانایەی کاتێك دڕت بوەستێت کێت لەگەڵ دەمێنێت! ئەگەر لەگەڵتدا بێت کێ هەیە دوژمنت بێت وەك پێشینان فەرموویانە؟!

بەڵێ ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خودا دابەشی کردووە لەنێوان خۆی و بەندەکانی، کە بەهۆیەوە جوانترین بەڵێن بە نوێژخوێن دراوە، لەلایەن ڕاستگۆترین بەڵێندەرەوە کە بەڵێنی (ولعبدي ما سأل)ە، واتە بۆ بەندەکەشم فەراهەم دێت هەرچی داوا بکات.

(وإياك نستعين) وا بخوێنە کە دڵنیای وەڵامدانەوەی دوعاکانت بیت، بە شێوەی ئەو دڵنیایی ئەو موسوڵمانەی کە لە ڕۆژێکی زۆر گەرمدا چوو بۆ نوێژە بارانە لەگەڵ خەڵکدا، بەڵام بەتەنها ئەو چەترەکەی خستبووە بن باڵی بۆ بارانەکەی دوای نوێژکردن.

اهدنا الصراط المستقيم، صراط الذين أنعمت عليهم... ولا الضالين

ئێستا، دەرگاکانی سوپاسگوزاریت لێکرانەوە، تۆش سوپاسگوزاریت دەربڕی، دەرگاکانی ڕەحمەتت لێکرانەوە و داوای دابەزینیت کرد، هەلی داواکردنت بۆ هەڵکەوت و داواکارییەکانت پێشکەش کرد، خوای گەورە گەورەترین داواکاری هێناوەتە سەر زمانت، گەورەترین داواکاری کە مرۆڤ لەم ژیانەدا داوای بکات،

ئەویش: داواکردنی هیدایەت و ڕێنموییکردنە بۆ سەر ڕێگای ڕاست، ئایا هیچ شتێکی تر هەیە بەقەدەر لادان لەسەر ڕێگای ڕاست و ونکردنی ئەم ڕێگایە لێی بترسی؟

بێنە فکری خۆت، ئەگەر ئێمە دەوڵەمەند بین بەئەوپەڕی دەوڵەمەندی، زیرەک بین بەئەوپەڕی زیرەکی، لەشساغ بین بەئەوپەڕی لەشساغی، دڵخۆش بین بەتەواوی مانای دڵخۆشی، بەڵام نیعمەتی یەکتاپەرستی و هیدایەتی خودامان پێنەدرابێت، ئەوە ئەم شتانە چ سودێکی هەیە؟ دڵخۆشی دونیا؟ دڵخۆشی دونیا چ سودێکی هەیە ئەگەر بێبەش بیت لە دواڕۆژدا؟ سەد ساڵ یان هەزار ساڵ یان سەد هەزار ساڵ یان یەک ملیۆن ساڵ چ سودێکی هەیە لەبەرامبەر ژیانی دواڕۆژ؟ لەبەرامبەر چرکەساتێک لە ژیانی نەبڕاوە، بەهەشت بێت یان جەهەننەم؟.

- ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّى إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا وَوَجَدَ اللَّهَ عِنْدَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ﴾ {النور: ٣٩}. واتە: (ئەوانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر کردەوەکانیان وەک سەرابێک وایە لە بیابانێکدا بریسکە بداتەوە کەسێکی تینوو وابزانێت ئاوە هەتا دەچێتە سەری دەبینێت هیچ نییە (کاتێک بەخۆی دەزانێت ژیانی کۆتاییە و قیامەت بەرپا بووە) خوایش ئامادەیە لەلایدا و بەگوێرەی کردەوەکانی موحاسەبەی دەکات و لێی دەپرسێتەوە).

- ((يُؤْتَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِأَنْعَمِ أَهْلِ الدُّنْيَا مِنَ الْكُفَّارِ، فَيُقَالُ: اغْمِسُوهُ فِي النَّارِ غَمْسَةً، فَيُغْمَسُ فِيهَا، ثُمَّ يُخْرَجُ، ثُمَّ يُقَالُ لَهُ: أَيْ فُلَانُ هَلْ أَصَابَكَ نَعِيمٌ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لَا، مَا أَصَابَنِي نَعِيمٌ قَطُّ، وَيُؤْتَى بِأَشَدِّ الْمُؤْمِنِينَ ضُرًّا، وَبَلَاءً، فَيُقَالُ: اغْمِسُوهُ غَمْسَةً فِي الْجَنَّةِ، فَيُغْمَسُ فِيهَا غَمْسَةً، فَيُقَالُ لَهُ: أَيْ فُلَانُ هَلْ أَصَابَكَ ضُرٌّ قَطُّ، أَوْ بَلَاءٌ، فَيَقُولُ: مَا أَصَابَنِي قَطُّ ضُرٌّ، وَلَا بَلَاءٌ)). *{رواه ابن ماجة وصححه الألباني عن أنس بن مالك}*.

واتە: (لە ڕۆژی قیامەتدا خۆشگوزەرانترین کەسی سەردنیا دەهێنن، دەوترێ جارێک نوقومی بکەن لەناو ئاگردا، پاشان دەری دێنن، پێی دەڵێن: ئێ فلان کەس هیچکات خۆشیت بینیوە لە ژیانتدا؟ دەڵی: نەخێر قەت تووشی هیچ خۆشییەک

نەبووم، پاشان موسوڵمانێك دەهێنن كە لە هەموو كەس زیاتر تووشی زەرەر و ناخۆشی و بەڵا و موسیبەت بووە، دەوترێ نوقمی بكەن لە بەهەشتدا، جارێك نوقمی دەكەن، پاشان پێی دەڵێن: ئێ فلان كەس قەت تووشی زیان و ناخۆشیی بوویت؟ دەڵێ نەخێر قەت تووشی بەڵاو ناخۆشیی و زیان نەهاتووم).

لەڕاستیدا ئەو چێژەی كە وەریدەگرین لە خوێندنی (وإياك نستعين) جیاوازە لە چێژی (اهدنا الصراط)ە، دەربڕینی یەكەم داواكاری دنیاییە، بەڵام دەربڕینی دووەم داواكاریی قیامەتییە، بەبێ ئەوەی ئەمە لە دەربڕینەكەدا دەربكەوێت، چونكە (اهدنا الصراط المستقيم) دەربڕینێكی كراوەیە دەكرێ لەگەڵ داواكاری هیدایەت و یەكتاپەرستی مەبەستمان كاربەجێیی و رێنمایی دنیایی و رای پەسەندیش بێت لە هەموو كارەكاندا، باشە هیچ نیعمەتێكی دنیایی باشتر هەیە كە مرۆڤ لەدنیادا نیعمەتی پەسەندیی و رێكی راوبۆچوونی هەبێت، كە پشتی پێببەستێت لە كارە دنیاییەكانیدا و یارمەتی ئەوانی تری پێبدات لە چواردەوری.

ئەم خەسڵەتە "كراوەیە"ی كە لە وشەی (الصراط)دا هەیە لە سورەتی (الفاتحة)دا، كورت هەڵنەهاتووە لەسەر رێگەی تاقمێك یان ئاینزایەك، ئەگەر دیقەت بدەین لە كراوەیی هەردوو دەقی (الذين أنعمت عليهم) و (المغضوب عليهم) كێن ئەمانە؟ هەروەها (ولا الضالين) كێن؟ دەبینین هەموویان بە كراوەیی ماونەتەوە و دیاری نەكراون، ئایا بە ڕیز ئەوانە: موسڵمانان، پاشان جولەكە، پاشان گاورەكانن، وەك هەندێك لە زانایانی تەفسیر ڕاڤەی دەكەن؟ هەروەها وەك لە هەندێ فەرموودەی راستدا هاتووە:

- ((المَغْضُوبِ عَلَيْهِم" اليَهود "الضّالّين" النَّصارى)) *{صححه الألباني في السلسلة الصحيحة عن عدي بن حاتم الطائي عن أبي ذر الغفاري}* .

واتە: (ئەوانەی "بەر تووڕەیی خودا كەوتوون" ئەوە جولەكەن و ئەوانەی "گومڕابوون" ئەوە گاورەكانن).

لەڕاستیدا ئەم سێ دەربڕینە لە ڕووی زمانەوانییەوە یەکتر تەواو دەکەن، هیچ بۆشاییەکی زمانەوانی هەڵناگرن لە دوای خۆیانەوە کە تەنها دابڕێن بەسەر تاقم یان کۆمەڵێکدا، بەڵام ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ دەربڕینە بەشەرییەکان بە تەواوەتی خەسڵەتی کراوەیی ئەم "سێ" دەربڕینە هەست پێدەکەین.

لەگەڵ منداڵ جارێکی تر ئایەتەکە بخوێنەرەوە، بەڵام بەگوڕینی دەربڕینە کراوەکان بە دەربڕینی تری داخراو بۆ ئەوەی جیاوازییەکان بەڕوونی ببینیت لەنێوان هەردوو شێوازەکەدا:

(خوایە ڕێنماییمان بکە بۆ سەر ڕێگەی راست، ڕێگەی موسوڵمانان، ڕێگەی جولەکە و گاوران نا).

ئێستا بۆتەرکەوت دەربڕینە قورئانییەکە چەند کراوەترە لەم دەربڕینە؟ ئایا بۆت دەرکەوت کراوەیی (الذین أنعمت علیهم) هەموو چاکە لەگەڵکراوەکان دەگرێتەوە و کراوەیی (المغضوب علیهم) هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خودا لێیان تووڕە بووە، مانای (ولا الضالین)یش هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گومڕابوون و ڕێگەی راستیان ونکردووە، ئەمە هەمووی بەبێ ئەوەی ڕاڤەی فەرموودەکەی پێغەمبەری خودا وەلا بنێین کە باس لە جولەکە و گاورەکان دەکات، هەروەها بەبێ ئەوەی سنووری ئەم سێ دەربڕینە دابخات و کورتیان هەڵبێنێت لەسەر تاقمێکی دیارکراو، وەك ئێمە لە دەربڕینە مرۆڤانەییەکانماندا کردمان؟

زۆر گرنگە کاتێك ئەو ئایەتەی (اهدنا الصراط المستقیم) دەخوێنین، بیرمان بێتەوە لەبەر چ حیکمەتێکی خودایی لەنێوان چەندین ئایەتی هاوشێوەی تردا کە دەیخوێنین لە نوێژەکانماندا ئەم ئایەتە بەکراوەیی هاتووە بۆمان، بەشێوەیەك دەتوانین وشەی (اهدنا) ئەوەندە بەکراوەیی بڵێین کە هەموو دروستکراوێك بگرێتەوە لەسەر زەوی، دەشتوانین ئەوەندە تەسکی بکەینەوە کە لە خۆمان نزیکبکەینەوە، ئەم وشەیە بەشێوەی تاك نەهاتووە، بەڵکو بەشێوەی کۆ هاتووە، بۆیە

لەدوای ئەوەی ئەم راستیەتان بۆ دەرکەوت هەوڵی تەواو بدەن لەکاتی خوێندنی ئەم نزایەدا هەموو کوڕ و کچ و خێزان و خزم و کەس و دراوسێ و ناسیاوەکانتان بە ئامانج بگرن و نزای هیدایەت بۆ هەموویان بکەن، بەڵکو با نزاکەتان هەموو جیهان بگرێتەوە لە دۆست و دوژمنانتان وەک یەک، موسوڵمان و ناموسوڵمان.

ئایا جوانترین و بەقیمەتترین و گەورەترین شت هەیە لەوە باشتر بێت کە داوا لە خودای باڵادەست بکەیت چاکەی خۆی ببارێنێت بەسەر دۆست و دوژمندا، بەوەی هەموو مرۆڤەکان بەگشتی وەک یەک هیدایەت و رێنمایی بکات بۆ سەر حەق و دادپەروەری و رێگەی راست؟

لە بیرت نەچێت شکاندنی بەربەستەکانی بەکارهێنانی راناوی (نا)ی زمانی عەرەبی لە وشەی (اهدنا)دا و هەڵبژاردنی ئەم راناوە بۆ ئەوەی هەمووان بگرێتەوە بەبێ هەڵاوێران، شکاندنی بەربەستەکانی رق و قینە لەنێوان خۆت و ئەویتردا، هاوکەسێک بێت ئەویتر، بانگکردنە بەئاشکرا و بڕیاردانێکی جێگیرە و پرۆڤەکردنێکی بەردەوامە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای خۆشەویستی و لێبوردەیی لە دەروونتدا بەرامبەر ئەوانەی کە بەردەوام ئاڵای رق و کینە بەرز دەکەنەوە، منداڵەکانیان هەر لە شیرەخۆرییەوە رادەهێنن لەسەر ئەوەی کاتێک ویستیان موسوڵمان بن خاوەن رق و کینە بن، هەموو کات ئەو یاسا زێڕینەت لە یادنەچێت، تۆ موسوڵمانیت، کەواتە تۆ خەڵکت خۆش دەوێت و لێبوردەیت، خوای گەورە دەفەرموێت:

- ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾ {الأعراف: ١٩٩}. واتە: (کارێ ئاسان لە خەڵکی داوا بکەو چاوپۆشی لە هەڵە و کەموکوڕییەکانیان بکە و فەرمان بدە بە چاکە و کردەوەیەک کە پەسەندی شەرعە، ڕووش وەرگێڕە و پشت بکە لە نەفام و تێنەگەیشتووان).

- ﴿فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ﴾ {الشورى: ٤٠}. واتە: (ئەو کەسەی لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی و چاکسازیی بکات، ئەوە پاداشتی لای خوایە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت...).

- ﴿وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ {التغابن: ١٤}. واتە: (ئەگەر چاوپۆشی لە هەڵەیان بکەن و واز لە ئازاردانیان بهێنن و لێیان ببورن، ئەوە چاك بزانن کە خوا لێخۆشبووە و میهرەبانە).

وێستگەکانی درێژکردنەوەی (المدّ) لە (الفاتحە)دا[1]

ئەگەر درێژکردنەوە (المدّ) بریتیبێت لە راوەستانێکی کەم، ئەوە زۆر ئاساییە کە بەهۆی ئەو هەناسە زیادەیەوە لە ڕووی کاتەوە کەسایەتییەکی تایبەت ببەخشێت بە وشەکە یان دەربڕینەکە، هەروەها وزیەکی بەهێزی لە سەربەخۆبوونی پێببەخشێت، چونکە ئەو بۆشاییە زەمەنییە وەك باسمانکرد مانای کات و مۆڵەتێکی سەوزی زیاترە بۆ بیرکردنەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو وشە یا دەربڕینانەی کە درێژکردنەوەی (مدّ)ەکەی تێدایە.

پێویستە لێرەدا جیاوازی بکەین لە نێوان راوەستانی تەواو لە خوێندنەوەدا و درێژکردنەوەی پیتێك لە پیتەکانی وشە، کە ئەویش جۆرێکی تایبەتە لە راوەستان یان بڵێین وەك راوەستان وایە، پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) لە پێش خوێندنی فاتیحەدا و لە دوای تەواوبوونیشی بەتەواوی رادەوەستا، هەروەها لە کۆتایی هەر ئایەتێکدا رادەوەستا، ئەمەش مانای بۆشاییەکی سەوزی تێرە کە دوو ئایەت لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بەڵام راوەستانەکانی درێژکردنەوە (المدّ) یاخود

---

[1] ئەم بابەتە ئاسازە لەگەڵ بنەما چەسپاوەکانی بابەتی درێژکردنەوە(مدّ) لە کتێبەکانی زانستی جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز (علم التجويد) وەرگێڕ.

باشترە بڵێین هاوشێوەی راوەستانەکان ئەوانەن کە دەکەونە نێوان وشەی ئایەتەکان، بەوەی کە هەڵگری درێژکردنەوەی کات و هەڵوێستەی زیاترن دەکرێ ملکەچی و بیرهێنانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئان و جێبەجێکردنیان زیاد بکەن، دەکرێ بۆشایی سەوزی کاتیمان بۆ دەستەبەر بکەن، کە هاوکار دەبێت بۆ بیرکردنەوەی زیاتر لە مانا و وشەکانی پێشوو، ئامادەمان دەکات بۆ وەرگرتنی مانای وشەکانی دوای خۆی، بۆیە لە هەر (٢٩) وشەکەی سورەتی (الفاتحة)دا (٢١) درێژکردنەوەی لەفزی هەیە، بێجگە لە شوێنی راوەستانە ئاساییەکان کە لە کۆتایی ئایەتەکاندان، کە ئەوانیش حەوت دانەن، ئەم وزە بەبەرداکردنە بەهێز و چڕەی لە درێژکردنەوەکاندا هەن لە سورەتی (الفاتحة)دا بە هیچ شێوەیەک لە زمانی قسەکردن و نووسینماندا نابینرێت، هەروەها لە زۆربەی سورەتەکانی تریشدا نابینرێت.

ئەم درێژکردنەوە یەک لە دوای یەکانەی ناو سورەتی (الفاتحة) زۆر کات هەندێکیان بەپێچەوانەی یاساکانی تەجویدەوەن، بەڵکو دەتوانین بڵێین فاتیحە تاکە سورەتە کە بەتەواوی پابەندی ئەو یاسایانە نییە، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سورەتی (الفاتحة)، ئەم درێژکردنەوە زۆرانەش بەم شێوەیە یارمەتی نوێژخوێن دەدات لەسەر ڕۆچوون لە بیرکردنەوە و تەسلیمبوون و ملکەچبوون و خۆبەکەمزانین بۆ ئەو کەسەی کە لەبەردەمیدا راوەستاوە و نوێژ بەرەو ڕووی دەکات، کە خودای گەورەیە.

ئەگەر بەربژێرێك بکەین وەك نموونە لە دوو سورەت، لە دوو سورەتە هەرە کورتەکانی قورئان، کە سورەتی (الکوثر) و (الإخلاص)ن، دەبینین لە یەکەمیاندا درێژکردنەوەکان لە"سێ" دانە تێپەڕ ناکەن لە هەر دە وشەکانیدا، ئەوانیش لە وشەکانی (إِنَّا– أَعْطَيْنَاكَ – شَانِئَكَ)دان، لە سورەتی دووەمدا لە چوار حاڵەت تێپەڕ ناکات لە هەموو پانزە وشەی سورەتەکەدا، ئەوانیش لە وشەکانی (اللَّهُ– اللَّهُ– يُولَد– لهُ)دان.

زۆر گرنگە لێرەدا ئەوە بیر بهێنینەوە کە هەموو ئەو شتانەی کە لەم کتێبەدا نووسراون، بریتین لەو شتانەی کە بە دڵدا دێن و (خواطر) و شرۆڤە و شیکردنەوە و پێشنیازن، لەپاستیدا لە بیروبۆچوونی مرۆڤانە تێپەڕ ناکەن، شایانی هەڵوەشاندنەوە و پێداچوونەوەن، بۆیە ئەگەر بە بەڵگە و دەق پێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونانە سەلمێنرا ئەوە ئەوکات لەگەڵ دەقەکاندابن، موسڵمانیش نابێت هیچکات بەمشێوەیە نەبێت.

سەنتەر بوونی ڕکووع و سوژدەکان

کاتێك بۆ یەکەمجار حەجم کرد لە تەمەنی چل ساڵیدا بووم، وەها خۆم بینییەوە وەك منداڵێکی بچووك لە کاتێکدا کە تەوافم دەکرد بە دەوری کەعبەدا، دوو پارچە جلی سادەم پۆشیبوو، لەو کاتەدا شەیتان وەسوەسەی دڵمی دەدا: سەیر دەبێت یەکێك لە خوێندکارە زانکۆییەکانت بەم شێوەیە بتبینن کە موسوڵمان و ناموسوڵمانیشیان تێدایە؟

دەڵێن ئەوە مامۆستاکەمان چی بەسەرهاتووە؟ ئەمە بوو کە هەمدەم لەبەردەمماندا بە کەشخەیی و وێقار و باوەڕبەخۆبوون و ڕۆشتن و جوڵەی لەسەرخۆ و قورس ڕاهاتبوو؟!

بەڵام بەهۆی ڕژانی فەزڵی خودا بەسەرمدا بای ڕۆحی ئیمان و بەندایەتی خاوێن هەڵیکرد بەسەرمدا زۆر بە خێرایی ئەو ئاگری وەسوەسەیەی کوژاندەوە و بیریخستمەوە کە: من موسوڵمانم.

بەڵێ من موسوڵمانم واتا من تەسلیم بووم، من ملکەچ بووم، من زەلیلم، من زەعیفم، من بەندەم یان باشترە بڵێم هیچ شت نیم لەبەرامبەر ئەو خودا عەزیز و جەبار و موتەکەبیرەدا، ئەوەی خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی دەکات، زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێت، بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

ئەم کۆمەڵە نەسیمە ڕۆحانیە بەرزانە وایان لێهات هەڵیان دەکرد بەسەرمدا هەر کاتێك نەفسی خۆم زەلیل کردبایە بۆ خودای گەورە لە هەموو پەرستشێك لە پەرستشەکانمدا، وایلێهات بەردەوام ببوە هاوڕێ لەگەڵم لە هەموو کووڕبوونەوەم بۆ ڕکوعێك، بۆیە پاك و بێگەردی خودای گەورەم دەکرد (سبحان ربي العظيم) لەو هەموو لاوازی و ستەم و کەمتەرخەمی و ماندووبوون و غافڵی و... کە هەمبوون. پاشان بەهەمانشێوە لە هەموو هەستانەوەیەکدا لە ڕکوع لەو کاتەی کە ئەو یاسا زێڕینە خوداییەم بە بیر دەهاتەوە (سمع الله لمن حمده) و منیش سوپاسم دەکرد و دەموت: (ربنا لك الحمد) لەسەر ئەوەی کە دروستت کردوم و هیدایەتت داوم و پێتبەخشیوم و...، پاشان بەهەمانشێوە لە هەموو دابەزینێکم بۆ سوژدە بۆ ئەوەی دووبارە پاك و بێگەردی بکەم (سبحان ربی الاعلی) و خودای گەورە بە دوور بگرم لە فلاّن و فلاّن و فلاّن...هتد ئەو کەموکوڕیانە، تا وام لێهات بەردەوام ئەو هەستەم بۆ دروست بووبوو بە گوفتار و کردار هەمیشە ئەوکاتانەی سەرم لە لاشەم بۆ خودا نزمتر بوو، نزیکتر بووم لەوەوە، لەوێ لە ئاسمان.

– ((لَقيتُ ثَوبان مَولى رَسولِ الله (صَلى اللهُ عَليهِ وَسلّم) فَقُلتُ أخبِرني بِعَمَلٍ أعْمَلُهُ يُدخِلُني اللهُ بِهِ الجَنَّةَ، أو قال قُلتُ: بِأحَبِّ الأعمالِ إلى الله، فَسكتَ، ثُمَّ سَألتُه فَسَكتَ، ثُمّ سَألتُه الثالِثَةَ فَقالَ: سَألتُ عَنْ ذلكَ رَسولَ الله (صلى الله عليه وسلم) فَقالَ: عَليكَ بِكثْرةِ السُّجودِ لِلهِ فَإنَّكَ لا تسجُد سجدَةً إلا رَفعَك اللهُ بِها درَجةً وحطَّ بِها عَنكَ خَطيئَةً..)) *{رواه الشيخان، عن معدان بن طلحة}*.

واتە: (گەیشتم بە (ثوبان) ئازادکراوی پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر) پێم وت کارێکم پێ بڵێ کە خودا بە هۆیەوە بمخاتە بەهەشت، یان وتم کارێکم پێ بڵێ لەلای خودا لە هەموو شتێك خۆشەویستتر بێت؟ بێدەنگ بوو، پاشان پرسیارم لێ کردەوە و ئەویش بێدەنگ بوو، بۆ سێیەمجار پرسیارم لێ کردەوە وتی: لەم بارەیەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (درووی خوای لەسەر بێ)

کردووه، فەرموویەتی: ئاگات لێ بێ زۆر سوژده ببه، چونکه تۆ هیچ سوژدەیەک نابەیت بۆ خودا ئیلا خودا بەهۆیەوه پلەیەک بەرزت دەکاتەوه و تاوانێك لەسەرت ڕەت دەکاتەوه).

هیچ کات بە بیرتاندا هاتووه کە نوێژخوێنی وا هەیە کە دزی دەکات لەناو نوێژەکەیدا، لەنێوان ڕکوعێك بۆ ڕکوعێکی تر، لەنێوان سوژدەیەك بۆ سوژدەیەکی تر؟ لە هەمووی سەیرتر کە بەدیدەکرێت لەم دزانە ئەوەیە کە ئەمانە دزی ناکەن لە خەڵکی تر، بەڵکو دزی لە خۆیان دەکەن.

– ((ما تَرَونَ فِي الشّارِبِ و الزّاني و السّارِقِ؟)) – ذلك قبل أنْ تُنزَّلَ فيهمُ الحُدودُ – قالُوا: اللهُ و رَسولهُ أعلَمُ، قالَ: ((هُنَّ فَواحِشُ و فِيهِنّ عُقُوبَة وأسوَأُ السَّرِقةِ الذي يَسرِقُ صَلاتَهُ)). قالُوا: وكَيفَ يَسرِقُ صَلاتَهُ؟ قالَ: ((لا يُتِمُّ رُكُوعَها ولا سُجُودَها)).{صححه الألباني في صحيح الترغيب، عن نعمان بن مرة }. واتە: (چی دەڵێن سەبارەت بە مەیخۆر و زیناکەر و دز؟ – ئەمە دیارە پێش هاتنە خوارەوەی سزای ئەمانە بووە – هاوەڵان وتیان: خودا و پێغەمبەری خودا باشتر دەزانن، فەرمووی: ئەوانە گوناهی ناشیرینن و سزا هەیە لەسەر یان، خراپترین دزییش دزیی ئەو کەسەیە کە نوێژەکەی دەدزێت. وتیان: چۆن نوێژەکەی دەدزێت؟ فەرمووی: سوژدە و ڕکوعەکانی تەواو ناکات).

بۆچی نا؟ باشە نوێژ بەخششی خودایی نییە و هاتۆتە خوارەوە بۆمان و (کتابًا موقوتًا) نییە و تیایدا دەستکەوتی ڕۆژانەمان ناگوێزێتەوە لە چەند کاتێکی دیاریکراودا هەموو ڕۆژێك چەند خودا بیەوێت لە خێر و چاکە بەهۆیانەوە دەخاتە سەر پەسمەندەی ڕۆژی دواییمان؟ بەڵام نوێژ لەلای زۆربەمان بۆتە ئامرازی بێ ئەرزش و کات بەفیڕۆدان، لەلای زۆربەمان ئەو نوێژە لە مافەوە بووە بە ئەرك، تەنها بریتیە لە جوڵاندنی ئەندامەکانی لاشە بەخێرایی و جوڵاندنی زمان بەخێرایی و گەشتنە کۆتایی نوێژەکە بەخێرایی.

– ((الصَّلاةُ ثَلاثَةُ أثْلاثٍ: الطُّهُورُ ثُلُثٌ، والرُّكُوعُ ثُلُثٌ، وَالسُّجُودُ ثُلُثٌ فَمَنْ أدَّاهَا بِحَقِّهَا قُبِلَتْ مِنْهُ وَقُبِلَ مِنْهُ سَائِرُ عَمَلِهِ وَمَنْ رُدَّتْ عَلَيْهِ صَلاتهُ رُدَّ عَلَيْهِ سَائِرُ عَمَلهُ)).

{صححه الألباني في صحيح الترغيب عن أبي هريرة} .

واتە: (نوێژ پێکهاتووە لە سێ بەش: پاك و خاوێنی بەشێکیەتی، چونە رکوع بەشێکی تریەتی، سوژدەبردنیش بەشێکی تریەتی، هەرکەس بەجوانیی مافی خۆی پێدا ئەوە لێی وەردەگیرێت و هەموو کردەوەکانی تریشی لێوەردەگیرێت، ئەوەی نوێژەکەی رەتکراوەیەوە بەسەریدا، ئەوە تەواوی کردەوەکانی تریشی رەتدەکرێتەوە).

ئەڵڵا، بڕوانە ئەگەر بۆ ڕکوع سێیەك هەبێت چی بۆ ئەوانیتر مایەوە کەواتە؟! ئایا تێبینیتان کردووە کە ڕکوع و سوژدە ئەو دوو جوڵەیەن لە نوێژدا کە فەرزکراون لەسەرمان، هیچ جوڵەیەکی تر نییە کە فەرزکرابێت بێجگە لەم دوانە؟ چونکە بە ڕاوەستان دەست پێدەکەین بەبێ جوڵە، کۆتایی پێدێنین بە دانیشتن بەبێ جوڵە، بۆیە لەنێوان ئەم دوو بێ جوڵییەدا تەنها دوو جوڵەی ڕکوع و سوژدەمان هەیە، تێبینیمان کردووە جەختکردنەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە هەردوو ڕکوع و سوژدەدا لەسەر کۆکردنەوەی ((جوڵە)) لەگەڵ ((بێدەنگیی))؟ بۆیە بەڕاستی دەبینین هەر جوڵەیەکمان لە نوێژدا لەگەڵیدا عیبادەتێکی کراوەی هاتووە کە پێویست دەکات لەسەرمان لە دوای وتنی هەڵوێستەکردن و ڕاوەستان و بێدەنگی و بیرکردنەوە.

بڕوانە کاتێك ئێمە (الله أكبر) دەڵێینەوە سروشتی کراوەییەکەی بە واتای بێدەنگیی و هەڵوێستە و بیرکردنەوەیەکی کەم دێت: خودا بە گەورەزانین لە چی؟

کاتێك ئێمە (سبحان ربي العظيم) و بەدوایدا (ربنا لك الحمد) دەڵێینەوە، دەبینین سروشتی کرانەوەیی هەردووکیان وەك پێشوو مانای بێدەنگیی و هەڵوێستە و بیرکردنەوەیەکی کەم دەهێنێ لە دواياندا: بە بێگەردی بزانین لە چی؟

لێرەوەیە کە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشی ڕکوع و سوژدە سێیەکی نوێژەکەیە، بۆیە ئامادەی بکە لە دەروونتدا هەر شتێك کە دەزانیت یارمەتیت دەدات لەسەر بیرهێنانەوە و ئامادەبوون و گەورەیی خودای گەورە لەگەڵ دوبارە وتنەوەی (سبحان ربي العظيم)، یان (سبحان ربي الأعلى)..

هەوڵبدە تەسبیحاتەکانی ناو نوێژەکەت و هەموو نوێژەکەت بکە بە پەرستش نەك بیکەیت بە عادەت.

ئەگەر وتنی (الله أكبر) فرسەتی تۆ بن بۆ خۆ بەئارامگرتن و بۆ ئەوەی خۆتی پێ بەهێز بکەیت لەسەر هەموو ئەو شتانەی ڕووبەڕووت دەبنەوە لە ژیاندا لە قورسایی و تەنگانەیی و وتنی (الحمد لله رب العالمين)، هەروەها (ربنا لك الحمد) فرسەتی تۆ بن بۆ بیرهێنانەوە و ئامادەکردنی دەروونیی بۆ نیعمەتەکانی خودا و فەزڵی لەسەرت، ئەوا (سبحان ربي العظيم) و (سبحان ربي الأعلى) فرسەتی تۆن بۆ (وردبوونەوە) بۆ (بیرکردنەوە) لە گەورەیی خودا و دروستکەریی و داهێنانی.

بۆیە سوود لە نوێژەکەت وەربگرە بۆ دونیا و دوارۆژت، لەوانەبە کە کاتێك سوژدە دەبەن و دەمەکانیان ڕوو لە پاك و بێگەردیی خودای گەورە دەکەن و لەگەڵیدا لاشە و ئەندامەکانیان و لەش و ئەقڵ و دڵیان سوژدە دەبەن و تەسبیحات دەکەن.

کلیلی سووری (٣)

التحیات لله – سلاّوی ڕێــزدارانه بۆ خودا

ئایا بەتەواوی هەستت بە مانای سلاّوی ڕێزدارانە کردووە لە زاتی خودای گەورە؟ بەهای ئەوەت هەست پێکردووە کاتێك تۆ بەدانیشتنەوە لەبەردەم خوادا و ئەو لەسەر عەرشەوە سەیرت دەکات لە کۆتا مەقامی خوداییەوە کە بەهەشتیش لەوێیە دەڕوانێتە تۆ کە دانیشتوی؟ ئایا بەهای ئەوەت زانیوە کە لەو کاتەدا تۆ پێی دەلێیت: التحیات لله – سلاّوی پڕ ڕێز و شکۆمەندیت لێ بێت خوایە؟

ئەو هەنگاوانەی پێش تەحییات ناوتن هەموویان چەند قۆناغێکی ئامادەکاری بوون بۆ یارمەتیدانت لەسەر بردنەوەی ئەم ساتە گەورەیە، بۆ بەخشینی وزەیەکی ڕۆحی تەواو بووە کە بتوانێت ئەو هەموو ڕێگە و بەرگە گەردوونیە ناکۆتاییانەت پێ ڕاوبکات، بۆ ئەوەی ئامادەت بکات بۆ ئەو ڕاوەستانە نائاساییە، ئەو پاداشتە نائاساییە کە بریتیە لە: سەلام و ڕێزنواندن بۆ خودای گەورە.

ئەرێ چ هەڵوێستێکی گەورەیە نەفس و دەروونی خۆتی تێدایە کە لەو چرکەساتەدا بژیت بەتەواوی ڕەهەندەکانیەوە، هەستبکەی کە تۆ بەڕاستی سلاّوی ڕێز دەنوێنیت بۆ خودا و قسەی لەگەڵ دەکەیت، بەم شێوەیە و لەسەر هێڵی گەرم و بەبێ سیم و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەبێ نێوەندگیری و واستە؟! خوا گەورەتر و بەڕێزترە... خوا گەورەتر و بەڕێزترە.

ئێمە لە نزای (التحیات)دا لەبەردەم چوار سلاّوی ڕێزدارانەی گەورە و جۆراوجۆرداین نەك یەك دانە. ئەوەتا لە سەرەتادا ئێمە لەبەردەم بونیاتنەری گەورەماندایین و سەلامی ڕێزدارانەی ئاڕاستە دەکەین، ئەو سلاّوە زۆر تایبەتە، ئەو چێژە ناوازەیە، کە تایبەتە بە خودای گەورە بەتەنها (التحیات لله)، پاشان ئێمە ئەوەتاین لەگەڵ پێغەمبەرە بەخشندەکەی خوادایین (دروودی خودای لەسەر) سلاّوی ڕێزدارانەی لێدەکەین کە بەدوای ئەو کۆمەڵە سلاّوە بۆنخۆشانەدا دێت و

دەڵێین: (السلام عليك أيها النبي) سڵاوی شکۆمەندانەت لێ بێت ئەی پێغەمبەر، پاشان لێرەدا، لێرەدا و بەس، دەست دەکەین بە وەرگرتنی خەڵاتە گەورەکە، ئەو کاتەی کە سڵاوی سێیەم لەو چەپکە سڵاوە سەرسوڕهێنەرە لە خۆمان دەکەین (السلام علينا)، ئەمانە هەمووی پێش ئەوەی کۆتایی بەو قافڵە پیرۆزە بێنین لە سڵاوکردن، ئەویش بە ئەنجامدانی سڵاوی چوارەم لەسەر (بەندە خوداییە پیاوچاکەکان).

لە نێوان ئەم چوار سڵاوە رێزدارانەدا چەندین (ناوچەی سەوز) هەن، وەك پێشتر باسمانکرد، ئەمانە چەند پێکهاتەیەکی زمانەوانی زۆر گرنگن لە نوێژدا، چونکە ئەمانە چەند ناوچەیەکی زمانەوانی یەك لە دوای یەکی تەپ و پاراومان بۆ دەستەبەر دەکات، کە بەدوای شوێنە زمانەوانییە سەرەکییە سورەکاندا دێن، بەشێوەیەك ئەم مەسافە کاتیانەی کە لە وتنەوەی ئەم شوێنە یەك لە دوای یەکە تەپ و پاراوانەدا دەیخایەنێت رێگە خۆشدەکەن بۆ بەچاکیی تێگەشتنی تەواوی مانای شوێنە سەرەکیە سورەکان و ئامادەکردنی وێنا جوانەکان و ئاماژەکانیان.

ئەگەر بیهێنینە پێش چاومان، (التحيات) بەشێوەی ئیقاعێکی زمانەوانی خێرا و یەك لە دوای یەك و شێوەی بەتاڵ لە کەلێنی کاتی شوێنە زمانەوانییە زیادە سەوزەکان، تەحییات بخوێنین دەڵێین: (التحيات لله السلام على النبي، وعلينا، وعلى الصالحين)، یان خێراتر وەك: (التحيات لله ولرسوله ولنا وللصالحين).

بڕوانە ئەم دوو دەربڕینە خێرایە پێشنیازکراوە هیچ شتێکیان لە مانا سەرەکییەکە لانەبردووە، بەڵام زۆرێك لە ڕەهەندەکانی و ماناکانی و خەیاڵات (أطياف)ەکانی دەقە تەواوەکەی تەحیات لەدەست داوە.

ئەم رێگە پڕ کەموکورتی و پچڕاوەی ئێمە هیچ کاتێکی پێویست بۆ [illegible] ناهێڵێتەوە لەدوا سەلامکردنی لە خودای گەورە: (التحيات لله) بۆ [illegible] رێگەیەوە هەست بە تام و چێژی ئەو ساتەوەختە نائاسایە بکات [illegible]

گەورەییەکەی ورد بێتەوە، بەشێوەیەك کە کاتی پێویستی هەبێت بۆ هەستکردن بە داڕژانی ڕەحمەت و بەرەکەتی خودایی بەشێوەیەك کە بێتە خوارێ بەسەریدا لە تەپڵەسەریەوە هەتا بنی پێی بشواتەوە، وەك وەڵامدانەوەیەکی خێرای خودایی بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە سڵاوەی لێدەکەن، ویستی خودایی وەهایە کە سەلامی مرۆڤەکان لێی لە نوێژەکاندا دووردرێژ بێت، سەوز و پڕ و گەشەدار بێت، گەڕێك یان دوو گەڕ، یان زیاتر بەردەوام بێت، کۆتایی وشەکان یارمەتیت دەدەن لەسەر ئەو سوکناییە بەشێوەیەك بە دڵنیارامییەوە وشەکە زیاتر درێژ دەکەیتەوە بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بەسەر بەریت لەگەڵ ئەو هەستە بەتام و چێژەی ملکەچی و خواپەرستیە

((التحيات... لله... والصلاوات... الطيبات... الزاكيات... المباركات)).

هەموو ئەمانەی باسمانکرد جێبەجێ دەبێت بەسەر ئەو سڵاوەی کە بەدوایدا دێت کە دەمانەوێت بیکەین لەسەر پێغەمبەری خودا (درووی خودای لەسەر): (السلام عليك أيها النَّبيُّ).

کاتێك سڵاو لە خۆشەویستترین کەس لەلای خودا و لە خۆشەویستترین کەس لەلای ئێمە دەکەی، هەست بە دوو چێژ دەکەیت، بۆیە هەوڵبدە کەمتەرخەم نەبی لە هیچیاندا، هەوڵ بدە کاتێکی تەواو بدە بە دەروونت کە ئەم هەڵوێستەیە جێنەهێڵێت بەبێ ئەوەی چێژ لە هەردووکیان وەربگرێت و تامیان بکات و لەشی خاو بێتەوە پێیان، ئەو دوو چێژەش:

١- چێژی سەلامکردن لە پێغەمبەری خودا، وەك ئەوەی کە لەبەردەمت بێت، لەدوای ئەوەی کە هەر ئێستا چوپتەدەر لە سەلامکردن لە خودا وەك ئەوەی لەبەردەمتدا بوبێت، لەگەڵ لەزەتی ئەوەی کە یەقینت هەیە کە گوێی لێتە کە سەلامی لێ دەکەیت.

٢- چێژی هەستکردن بە وەڵامدانەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، بەتایبەت کە تۆ دڵنیایت کە خودا ژیانی پێدەبەخشێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی تۆ بداتەوە.

- "ما مِن أحَدٍ يُسلِّم عَليَ إلا ردَّ اللهُ عَلَيَ رُوحِي حَتى أرُدَّ عَلَيْهِ السَّلام" {رواه ابن تيمية في مجموع الفتاوى والنووي عن أبي هريرة}.

بەڵام سەیرتر و تازەتر و بەچێژتر لەمانە ئەوەیە کە بزانین خودای گەورە هاوبەشیی دەکات لەگەڵ پێغەمبەر لەم وەڵامە بەڕێزەدا بەوەی کە بە چەند قات سڵاوت بۆ دەنێرێت لە پاداشتی سەلامکردنەکەت لە پێغەمبەر.

- ((أكثِروا الصَّلاةَ عَليَّ يَومَ الجُمُعَة فَإنَّهُ أتاني جِبريلُ آنِفًا عَن ربِّه - عز وجل - فَقالَ ما عَلى الأرضِ مِنْ مُسلِمٍ يُصلِّي عَلَيكَ مَرَّةً واحِدَةً إلاّ صَلَّيتُ أنا وَمَلائِكَتِي عَلَيْهِ عَشرًا)). {حسنه الألباني في صحيح الترغيب، عن أنس بن مالك}.

الله.. چ سەلامێکە! چ پاداشتێکە!: دەتوانین بە خەیاڵ و ئەندێشەمان تا خەیاڵدانمان بڕ دەکات بەهای ئەوە بێنینە بەرچاومان کە خودای گەورە سەلاممان لێ بکات؟ پاشان بەهای ئەوەی ملیۆنان مەلائیکە سەلاممان لێ بکەن بە فەرمانی خودا؟ یەکجاریش نا، بەڵکو دەیان جاری یەک لەدوای یەک و بەردەوام، ئەم سەلامە پیرۆزانە دووبارە دەبنەوە هەموو جارێک کە سەلامەکانت دووبارە دەبنەوە لەسەر پێغەمبەری خودا لەکاتی تەحیاتدا و لەدەرەوەی تەحیات؟

کلیلی سووری ژمارە (٤)

السلام علینا وعلی عباد الله الصالحین

سەلام لە سەر ئێمە و بەندە چاکەکان

ئەم سەلامکردنە بەتەنها سەلامکردن نییە، بەڵکو ڕەمزی ئەو خەڵاتە گەورەیەیە کە پێتبەخشراوە لەبەرامبەر چوونت بۆلای خودای گەورە. لەکاتی سەردانی کردنت بۆلای سەرۆك یان پاشا دەبینیت لەکاتی خواحافیزی لەلای دەرگاکەدا خەڵاتێکی سەرۆکانە یان پاشایانەی شایستەت بۆ دانراوە کە عادەت وایە دەدرێت بەو کەسانەی کە دێنە سەردانی پاشا و سەرۆکەکان. لەبەرئەوەی پاشایانە یان سەرۆکانەیە دیاریەکی ئاسایی نییە، بەڵکو دیاریەکی شایستەیە بە پێگەی پاشا یان سەرۆك.

باشە دەبێت بەدیهێنەری تەواوی پاشا و سەرۆکەکان و بەدیهێنەری زەوی و ئاسمان دیاریەکەی چی بێت کاتێك یەکێك دەچێت بۆ سەلامکردن لێی؟ بەڕاستی پێویستە گەورەتر و بەقەدرتر بێت لەوەی چاوەڕوان دەکرێت.. ئەو دیاریە ملیاران ملیارە لە خەڵات، ئەم خەڵاتانەت پێ دەگات بە قەدەر ژمارەی دروستکراوەکانی خودا لە بەندە چاکەکان لە ئاسمان و زەوی لەو ڕۆژەوە کە ئادەم دروست کراوە هەتا ڕۆژی زیندوبوونەوە، ئەمە ئەگەر بڵێین یەك چاکە یان چەند چاکەیەك بۆ مرۆڤ هەیە لە بری هەر سەلامێك کە دەیکات لە یەکێك لە بەندەکانی خودا، وەك پێغەمبەری خودا بەڵێنی پێداوین:

– ((مَنْ قالَ: السَّلامُ عَلَيكُم كُتِبَتْ لَهُ عَشْرُ حَسناتٍ ومَنْ قالَ: السَّلامُ عَلَيكُم ورَحمةُ اللهِ، كُتِبَتْ لَهُ عُشرونَ حَسنةً، وَمَن قالَ: السَّلامُ عَلَيكُمْ ورَحْمةُ اللهِ وبَرَكاتُهُ، كُتِبَتْ لَهُ ثَلاثُونَ حَسنَة)). {صححه الألبانی في صحيح الترغيب، عن سهيل بن ضيف}.

کاتێك تۆ ئەم سلاوە چەندقاتە لە نوێژەکەتدا دووبارە دەکەیتەوە پێویستە بزانیت کە لەو کاتەدا پاداشتی چەندقات دەرژێ بەسەرتدا، بەم شێوەیە:

١- پاداشتی رێزدارانەی ئامادەیی سلاوی خودایی بێکۆتا، هەستپێکردنی ڕۆانی بەسەرتدا و بەسەر کەسوکارتدا و بەسەر خۆشەویستاندا (السلام علینا)، بۆیە دەتشواتەوە و دەیانشواتەوە بە سلاوی خوایی و سۆز و میهرەبانی و دڵدامەزران و سەلامەتی.

٢- پاداشتی رێزدارانەی ئامادەیی ئەم هەموو چاکە بێکۆتاییە و هەستکردن بەو ساتەوەختەی کە دەڕۆیت بەسەرتدا بەخێرایی و داتدەپۆشێت بەئارامی و ئەمینی لە تەپڵی سەرتەوە هەتا بنە پێت، لە پاداشتی سەلامکردنت لەم هەموو ژمارە زۆرە بێ کۆتاییەی مسوڵمانان لە (بەندە چاکەکان- عباد الله الصالحین).

جارێکی تر دەبێ ئەوە بیربێنینەوە کە سلاوکردن تەنها لەسەر خۆت نەبووە، ئەم سلاوە لەگەڵ راناوی (علینا)دا هاتووە، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان ئەوەی کە سلاو لەخۆت بکەیت بەتەنها و سلاو لەهەموو ئەوانە بکەیت کە لە چواردەورتن لە خۆشەویستانت و لە خزمە نزیك و دورەکانت و هەموو مسوڵمانان، پاشان لەسەر ئەو وەچەو ڕەچەڵەکە زۆرانەی کە نازمێردرێن لە بەندە چاکەکانی خودا لەسەر زەوی و لە ئاسمان و لە نێوانیاندا، لە بری هەر یەکێکیشیان خەلاتێکت بدرێت.

لە کۆتایشدا (تەحیات)ەکەت بخوێنە و صلاواتدانی ئیبراهیمی بخوێنە بەشێوەیەك کە وەرگر و بەخشندە بیت، چونکە تۆ لە نوێژەکانتدا بەس نابەخشیت بەڵکو وەریش دەگریت، بەڵکو دەبێ دڵنیابیت کە تۆ لە بری هەر وشەیەك کە دەیڵێیت ڕاستەوخۆ لەدوای وتنی خێرەکەیت بۆ دەنووسرێت و پاداشتەکەی وەردەگریت. بۆیە ئەو ڕستانە بخوێنە کە باسی بەخشینی تێدایە و هەڵوێستەیەك

بکە بۆ ئەوەی پاداشتی ئەو پستە و بەخشینە وەربگریت، بۆیە بەم شێوەیە پستەکان بخوێنەوە، بەم شێوەیە پاداشتەکانی وەربگرە.

ئێستا لەدوای ئەو هەموو شتانەی باسمان کردن لەبارەی نوێژەوە، هەر وا دەزانی کاتێك هەڵدەستی بۆ نوێژکردن کە تۆ بەرەو جێبەجێکردی ئەرکێك دەڕۆیت و لەسەر شانی لادەبەیت؟ یان بەشێوەیەك هەنگاو دەنێیت بۆ ئەنجامدانیان کە خەڵاتێکی زۆر گەورە وەردەگریت کە گەورەترە لە هەموو خەڵاتە دونیاییەکان و مافێکە لە هەموو مافەکان گەورەتر؟ بۆیە ئەگەر دەرنەچیت لە نوێژەکەت بەشێوەیەك کە وا هەست بکەیت کە تازە لەدایکبوویتەوە، ئەوە بزانە خێرێکی زۆرت لەدەستداوە.

لەگەڵ دانیشتنێك بۆ دوعا و وێردەکان

دوعاکردن جۆرێکی سادەیە لە جۆرەکانی نوێژ خوێندن، ڕۆحی نوێژی تێدایە، بەڵام چوارچێوە فەرمییەکان و یاسا و ڕێسا و ئامادەسازی و هەڵسوکەوت و کاتە دیاریکراوەکانی ئەوی نیە، چونکە دوعا جۆرێکە لە نوێژ خوێندنی ئازاد و ئاسان لەڕووی هەڵگرتن و گواستنەوەوە (وەك مۆبایل) کە لە پڕ لە هەرکاتێکدا بێت و لە هەر شوێنێك بێت هیچ ئیحراجییەك نابینی لە جێبەجێکردنی هەر کاتێك بانگت بکات، لەهەر هەڵوێستێك خۆتی تێدا ببینیتەوە.

لێرەدا دەمەوێ سوود لە دیاردەیەکی زمانەوانی وەربگرم لەلای ئینگلیز، دەبینین جیاوازی ناکەن لەنێوان دوعا و نوێژ بۆ هەردووکیان وشەی (pray) بەکاردەهێنن، لەم تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنەدا ئاماژەیەکی زمانەوانی زیرەکانە هەیە، ئەویش ئەوەیە مادام گوتارەکە لە داڕشتن و پێکهاتەکەیدا ڕووکردنە خودای گەورەیە ئەوە بەشێکە لە بەشەکانی نوێژ ڕەنگە پەیوەستبوونی ئەم دوو وشەیە ئەوەشمان بۆ ڕاڤە بکات کە زمانی ئەو دوعا و پاڕانەوانەی کە سابت بوون لە

پێغەمبەرەوە کە ڕوی پێکردوونەتە خودای گەورە زۆر جیاواز بێت لە زمانی ئەو فەرموودانەی کە ڕوی پێ کردونەتە خەڵک.

زمانی دوعاکانی پێغەمبەر تایبەتمەندی خۆی هەیە پێی جیادەکرێتەوە لە ڕووی ڕەوانبێژی و جوانیی و ئیقاع و سۆزداری و کارگەرییەوە کە ئەو کەسانەی تام و چێژ لەم بابەتانە وەردەگرن وردەبنەوە و هەستی پێدەکەن و ئەوانەی کار لە سەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دەکەن لە ڕووی پراکتیکیەوە شێوازەکانی زمانی عەرەبی و نهێنییە ڕەوانبێژییەکان درک پێدەکەن. ئەم جۆرە زمانەی دوعاکان کە بەم شێوەیە تایبەتمەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی فەرمودەکانی تر کە بەشێوەیەکی سادە وتراوە، لەگەڵ جەختکردنەوەمان لەسەر جوانیی زمانی فەرموودەکان و بالأییان لەسەر شێوازی هەموو کتێب و نوسراوێکی عەرەبی تر، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هەموو ڕەخنەگرێی پا پەسەند دەتوانێت جیاوازیی بکات لەنێوان زمانی فەرموودەی قودسی و زمانی فەرمووده ئاساییەکانی تر.

بەڕاستی لە زمانی دوعاکان و نەرمی ئیقاکەیاندا هەست بە دستێکی ڕۆحانی دەکەین، وەک ئەوەی ئاسمان هاوکاری کردبێت لە دارشتنیان وەک فەرمووده قودسیەکان بەم شێوەیەن. پێغەمبەری خودا زۆر جەختی کردۆتەوە لە هاوەڵانی لەسەر وتنەوەی دوعاکان وشە بە وشە لەدوایەوە و فێرکردنیان، ئاگاداری کردوونەتەوە لەسەر پارێزگاری کردن لەسەر وشەکانیان و دارشتنەکەیان بەبێ دەستکاری و گۆرانکاری. گوێبگرە چۆن ئەوکەسە ڕاستەکاتەوە کە لە جێی وشەی (الرسول) (النبي) داناوە لەگەڵ ئەوی کە هەردوکیان ئاماژەن بە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر):

- عَنِ البَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ((إِذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ، فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلاَةِ، ثُمَّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقِّكَ الأَيْمَنِ، ثُمَّ قُلْ: اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لاَ

مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ، اللَّهُمَّ آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ، فَإِنْ مُتَّ مِنْ لَيْلَتِكَ، فَأَنْتَ عَلَى الفِطْرَةِ، وَاجْعَلْهُنَّ آخِرَ مَا تَتَكَلَّمُ بِهِ)). قَالَ: فَرَدَّدْتُهَا عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَلَمَّا بَلَغْتُ: اللَّهُمَّ آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، قُلْتُ: وَرَسُولِكَ، قَالَ: ((لاَ، وَنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ)) *{رواه الشيخان}* .

واتە: (لە بەرائی کوری عازیبەوە فەرمویەتی: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: (ئەگەر ویستت بێیتە سەرجێگای خەوتنت دەستنوێژێك هەڵبگرە وەك ئەو دەستنوێژەی کە بۆ نوێژەکانت هەڵیدەگریت، پاشان لەسەر لای راست رابکشێ و بڵێ: خودایە رووی خۆم تەسلیم بەتۆ کرد و کاروباری خۆم تەسلیم بەتۆ کرد و پشتم بەتۆ بەست، لەبەر حەز و ترسی خۆم لەتۆ، پەنا و نەجاتبونی تر نییە لەتۆ تەنها بۆ لای تۆ نەبێت خودایە باوەڕم هێنا بە کتێبەکەی تۆ کە ناردوتەتە خوارەوە و بە پێغەمبەرەکەت کە رەوانەت کردووە. ئەگەر ئەو شەوە مردیت ئەوە لەسەر فیترەت مردوویت و هەوڵ بدە کە ئەمانە کۆتا قسەکانت بێت). بەرائی کوری عازب دەڵی: بۆ پێغەمبەرم خوێندەوە بزانم لەبەرمە، کاتێك کە گەیشتمە ئەو دەربڕینەی (وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ) لەجیاتی (ونبيّك) وتم (ورسولك) وتی: "نا بەراستی بیخوێنەرەوە بڵێ (وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ)" نەك (ورسولك).

پەسەندە – الرصيد

دەبێ هیچ یەکێك لە ئێمە کاتێك کە لە نوێژەکەی تەواو بوو هەوڵی دابێت قەڵەم بە دەستەوە بگرێت و دەستبکات بە هەندێك ژماردن و ژمارەی ئەو چرکەساتانە تۆمار بکات کە هەستی بەوە کردووە کە بەڕاستی ئاخاوتنی کردووە لەگەڵ خودادا، لە نوێژەکەیدا هەستیکردوە کە جۆرە پەیوەندییەك دروستبووە، دڵ خورپەیکردوە و لەش لەرزیوە ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت، ئەگەر چرکەیەکیشی

خایاندبێت یان بەشێك لە چرکەیەك، بەشێوەیەك لە کۆتایدا بتوانێت ئەم چرکەساتانە ئەژمار بکات، پاشان ڕێژەکە دیاری بکات ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی مرۆڤانەش نەبێت، ئەوەندەی دەستی کەوتوە لە پەسمەندە لەو نوێژەیدا ببژێرێن بەپێی ئەو خشتەیەی کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پێشکەشی کردوین:

– عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: ((إِنَّ الرَّجُلَ لَيَنْصَرِفُ وَمَا كُتِبَ لَهُ إِلَّا عُشْرُ صَلَاتِهِ تُسْعُهَا ثُمُنُهَا سُبُعُهَا سُدُسُهَا خُمُسُهَا رُبُعُهَا ثُلُثُهَا نِصْفُهَا)) *{رواه أبو داود والنسائي و صححه الألباني عن عمار بن ياسر}* .

واتە: (لە عەممارى کوڕی یاسرەوە دەفەرمێ: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو (دروودی خودای لەسەر) دەیفەرموو: (پیاو لەنوێژ دەبێتەوە کەچی جاری وا هەیە تەنها دەیەکی نوێژەکەی بۆ نوسراوە، یان نۆیەکی یان هەشتیەکی یان حەوتیەکی یان شەشیەکی یان پێنجیەکی یان چواریەکی یان سێیەکی یان نیوەی).

هەوڵبدە لە نوێژەکەت دەرنەچیت بەبێ هەستکردن یان دەرکەوتنی یەکێك یان زیاتر لەو ڕێژانە تیایدا، ئەگەر لە ڕکاتی یەکەمدا لەکیست چوو هەوڵبدە لە ڕکاتی دووەم ئەگەرنا سێیەم ئەگەر هەر نەتتوانی چوارەم، ئەگەر لە سوننەتەکان سەرکەوتوو نەبووی هەوڵبدە لە فەرزەکاندا، ئەگەر لە نوێژی بەیانی نەکرا هەوڵبدە لە نوێژی نیوەڕۆدا ئەگەرنا عەسر ئەگەرنا مەغریب ئەگەر نا نوێژی عیشا، بەشێوەیەك ڕۆژێك تێنەپەڕێت بێ ئەوەی بگریت لە یەکێك لە نوێژەکانتدا فەرز بان سوننەت بەلایەنی کەمەوە، یان ڕابچڵەکیت و بلەرزیت یان دڵت خورپەبکات لە هەندێکاندا، یان هەستبکەیت بە لەزەتی پەیوەندیبەستن لەگەڵ خودای گەورەدا ئەمە کەمترین ڕێژەی ئیمانە، ئەگەر زیاترت کرد ئەوە زۆر باشە، چەندبار زانراوە وابکەیت دەستکەوتی زۆر کۆبکەیتەوە و قازانجی زۆر بەدەست بهێنیت. هەر لە [illegible] بەدیبهێنیت و بیخەیتە پەسمەندەی قیامەتی خۆتەوە. زۆرجار هاوڕێ [illegible]

گەورەکان بانگەشە بۆ خەلآتی بەنرخ دەکەن بۆ کڕینی کالآکانیان، بۆ بەدەست هێنانی ئەو خەلآتە فۆڕمێك پڕبکەنەوە پێش چوونەدەریان، ناو و ژمارەی تەلەفون و ناونیشانی کڕیارەکانیانی تێدا تۆمارەدەکەن بۆ ئەوەی کە خەلآتەکەیان بۆ دەرچوو ئاگادار بکرێنەوە. تۆش لە نوێژدا لە مارکێت و کۆگای ئیلاهیدای (خوای گەورە شایستەی نمونەی بەرزتر و بالآترە– ولله المثل الأعلی)، تیایدا چەندین فۆرمی خەلآتی گرانبەها پڕدەکەیتەوە کە هەر یەکەیان خەلآتێکی تایبەتی تێدایە. جیاوازیشیان لەگەڵ خەلآتی کۆگاکان ئەوەیە کە لە کۆگای خوایدا تۆ لە کۆتایدا تەنها یەك خەلآتت بە نسیب نابێت بەڵکو هەموو خەلآتەکانت بۆ زامن کراوە لە سەدا سەد، بەڵآم بەو مەرجەی کە فۆرمەکانت بەشێوەیەکی دروست پڕکردبێتەوە بێ کەم و زۆر.

بەنوێژکردن تۆ بەرەو ڕوی گەورەترین پڕۆژە وەبەرهێنانەکان دەچیت لە ڕوی قازانج و پاراستنی قازانجەکان بەڕەهایی، لەگەڵ کەمترین خەرجی. ئەم پڕۆژە بازرگانییە گەورەیە کەمترین دەستمایەی دەوێت کە نزیك دەبێتەوە لە سفر. تۆ لە زەکاتدا پێویستیت بە دەفع کردنی ٢.٥٪ ی پارەکەت هەیە بەلایەنی کەمەوە، لە حەجدا پێویستیت بە بودجەیەکی قەبە هەیە کە گاڵتەی پێ ناکرێ بۆ سەفەر و مانەوە و شتی تر، لە ڕۆژوودا پێویستە دەم بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە و زۆرێك لە شتە حەلآلەکانی تر، بێجگە لە دانی سەرفترە لە کۆتاییدا. بەڵآم نوێژ کەمترین تێچووی هەیە تێچووەکەی زیاتر نییە لەو ئاوەی کە بەکاری دەبەیت لە دەستنوێژدا و ئەو کاتە کەمەی کە بەسەری دەبەیت لە نوێژکردندا. ئەمە هەموویەتی نە رسوماتی زیادە و نە باج.. لەبەرامبەریشدا: چەندین قازانجی قەبە کە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەرحسابەکەت، تەنانەت هەندێکی بە دەستی وەردەگری پێش چوونەدەرت لە نوێژ: ئاوەدانی دڵ، لەشساخی و ئارامی و زهن سافی و هەستکردن بەوەی کە تازە لەدایکبوویت، ئەم قازانجانە لە دوای نوێژ هەست

پێدەکەیت، لەکاتێکدا بەشێك لە قازانجەکەت دەپێچرێتەوە لە چەند سندووقێکی جواندا دەنێردرێت بۆ ناونیشانەکەت، جا یان لە دنیادا بەوەی: بەرەکەت و سەلامەتیی و پشتیوانیی و قبوڵبوونی دوعا جیا جاکانت بۆ دەستەبەر دەبن، یان دەنێردرێت بۆ ناونیشانی دواڕۆژت: بەوەی هەرچی گوناهی ڕابردوو دەسڕێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی لە ژمارە نەهاتوو لە چاکە دەخرێتە سەر پەسمەندەکەت لەوێدا.

باشە پڕۆژەیەکی بەم شێوەیە شایستەی ئەوە نییە کە دەفتەرێکی ژمێریاری بۆ دابنێین بۆ تۆمارکردنی قازانج و زەرەر؟ زەرەریش لێرەدا مەبەست لەو زەرەرانە نییە کە ئێمە دەیزانین، چونکە مەبەست کەمکردنی سەرمایەکە نییە، بەڵکو مەبەست کەمکردنی ڕێژەی قازانجە کە دەکرا بەدەستی بهێنین و بیدەینە پاڵ سەرمایەکانمان، بەدڵنیاییەوە سەرمایەکانمان لە خراپترین حاڵەتدا سەلامەت و تەواو دەبێت لە نوێژەکانماندا و دەستی کەمکردن و زەرەریان پێناگات مەگەر خوانەخواستە نوێژەکانمان بە دووڕوویی و هەڵخەلاتاندن و ڕوپامایی بکەین.

بناغە لەسەر ئەم تێگەشتنە وەبەرهێنانە تازەیە بۆ حسێبکردنی قازانج و زەرەر، ئایا دەتوانن هەندێك گریمانەی ماقول بکەن بۆ ئەو قازانجانەی کە توانیوتانە بەدەستی بهێنن لە کۆتایی هەر نوێژێکدا؟ هەروەها تەقدیرکردنی ئەو قازانجانەی کە لە دەستتان چوون لە جەنجاڵیی و قەرەباڵخیی و سەرقاڵیی زهنتاندا کە ڕەنگە زاڵبووبێت بەسەرتاندا و توند گرتبنی دوور لە نوێژەکانتان بۆ چەند ساتێك؟

خشتەی ئەوەی دەستتکەوتون لە گەوهەرەکانی نوێژ

لەبیر نەکەیت لەسەرەتادا، کاتێك دەست دەکەیت بە چاوپیاخشاندنەوەی کاری ژمێریاریی نوێژەکانت کە بگەڕێیەوە بۆ ئەو هێلانەی کە دیاریمان کردن بۆ نوێژ، بۆئەوەی بزانی چەند پەیوەست بوویت بە هەریەك لەو هێلانەوە کە لە هێلی زەمەن، هێلی زمان، هێلی جەستە، هێلی دڵ، هێلی کردەوەکان لە بیر نەکەیت لە کاتی ئەم چاو پیاخشاندنەدا ڕەچاوی ئەو ساتانە بکەیت کە لە نوێژدا سەرفت کردوون، بۆیە ئەگەر لە دوو ڕکات بوویتەوە لە دوو یان سێ خولەکدا ئەوە بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکەرەوە، چونکە نوێژەکانت تەنها بەشی ئەو حەرفانەی کردووە کە خوێندووتن و هەناسەی نەبووە لە نێوانیاندا تا لە مانای ئەو وشانە تێبگەیت، هەناسەت نەداوە بۆ وەرگرتن و تێگەشتنی تەواو بۆ بەرجەستەکردنی جوڵەی چوار هێڵەکەی تر.

پێویستە هەموو موسوڵمانێك کێشانەیەك بۆ خۆی دابنێت کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەو نمرانەی پێ دیاری بکات کە دەکرێ بەدەستی هێنابن لەدوای هەر نوێژێك، ئەو هەر بۆ خۆی دەزانێت نوێژەکەی چۆن بووە، هەر لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەم کێشە مرۆڤانە سەرەتاییە دەکەم کە ئامۆژگاری خۆم و ئێوە دەکەم کە پشتی پێببەستن و ژمارەنەکانتان و پێوانەکانتانی لەسەر بنیات بنێن بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی هەر نوێژێك لە دوای تەواوکردنی، ئەگەرچی ڕێژەی بەرهەمی کۆتایی نوێژەکانمان کەس بەتەواوی نایزانێت و بەدروستی نایکێشێت بە کێشانەی ڕاست و دروست تەنها زانا و شارەزا و کارامەکە بەم نوێژە ڕێنماییمان دەکات بۆ لای خۆی:

١- ئایا هەستم کردووە لەکاتێکدا دەستەکانم بەرز دەکەمەوە بۆ (الله أكبر)ی چوونە ناو نوێژەوە کە واجبە لە هەموو شتێك هێنا لەدوای خۆم و چوومە ناو جیهانێکی بەرزتر کە پەیوەندی بە جیهانی زەوییەوە نییە؟

٢- چەندجار (الله أكبر) توانیویەتی کە لاشەم ڕزگار بکات لە پەرت و بڵاوی و بێئاگاییم لە نوێژدا، بابەتێك لە زهنم دەربکات کە خەریکە بێ ئاگام دەکات لە جیهانە نوێیەکەم کە تازە چومەتە ناویەوە، بەهۆیەوە بەرز بوومەتەوە زۆر بەرز و دوور لە شتە بێهودەکانی دنیا و مەشغوڵکەرەکانی، چونکە من ئێستا لەگەڵ (الله أكبر – لەهەموو شت گەورەتر)دام.

٣- چەندجار وشەی (الرحمن) توانیویەتی بمشواتەوە بە نوری خۆی بەشێوەیەکی ئاسۆیی (لە ئاسمانەوە بە تازەیی باریوە بەسەرمدا)؟ چەندجار وشەی (الرحيم) توانیویەتی بەستوونی بمشواتەوە (واتە بەشێوەی ڕەحمەتێکی بێکۆتایی لەسەرەتای دنیاوە هەتاهەتایە) بەشێوەیەك ئەم پاککردنەوەیە هەموو لاشە و ڕۆحم بەیەکەوە بگرێتەوە؟

٤- چەند دەربڕینی قورئانیم خوێندۆتەوە لە فاتیحەدا لە شێوەی (الحمد لله – رب العالمين – مالك يوم الدين – إياك نعبد) هەستم بە ماناکانی کردووە لە ناخمدا، لە ناخمدا هەستم بەگەورەیی خودا کردووە کە لەبەردەممدایە، و هەستم بەگۆڕانی شتێك دەکرد لە ناخمدا لەکاتی خوێندنەوەیان؟

٥- چەند دەربڕینی قورئانیی یان ئایەتی قورئانیم خوێند لە فاتیحە و ئەوانەی دوای فاتیحە لە ئایەتە قورئانییەکان، کاتی پێویستی سەوزم پێدا بۆ ئەوەی دەستیان پێوە بگرم و لەدەستیان نەدەم و بیر لە ماناکەی بکەمەوە و وردببمەوە لێی؟

٦- لەکاتی خوێندنی (اهدنا الصراط المستقيم) ئایا خێزان و خزم و هاوڕێ موسوڵمان و نا موسوڵمانەکان، دوژمنەکانم موسوڵمان و ناموسوڵمانەکانم لەبیر بووە بۆئەوەی ئەم دوعا پیرۆزە بیانگرێتەوە بۆ ئەوەی هیدایەتیان بدات؟ ئایا هەستم بە چێژی خەڵاتی ڕاستەوخۆ کردۆتەوە کە دەبارێت بەسەرمدا لە پاداشتی

پاکی دڵ و دەروونم لە بەرامبەریان و داوای بارینی هیدایەت بەسەریاندا لە خودای گەورە یان ڕێنموییان بۆ ڕێگای ڕاست؟

٧- چەندجار هەوڵمداوە لە دەروونمدا ئەو بۆشاییە سەوزە ئیفترازیەی دوای (الله أكبر) و دوای هەر زیکرێك لە زیکرەکانی ڕکوع و سوجدە پڕ بکەمەوە؟ چەند چرکەی سەوز مافم بە نەفسی خۆم داوە لەدوای هەر (الله أكبر)ێك و هەر (سبحان الله)یەك بۆ پڕکردنەوەی بە بیرۆکەیەکی ئیفترازی گونجاو؟

٨- چەند دوگمەی سوور لەم پلاکانەی خوارەوە دەستم پێداناوە لەکاتی نوێژەکەمدا و هەستم کردووە کە وزەکەی گەشتۆتە قوڵایی ناخمەوە و ڕایوەشاندوم و دڵم کەوتۆتە لەرزە بۆی و گریاندومی:

- دوگمەی (إياك نستعين)؟ چەند چرکە کاتم بە خۆم داوە لەدوای ئەم دەربڕینە بۆ ئەوەی جۆری ئەو یارمەتیە ئامادە بکەم کە داوای دەکەم، بۆئەوەی بیهێنمە بەرچاوم شێوەی خۆم و شێوەی ئەو خەڵکانەی کە ئەم داواکارییە دایاندەپۆشێت بەو سیفەتە گشتگیرەی (نستعين)؟

- دوگمەی (التحيات لله)؟ ئەو کاتە چەند بوو کە ئەم درێژکردنەوەیە خایاندی و هەروەها ئەو ڕاوەستانەی دوای خوێندنی ئەم دوو وشەیە، پاشان بەشی دووەمی دەربڕینەکە (والصلوات) و بەشی سێیەمی (والطيبات)...؟ ئەو کاتەی کە من هەوڵمدا کاتێك بە خۆم بدەم و ئەم دیمەنە جوانە بەسەر ڕۆحمدا بێنم: دیمەنی چوونە بارەگای خودا، پاشان سەلامکردن لێی بەو سیفەتەی کە خۆی فێری کردووم، هەستکردن بەخۆشیی سەلامکردن لێی، پاشان هەستکردن بەچێژی وەڵامی خودایی بۆ ئەو سەلامە؟

- دوگمەی (السلام عليك أيها النبي و رحمة الله و بركاته)؟ ئەو کاتە چەند بوو کە خوێندنەوەی ئەم سڵاوە ڕێزدارانەیە خایاندی؟ بەتایبەت ئەو وشانەی کە (مد)یان تێدایە (السلام، الله، بركاته) بەشێوەیەك کە توانیبێتت بەیارمەتی ئەو

بۆشاییە کاتیانەی کە لە (مد – درێژکردنەوە)کاندا هەیە لەگەڵ ئەو بۆشاییە کاتیە سەوزانەی لەدوای ئەم سڵاوە وەک ئەو سڵاوەی کە بەدوایدا دێت، هێنانە بیری چێژی سەلامکردن لە پێغەمبەر (درووی خودای لەسەر) یەکەمجار و هەست کردنی چێژی وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ دووەم جار؟

– دوگمەی (السلام علینا وعلی عباد الله الصالحین)؟ هەستم کردووە لەکاتێکدا کە ئەم سەلامە ڕێزدارانە لە خۆم دەکەم و لەوانە دەکەم کە گرنگن بەلامەوە لە مرۆڤەکانی چواردەورم پاشان لە چەندین نەوە لە بەندە چاکەکان لە زەوی و لە ئاسمان لە هەر کوێیەک بن، لە هەر زەمەنێکدا ژیابن کە چەندین پرژە سڵاوی پیرۆز و پاک دەڕژێت بەسەر من و ئەواندا قوڵایی دەروونی من و ئەوان پاکدەکاتەوە لە هەموو ئەو شتانەی ئازاری من و ئەوانیش دەدات، ئەم جۆرە پرژەی یەکەم لە سڵاو، پاشان پرژەیەکی پاکی تر ڕاستەوخۆ دامدەپۆشێت لەو کاتەی کە ئەو خەڵاتە ڕێزدارانە وەردەگرم لە ئاسمانەوە بەسەر هەر سڵاوێک کە دەیکەم لە سەراپای سەرمەوە تا بنە پێم بۆئەوەی هەموو سەرئێشە یان نەخۆشی یان ماندووبوون یان خەفەت یان دڵەڕاوکێ لابەرێت دووەمجار؟

۹– ئایا توانیومە ئەو ڕکاتە سوننەتانەی کە ئەنجامیان دەدەم ئەو حاڵە فەوتاوانەی لەڕکاتی نوێژە فەرزەکاندا لەدەستم چوون لەو شتانەی کە ئاسمانەکان پڕ بکەینەوە یان بەپێچەوانەوە؟

۱۰– لە کۆتاییدا ئایا سەرکەوتوو بووم لەم ڕاهێنانە تازەیەدا، لە ڕاهێنانەکانی (صبر ـ ئارامگرتن)؟

هەستم کردووە کە وزەیەکی تازەم لە وزەی ئارامگرتن بۆ زیادبووە؟ هەستم نەکردووە کە شتێک لە دەرونمدا گۆڕاوە؟ ڕۆح و ڕەوشت و نەرم و نیانی و ئارامی ئەگەر ئەم گۆڕنکارییە کەمیش بووبێت.

خشتەی ئەو گەوهەرانەی لەدەستت داون لە گەوهەرەکانی نوێژ

١- چەند (الله أكبر)م لەدەستچووە بەبێ ئەوەی بتوانم بەهۆیەوە زاڵ ببم بەسەر هەموو ئەو شتانەی لە نوێژەکەم دوورم دەخاتەوە و بێئاگام دەکات لێی.

٢- چەند ئایەتم خوێندوە بەبێ بیرکردنەوە تێپەڕیوم بەسەریدا، ماناکەیم ئامادە نەکردوە لە دەروونمدا.

٣- چەند تەسبیحات لە ڕکوع و سوجدەکاندا یان چەند دەربڕین و سڵاو وتومنەتەوە لە نوێژەکەمدا وەک بەبەغا و شیرینییەکانم نەچەشتوە و مانا بۆن خۆشەکانم بۆن نەکردوە و کاتە بەتاڵە ئیفترازییە سەوزەکانیم سوود لێ وەرنەگرتوە؟

٤- چەندجار ڕێگەم بە خۆم داوە جلەکانم کۆبکەمەوە لەکاتی دابەزینم بۆ سوجدە بردن، چەندجار دەستم یا ئەندامەکانی تری لەشم جووڵاندووە، جووڵاندنێك کە دەمتوانی نەیکەم بەبێ ئەوەی کاریگەریی دروستبکات لەسەر خشوع و ملکەچیم؟

٥- چەندجار هێڵ و وێنە و ڕەنگەکان و ئەو شتانەی کە لەبەردەممدا بوون لەسەر بەرمالّی نوێژ یان لەچواردەورم بێئاگایان کردووم لەکاتی نوێژکردندا؟

٦- چەندجار کارێکی دنیایی زاڵبووە بەسەرمدا و دووری خستومەتەوە لەوەی کە لەنوێژدا خوێندومە؟

٧- چەندجار بەتوندی بێئاگای کردووم لە نوێژەکەم قسەکردنێکی لاوەکی لەلایەن ئەوانەی لەگەڵمدان لە مزگەوت یان لە شوێنی تر یان دەنگی تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ یان جەرەسی تەلەفۆن یان لەدەرگادان؟

٨- کام هێڵی شەمەندەفەری پێنج نوێژەکە شەمەندەفەرەکەیم لەکیس چووە لە نوێژەکەمدا و لە هێڵەکانی تردا: کات، زمان، لاشە، دڵ و کار ئامادەیی نەبووە؟

٩- لەدوای نوێژەکان: ئایا بەرگرییەکی زیاترم دەستکەوتووە کە هەستبکەم دەمپارێزێت لەو کارانەی پێچەوانەن لەگەڵ ئەوانەی بە چپە لەگەڵ خودادا وتوومن لە نوێژەکەمدا .

١٠-لەدوای نوێژ: ئایا لە خولی عەزیمەت و سەنگینی و ئارامگرتن دەرچوم؟ ئایا چۆن چوینە نوێژەوە ئاوا بەجێت هێشتوە؟

لەکۆتاییدا لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا، کاتێك کە سەر دادەنێیت لەسەر سەرین، دوعاکانی خەوتن دەخوێنیت کە لە پێغەمبەرەوە پشتڕاست و سابت بوون، لەو کاتەدا لەبیرت نەچێت هەوڵبدە کردارێکی حسابی خێرا ئەنجام بدەیت کە خولەکێك زیاتر لە کاتت ناگرێ، هەموو ئەو خاڵانەی کە تۆمارت کردوون بۆ خۆت لە نوێژەکانی ئەو ڕۆژە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان هەیە بە کلیلە سوورەکانەوە، ئەمانە بەراورد بکەی بە ئەوانەی کە تۆمارت کردوون لە ڕۆژی پێشوودا بۆئەوەی بزانی ئایا پەسمەندەکەت زیادبووە و بەرەو پێش چووە یان بەرەو دوا بۆئەوەی بۆ ڕۆژی داهاتوو ئەو کەمتەرخەمییە پڕ بکەیتەوە بۆئەوەی هێڵی ڕوونکردنەوە (الخط البياني)ی خاڵەکانت لەبەرەوپێشچوونی بەردەوامدا بن هەوڵبدە لە کۆتایی هەفتەدا نمرەی کۆتایی هەفتە هەمووی تۆمار بکەیت بۆ خۆت پاشان نمرەی ئەم هەفتەیە و هەفتەی پێشوو بەراورد بکە بۆئەوەی دڵنیا بیت لە پێشکەوتنی بەردەوامدایت لە قازانج و وەبەرهێناندا.

با ژیانت هەمووی نوێژ بێت

ماوەیەک بەبەردەوامی ئەو فەرموودەیەم بە ئەقڵم ئەمدیواودیو دەکرد کە باسی هاتنەخوارەوەی فەرمانی نوێژ دەکات بۆمان کاتێک میعراج کرا بە پێغەمبەری خودا بۆ ئاسمان لەوێ فەرمانە خوداییە بااڵکانی وەرگرت بە تەشریعبوونی نوێژ. لەسەرەتادا وەک پێغەمبەری خودا بۆمان باسدەکات فەرمانە خوداییەکە فەرزکردنی پەنجا نوێژ بوو، پاشان بەبەردەوامی پێغەمبەر داوای لە خودای گەورە دەکرد کە سوکی بکات لەسەر ئوممەتەکەی هەتا خودای گەورە بۆی کردن بە پێنج نوێژ. هەرکاتێک ئەم فەرموودەیە بە مێشکمدا هاتبێت بەبەردەوامی دەمپرسی، پەنگە ئێوەش ئەو پرسیارەتان لا دروست بووبێت، باشە ئەگەر پەنجا نوێژ فەرز بوایە لەسەرمان دەبوو چۆن بووینایە؟ ئایا کاتەکانمان بەشی شتی تری دەکرد بێجگە لە نوێژ؟ کەی بخۆین و کەی بخۆینەوە و بخەوین و کەی هەڵبستین و کەی بخوێنینەوە و بنوسین و قسەبکەین و فێربین و کاربکەین و بینابکەین و زەوی ئاوەدانبکەینەوە و چێژ لە ژیان وەرگرین و هەر یەکێکمان سەردانی کەسوکار و هاوڕێکانی بکات و... هتد؟

بەاڵم کاتێک هەستم بەڕاستیی و نهێنییەکانی نوێژ و سروشتی و ڕۆڵە کاریگەرەکەی لەگەڵ دەرون و لەگەڵ ژیاندا، ئەو کاریگەرییەی لەسەر نوێژخوێن بەجێی دەهێڵێت کاتێک لە نوێژ تەواو دەبێت، بۆم دەرکەوت کە نوێژ ژیانە، ژیانیش بە هەموو دووردرێژیی و وردەکارییەکانیەوە جۆرێکە بەڵکو چەند جۆرێکی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگی نوێژە.

کاتێک لەخەو هەڵدەستیت بۆت دەردەکەوێت هەر زیندوویت و نەمردوویت لە دوای مردنی کەمی خەوتن کە لە ناویدا بوویت، هەست بە چاکەی ئەو کەسە دەکەیت بەسەرتەوە کە لەدوای ئەو مردنە جارێکی تر زیندووی کردیتەوە ئەوە تۆ نوێژ دەکەیت.

کاتێك سەیری دەموچاوی منداڵەکانت دەکەیت یان منداڵی خەڵکانی تر، سەرت دەسوڕمێت لە نهێنی گەشەیان و عەجایبی گەشەی دروستکردن و هەڵسوکەوت و ڕەوشتیان، هەر ڕۆژەو شێوەیەکی نوێ وەردەگرن، لێهاتویی تازە زیاد دەکەن، وشەو دەربڕینی تازە فێردەبن، کەواتە تۆ لە نوێژدایت .

کاتێك کەسوکارت هاندەدەیت لەسەر خێر، بانگیان دەکەیت بۆلای پەروەردگار بەکارزانیی و ئامۆژگاری باش، جا بەقسەت بکەن یان نا، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك کە لە هاوڕێیەکت یان برایەکت یان دراوسێیەکت خۆشدەبیت بەڕاستگۆیی و لە ناخی دڵتەوە لەسەر تاوانێك کە بەرامبەر تۆ ئەنجامیداوە، پاشان تۆ داوای لێبوردنی لێ دەکەیت وەك ئەوەی تۆ تاوانەکەت ئەنجام دابێت، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك کە جوێنێکت پێدەدرێت و بە گوێیەکانی خۆت گوێت لێدەبێت و تۆش وەڵام نادەیتەوە لەبەر خودا، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك دانیشتنێك بەجێ دێڵیت کە گۆشتی براکەتی تێدا دەخورێت بەمردوویی، ناشتوانی پارێزگاری لێ بکەیت یان ڕێڕەوی قسەکەن بگۆڕیت، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك دوعا بۆ نا مسوڵمانێك دەکەیت کە خودا هیدایەتی بدات بۆ ڕێگەی ڕاست، لەبری دژایەتیکردنی و شانبەشانی لەگەڵی و ڕقداگردن لێی، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك ڕەحمەت و سۆزی ئیسلام نیشانی ناو مسوڵمان دەدەیت و لێبوردەیی و نەرمیی و خۆشەویستی و شارستانی و ڕەوشت بەرزیی و ڕوخۆشیی ئیسلام پیشان دەدەیت، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك پارێزگاریی لە سیستەمی ئەو وڵاتە دەکەیت کە تۆ تیایدا دەژیت، تەنانەت ئەگەر وڵاتەکە نامسوڵمانیش بێت، بەچاکی پاداشتی چاکەکانیان دەدەیتەوە، وەفا دەکەیت بەو بەڵێننامانەی کە پێتداون لە ڕوی دارایی و باج و ڕەوشتیەوە، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك له هەموو لایەكەوە هەست بە خراپە و تاوان دەكەیت و بەدڵ پێتناخۆشە و ناتوانی نە بەدەست نە بەزمان لایبەریت، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك پادۆزی (اجتهاد) دەكەیت بۆ پازیكردنی كەسوكارت و پازیكردنی چواردەورت، لە پادۆزیەكەتدا پێكابت یان نا، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك دڵنیا دەبیت لەوەی هەموو كارەكانت لەگەڵ خودا چاك و خێرداره و لە گومانی چاكە بەولاوە بەخودای خۆتی نابەیت چەندە شەیتان خوتخوتەی دڵت بدات بەشتی تر، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك سوپاسی خوا دەكەیت لەسەر ئەوەی پێیداویت و لەسەر ئەو شتانەی كە تاقیكردوویتەوە پێی، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك چاوەكانت دەگریت لەگەڵ ئەوەی كە چواردەورت گیراوە بەهەموو هەڵخەلێندراوەكانی، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك كە ئارامدەگریت لەسەر نارەحەتیەكانی نەخۆشی یان فەقیری یان بەڵا و موسیبەت یان بەرتەسكبوونەوە و ناڕەحەتیەكانی ژیان، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك خوێنێك دابین دەكەیت بۆ نەخۆشێك كە دەتوانی نەیدەیتێ، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك بەشداریی خەم و خەفەت و ئازارەكانی مسوڵمانان دەبیت لە ولاتێك كە ولاتی خۆت نییە ئەگەر تەنها بەدەنگ و هەست و سۆزەكانت یان بە دوعاكانیشت بێت، ئەوە تۆ لە نوێژدایت.

کاتێك سەردانی نەخۆشێك دەكەیت، ئەوە تۆ لە نوێژدایت، باشە ئەی پێغەمبەرەكەت ئامۆژگاری نەكردویت كە دەستنوێژ بگریت بۆ هاوشێوەی ئەم جۆرە نوێژە؟

کاتێك تەسلیم بەخەو دەبیت و لاشەت ئیسراحەتدەكات لە هەوڵ و ماندوبوونەكانی ڕۆژێكی درێژ بۆ خۆئامادەكردن بۆ ڕۆژێكی تازە لە كاركردن و

ئاوەدانکردنەوە، ئەوە تۆ لە نوێژدایت، باشە ئەی پێغەمبەرەکەت ئامۆژگاری نەکردویت کە دەستنوێژ بگریت بۆ هاوشێوەی ئەم جۆرە نوێژە؟

لە کۆتایدا کاتێك لێپێچینەوە لە خۆت دەکەیت پێش خەڵکی سەبارەت بەوەی بۆ خۆتت دەستەبەر کردوە لە پۆژدا و ئەوی بۆتە بارگرانی بەسەرتەوە، ئەوە تۆ لە نوێژدایت. ژیانت هەمووی نوێژە ئەگەر بەچاوی نوێژ لێی بڕوانیت و کارلێك بکەیت لەگەڵ وردەکاریەکاندا وەك نوێژکەر کارلێك دەکات لەگەڵ وشەکان. هەوڵبدە هیچ کام لەو نوێژانەت کە لە بەردەستدان و لە هەر سوچ و قوژبنێکدان لەکیست نەچن چونکە هەریەك لە وردەکاریەکانی ژیان تەنها چەند وشەیەکن کە گوزارشت لە گەورەیی خودای خوڵقێنەر دەکەن و پاك و بێگەردیی بە دەسەلاتیەوە نمایشدەکەن، سوپاسی چاکە و نیعمەتەکانی وێنادەکەن، بەیادهێنەرەوەی بەندەکانیەتی بەوەی کە بەبەردەوامی پووبکەنە ئەو و بیریان دەخاتەوە کە ئەوان لەنوێژی بەردەوامدان ئەگەرچی دەستنوێژیشیان بۆ ئەم جۆرە نوێژانە هەڵنەگرتوە.

هەرگیز توڕەمەبە کاتێك مرۆڤێك خراپەی لەگەڵ کردیت، بەڵکوو بیکە بە تەسبیحات و نوێژ لەو کاتە کەتۆ لەدڵتدا: (سبحان الله) دەکەیت، باشە من و ئەو مرۆڤە هەردوکمان دروستکراوی خودامن؟ چ خامەیەکی گەورەیە کە توانیویەتی کەسایەتی جیاوازانە بەو هەموو بلیۆن مرۆڤە ببەخشێت؟

هەرشتێك کە توشتدەبێت یان گوێت لێدەبێت لە چواردەورت بیکە بە تەسبیحاتی خودا ئەگەر تێشنەگەیت چۆن دیمەنێك یان دروستکراوێك یان ڕەوشتێك بەناشرین لەقەڵەم بدەم کە دروستکراوی خودای گەورەیە، تەنانەت هەورەبریسکەش کە بەخێرای چاوم دەبات و دەنگی هەورەبریسکە کە ناخم دەهەژێنێت و هەموو ئەو شتانەی کە سروشت لەپڕ دەیهێنێتە کایەوە لە تووندوتیژیی و ترساندن و هەڵچوونەکانیەوە، ئەمانە لە دەروونمدا تەنها دەبنە تەسبیحاتی تر کە زیاتر نزیکم دەکاتەوە لە خودا.

لە هەموو جوولّە و وەستان و ڕاوەستان و دانیشتن و خواردن و خواردنەوە و کاسبیکردن و پارە سەرفکردن و گوێگرتن و سەیرکردن و قسەکردن و گومان و بیرکردنەوەکانت، ببە بە بەشێك لەم گەردوونە زیبکرکەر و سوپاسگوزار و خواپەرستە بێوچانە و نوێژکەرە بێ ڕاوەستانە، کەواتە تۆ لە نوێژدایت چەندە لەژیاندا بیت، بۆیە ئەم بناغە زێڕینانە بکە بە دەستورت لە ژیاندا:

– هیچ هەنگاوێك مەنێ لە دەرەوەی ماڵەوەتدا بەمەبستی چاککردنی دنیات تا هەنگاوێك نەنێیت لەگەڵیدا لەناو دەروونتدا بەمەبەستی چاککردنی دواڕۆژت.

– هیچ ئەندامێکی لاشەت مەشۆ لە دەستنوێژگرتن لە پیسی بەشی سەرەوە تا لەگەڵیدا هەندێك لە پیسیەکانی ناوەوەت نەشۆردبێت

– هیچ وشەیەك مەڵێرەوە لە نوێژەکانتدا تا عەزم نەکەیت کە لە دوایدا کردارەکانت پشتڕاستی نەکاتەوە.

– سەرت دامەنەوێنە لە نوێژدا تا دەروونت دانەنەوێنیت وەك ملکەچی ژیانتدا.

– لەمزگەوت دەرمەچۆ بەشێوەی ئەو مرۆڤەی پێش نوێژەکەت چوبێتە ناوبیەوە کەمێك پێش ئێستا.

– خواحافیزی لە مانگی ڕەمەزان مەکە تا خواحافیزی لە تاوانێك نەکەیت لە ژیانتدا و خواپەرستی و تاعەتێك زیاد نەکەیت.

– هیچ چاکەیەك بەدەستە ڕاستت مەبەخشە تا خراپەیەکی بەدەستە چەپت لێ دوورنە خەیتەوە.

– هیچ قوربانیەك کەنزیکت دەکاتەوە لە بەهەشت ئەنجام مەدە تا لەگەڵیدا گوناهێك سەر نەبڕیت کە نزیکت دەکاتەوە لە دۆزەخ.

– هیچ قڕوشێکی زیادە مەکە بەخێر تا بیری خۆت نەهێنیتەوە کە یەکێك لەتاو بەدواگەڕانیدا مردووە بۆ ئەوەی نەجاتی بدات لە سەرمایەك یان نەخۆشییەك یان برسێتیەك.

– هیچ پەرداخێك لێواولێو پڕمەكە كە بزانیت تەنها نیوەیت پێ دەخورێتەوە.

– قەترەیەك ئاو بەفیڕۆمەدە تا بیرت نەیەتەوە كە خەڵكانێك هەن كە تینویانە ڕۆژانە دەخنكێن بۆی.

– هیچ پاروە خواردنێك مەخە دەمتەوە تا بیری خۆتی نەهێنیتەوە كە خەڵكانێك مردون لە بەر بێبەشبوون لێی.

– هیچ پاشماوەی سفرەی نانخواردنێك فڕێمەدە تا دڵنیا نەبیت كە خودای گەورە دەتوانێت بێبەشت بكات لە تەواوی ئەو خواردنانەی لەسەر سفرەكەن.

– نیگەران و تووڕەمەبە بۆ ئەوەی كە پێڵاوێكی شایستەت نیە، چونكە خەڵكانیك هەن هەردوو قاچەكانی نین تا پێڵاوی لەپێ بكات.

– نیگەران مەبە كاتێك پێداویستیەكی ماڵەكەت لەكاردەكەوێت یان پارچەیەكی لە ئەساسی ماڵەكەت دەشكێت، چونكە خەڵكانێك هەن خانوشیان نییە.

– هیچ خوێیەك لە خواردنەكت مەكە تا لەگەڵیدا شیرینیەك نەدەی بە وشەكانت.

– بەخراپی باسی هیچ كەس مەكە تا دڵنیا نەبی كە خەڵكانێكی تر هەن ئاوا بەخراپی باسی تۆش دەكەن.

– هیچ وشەیەكی ناشرین بۆ یەكێك لە دایك و باوكت بەكارمەهێنە چونكە دڵنیابە كە گوێت لە هاوشێوەكەی دەبێت لە داهاتوودا لە منداڵەكەت.

– ئەوانەی خوارخۆت بەكەم و سوك سەیرمەكە تا دڵنیانەبیت كە خوای گەورە دەتوانێت لەو كەمتر و سوكترت بكات لەلای ئەو و خەڵكانی تر.

– داوای لێبوردن لە خودا مەكە تا دەستپێشخەری نەكەیت بە بوردنی ئەوكەسانەی كە خراپەیان كردووە بەرامبەرت.

– ڕێگەمەدە بە چونەژوورەوەی رق و كینە با كەمیش بێت كە لە پەنجەرەی دڵتەوە بێت ژوورەوە تا ڕێگەی چوونەژوورەوەی زۆرێك لە خۆشەویستی والآنەكەی كە بچێتە ژورەوە لە پەنجەرەیەكی ترەوە.

- مەپارێوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشت دەوێن تا لە پێشدا دوعا بۆ ئەو کەسانە نەکەیت کە گومانت هەیە کە خۆشتدەوێت یان گومانت هەیە لەوەی کە تۆیان خۆشدەوێت .

- ئارامگرتنی دوورودرێژ بەقورس مەزانە تا چێژ نەبینیت بەدڵنیاییت لە وەرگرتنی پاداشتی گەورە و پزگاربوونی نزیك، لەکۆتایدا لەبیرتنەچێت کار بکەیت بە وەسیەتی پێغەمبەرە بەخشندەکەت (دروودی خودای لەسەر):

((اعبد الله كأنك تراه واعدد نفسك في الموتى، واذكر الله عند كل حجر وعند كل شجر، وإذا عملت سيئة فاعمل بجنبها حسنة، السر بالسر والعلانية بالعلانية)) {حسنة الألباني في صحيح الترغيب، عن معاذ بن جبل} .

لەدوا ئەمانە، لەبیرت بێت لەگەڵ هەموو نەفەسێکی ژیانت کە ژیانت هەمووی نوێژە لەهەمو حاڵەت و گۆڕانکارییەکانی ژیانتدا دەروونت پاك بێت، وەك پاکیی جەستەی ئەو کەسەی دەچێت بۆ نوێژکردن، پاڵفتەی ڕۆح وەك پاڵفتەی ئەو خوێنەی کە خودا لە دەمارەکانتدا هاتوچۆی پێدەکات سوپاسگوزاری خودای خۆت بە وەك سوپاسی هەر خانەیەك لە خانەکانت و سوپاسی هەر جومگە و ڕەگێك و سوپاسی هەر جوانییەك لە جوانییەکانی لاشەت، بزانە بەڕێوەبردنی باشی نوێژەکانت بەڕێوەبردنی ژیانتە بەچاکی. ئیسلام ڕوکنی یەکەمی پێداویت تا دواڕۆژی خۆتی پێ زامن بکەیت، ڕوکنی دووەمیشی پێداویت تا دونیا و دواڕۆژتی پێ زامن بکەیت.

بشزانە کە من لەو شتانەی کە لەم کتێبەدان بەتەنها مەبەستم بووە کە ببنە کلیلی بچوك کە بەدەستەوە بیانگریت بۆ کردنەوەی خەزێنەکانی هزر و بیرت پێیان بفڕیت لە جیهانەکانی خەیاڵت لەگەڵ خودادا و بچیتە قوڵایی بەحرە دۆزراوەکان لەگەڵ بوونەوەرەکانی خودادا، بەشێوەیەك بۆ هەر یەکەیان کتێبێکی تایبەتت ببێت بۆ چاك بەڕێوەبردنی نوێژەکانت و چاك بەڕێوەبردنی ژیانت.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بواری جیاوازەکانی سەردەمدا.

ئامانجەکانی سەنتەر:

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەردپێدان و پەسەندکردنی روانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتییوون.
- کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە میژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر کارەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.

ئەم کتێبە:

زۆر پێویستە جارێکی تر خۆمان
و پەرستشەکانمان و چواردەورمان بدۆزینەوە،
جارێکی تر خوێندنەوەیان بۆ بکەینەوە، کێ و کوڕەکانمان
لەسەر پەیڕەوێکی هزریی بنیات بنێین کە یارمەتییان بدات لەسەر
دۆزینەوەی چواردەوریان.

لە ژیانی گشتی ئێمەدا، لە دامەزراوە پەروەردەییەکانماندا کۆمەڵێک بابەت
و بەشی جیاجیای پەیوەست بە زانستی کارگێڕی و بەڕێوەبردن هەن و بڵاون کە
گرنگی دەدەن بە لێکۆڵینەوە لە باشترین ڕێگا بۆ وەبەرهێنان لە پڕۆژە پیشەسازی و
بازرگانی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەییەکاندا، بەڵکو گرنگی دەدەن بە سوودوەرگرتن
لە هەموو شتێک کە قازانج و سوود بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکات، ئایا ئێمە هیچ کات
بیرمان لەوە کردۆتەوە کە هەوڵ بدەین بابەتێک یان بەشێک یان تایبەتمەندیەک
دابمەزرێنین لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکاندا کە ببێتە هۆی سوودگەیاندن و
وەبەرهێنانێکی وا کە لە هەموو ئەو پڕۆژانە باشتربن کە باسمانکردن، بۆ دنیا و قیامەت
خێردارتر و بەهرەدارتربن؟ بەشێوەیەک کە هۆکارێکی سەرەکیبن لە سەرکەوتنمان لە
هەموو پڕۆژە دنیاییەکانیشماندا؟ ئەویش بەڕێوەبردنی پەرستشەکانمانە بەشێوەیەکی
باش، دۆزینەوە و کاراکردنەوەیانە جارێکی تر، لەسەروو هەموشیانەوە نوێژکردن؟
کە بەڕاستی وادەیە لەگەڵ خوادا، بەڵام چ وادەیەک! بەڕاستی نوێژ، پەرستشێکە لە
چلەپۆپەی پەرستشەکانە، یان بڵێین لە چلەپۆپەی وەبەرهێنانە دنیاییە—دوارۆژەکانمانە.

ئەم کتێبەش هەوڵێکە بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی ئەو وەبەرهێنانە گەورەیە.

نرخی (٤٠٠٠) دینار